نێچیرڤان بارزانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەکان دەکات نەک لایەنێکی سیاسی



سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانیی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لە ئامانجی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم و شاندەکەی دەکات بۆ تورکیا، هەروەها تەوەری گفتوگۆکانی نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەریەکە لە سەرۆککۆماری تورکیا و وەزیری دەرەوەی تورکیا باس دەکات، سەبارەت بە نەبوونی هەردوو جێگرەکەی سەرۆکی هەرێم لە پێکهاتەی شاندەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی دەڵێت لە ڕاستیدا ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە، لە کەشوهەوای سیاسیی ناوخۆی عێراق و ئەو دیدارەی کە لەبەغدا هەبوو، چەندین دیدار هەبوو لەگەڵ سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆکوەزیران، دواتریش کۆبوونەوەیەکی فراوانیش لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانیش هەبوو.

(زیاتر لە لاپەڕە بخوێنەوە)

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

#ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(6001) سێشەممە 8ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

نەخۆشخانەی سەد قەرەوێلەیی کۆمەڵگەی هیتوتێ بڕی 43 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی نەخۆشخانەی کۆمەڵگەی (هیتوتێ)ی لە قەزای ئامێدی دانا

مەسرور بارزانی: لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ تەواوی دەڤەرەکانی کوردستان بەردەوام دەبین



دوێنێ دووشەممە ٧/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی قەزای ئامێدی کرد و بە ئامادەبوونی پارێزگاری دهۆک، لە گەڵ قائیمقام و بەرپرسانی ناحیەکانی دەڤەرەکە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە مێژووی پڕ سەروەری خەڵکی دەڤەرەکە کرد کە قوربانییەکی زۆریان داوە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا، بۆیە شایستەی خزمەتکردنی زیاترن.

سەرۆکی حکوومەت جەختی لەوە کردەوە کە ئامانجی حکوومەت ئەوەیە بێ جیاوازی خزمەتی هەموو شار و شارۆچکە و گوند و دەڤەرەکانی کوردستان بکات. گوتیشی سەرجەمی قەیرانی دارایی و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام حکومەت بەپێی توانای دارایی بەردەستە، لە جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بەردەوامە و نەوەستاوە . پاشان سەرۆکی حکوومەت بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەکی سەد قەرەوێلەیی لە کۆمەڵگەی هیتوتێ دانا کە دەکەوێتە نێوان دێرەلووك و شیلادزێ کە بڕی چل و سێ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە.

سەرۆکی حکوومەت لە گوتارێکدا جەختی لەوە کردەوە کە حکوومەتی هەرێم حکوومەتی ئێوەیە و لە خزمەتی ئێوەدا دەبێت، پێش هەموو کەس گوتوومانە من و وەزیرەکان و هەموو فەرمانبەرانی حکوومەت خزمەتکاری ئێوەین و گەورەی ئێوە نین، ئێوە گەورەی ئێمەن و نەرکی ئێمەیە خزمەتی ئێوە بکەین.

(دەقی گوتاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ل2 بخوێنەوە)

شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات




فارس عیسا:

ئومێدمان هەیە ئەمجارە هەولێر و بەغدا ڕێکبکەون

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ڕایگەیاند، بڕیارە ئەمڕۆ شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات و دوو پرس لەگەڵ حکوومەتی عێراق گفتوگۆ دەکەن، ئەوانیش بریتین لە بودجە و نەوت.

4

ئەنەکەسە: پەکەکە دەیەوێت بەربەست لەبەردەم گفتوگۆمان دروستبکات



سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا ڕایدەگەیەنێت، ئەنەکەسە و تەڤدەم هەنگاوی باشیان لە دانوستانەکان ناوە، بەڵام پەکەکە دەیەوێت بەربەست لەبەردەم گفتوگۆکاندا دروستبکات، بۆ ئەوەی نەگەنە ڕێککەوتن، چونکە مەرجی ئێمە بۆ ڕێککەوتن ئەوەیە، پێویستە پەکەکە بە هیچ شێوەیەك دەست لە کاروباری ڕۆژئاوای کوردستان وەرنەدات.

4

هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە هەشت بنکەی سەربازیی لە عێراق کشاوەتەوە



گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، مایڵس کاگینز دواهەمین کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی خۆی لەو پۆستەدا ئەنجامدا و دوای کۆنگرەکەش بەرپرسیارێتییەکەی لەگەڵ کۆڵن وەیز ئاڵوگۆڕکرد و بۆ لەمەودوا، کۆڵن وەیز بەرپرسی پێشووی ژووری هەماهەنگی لە هاوپەیانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش وەك گوتەبێژی هێزەکانی هاوپەیمانان دەستبەکار دەبێت.

4

لیوا حەمە ڕێگر:

ئەوانەی پێشتر چەکداری داعش بوون ئێستا حەشدی عەشایرین



فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیادبوونی جۆڵەی داعش لە سنووری کەرکووك بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە داعشەکانی پێشوو خۆیان وەك حەشد تۆمار کردووە و دەڵێت، بە شەو داعشن و بە ڕۆژ چەکداری حکوومەتی عێراقن.

4



دوای گەڕانەوەیان بۆ نیشتیمان، ئەمیر و ئەمیرە سەردانی (لالش)یان کرد

7

نەخۆشخانەی سەد قەرەوێلەیی کۆمەڵگەی هیتوتێ بڕی ٤٣ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی نەخۆشخانەی کۆمەڵگەی (هیتوتێ)ی لە قەزای ئامێدی دانا

دوێنێ دووشەممە ٧/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی قەزای ئامێدی کرد و بە ئامادەبوونی پارێزگاری دهۆک، لە گەڵ قائیمقام و بەرپرسانی ناحیەکانی دەڤەرەکە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە مێژووی پڕ سەروەری خەڵکی دەڤەرەکە کرد کە قوربانییەکی زۆریان داوە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا، بۆیە شایستەی خزمەتکردنی زیاترن.

سەرۆکی حکوومەت جەختی لەوە کردەوە کە ئامانجی حکوومەت ئەوەیە بێ جیاوازی خزمەتی هەموو شار و شارۆچکە و گوند و دەڤەرەکانی کوردستان بکات. گوتیشی سەرپەرای قەیرانی دارایی و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام حکومەت بەپێی توانای دارایی بەردەست، لە جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بەردەوامە و نەوەستاوە . پاشان سەرۆکی حکوومەت بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەکی سەد قەرەوێلەیی لە کۆمەڵگەی هیتوتێ دانا کە دەکەوێتە نێوان دێرەلووک و شیلادزێ کە بڕی چل و سێ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە.

سەرۆکی حکوومەت لە گوتارێکدا جەختی لەوە کردەوە کە حکوومەتی هەرێم حکوومەتی ئێوەیە و لە خزمەتی ئێوەدا دەبێت، پێش هەموو کەس گوتوومانە من و وەزیرەکان و هەموو فەرمانبەرانی حکوومەت خزمەتکاری ئێوەین و گەورەی ئێوە نین، ئێوە گەورەی ئێمەن و ئەرکی ئێمەیە خزمەتی ئێوە بکەین.

ئەمەش دەقی گوتاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە:



بناڤێ خودێ یێ مەزن و دلوڤان

ئامادەبوویێن هێژا و قەدرگران، هوین هەموو بخێر بێن سەرچاڤان. ئەز خۆ زۆر ب بەختەوەر دزانم کو جارەکا دی ژی خودێ دەلیڤە دامە سەرەدانا ڤێ دەڤەرێ بکەین. ڤێ جارێ ژبۆ داناتا بەرێ بنیاتێ ژبۆ ڤێ نەخۆشخانێ کو دێ ژ ئالیێ هەردوو کومپانییێن (ڤینس و کورك) هێتە بجیئینان. هیڤیدارم لسەر ئاستەکێ جیهانی و ل دەمەکێ گەلەکێ نێزیك، ئەڤ نەخۆشخانە بهێتە ئاڤاکرن ژبۆ هندێ پتر خزمەتا خەلکێ ڤێ دەڤەرێ بکەت.

د بەرنامەییێن حکومەتێ دا، مە گەلەك گرنگی دایە هندێ کو فەرمانگەهێن حکومی و خزمەتگوزاری، بگەهنە هەموو ناوچە و دەڤەرێن هەرێما کوردستانێ داکو خەلك نەچار نەبیت بۆ نەخۆشییەکێ یان ژی ژبۆ بڕیڤەبەرنا کارێن خۆ سەرەدانا سەنتەرێ پارێزگەهێ یان باژێرێن مەزن بکەن. ژ بەر ڤێ چەندێ ژی، مە بڕیار دا ب ئاڤاکرنا نەخۆشخانەیەکی بۆ ڤێ دەڤەرێ چونکی دەڤەرەکا بەرفەهە و خەلکەکێ گەلەك قەرەمان و تێکوشەر، ب سالان خەبات ل ڤان جهان کریە ژبۆ رزگارکرنا ڤێ دەڤەرێ و نها ژی دەمێ هندێ یە خزمەتا خەلکێ ڤێ دەڤەرێ بکەین هندی مە پێچێبیت، و ئەگەر خودی دەلیڤێ بدەت ب ئانەهیا خودێ تەخسیریێ ناکەین.

ئەڤ پرۆژەیە ئێکە ژ وان پرۆژەیان کو مە لبەرە ژ بۆ ڤی دەڤەرێ و هەموو دەڤەرێن دی یێن دویرەدەست ئەنجام بدەین.

مخابن هەر پشتی دەستپێکرنا کارێ کابینەیێ، ئەم تویشی هندەك قەیرانان بووین، و ئێك ژ ڤان قەیرانان نەخۆشییا پەتایا کۆرۆنایێ یە، و پشتی هنگی کێشەو قەیرانێن ئابووری کو تووشی هەرێما کوردستانێ بوونە هەر وەکوو تووشی گەلەك ژ دەڤەرێ دی و جیهانێ بووین. لێ ئەڤان قەیرانان ئەم نە راگرتین، رەنگە وەکوو پێدڤی و وەکوو مە دخواست، مە نەکاری زوو ژ ڤان پرۆژەیان جیبی بکەین کو دەلیڤە نەبوو چونکی پێدڤی بوو ئەم هەموو بزاڤان بکەین ژبۆ روو ب روبوونا ڤان قەیرانان و کونترۆلکرنا ڤێ نەخۆشییا ڤایرۆسا کۆرۆنایێ. لێ ئەگەر خودێ دەلیڤێ بدەت دێ دبەردەوام بین لسەر جیبجیکرنا ئەڤان پرۆژەیان ل هەموو ناوچە و دەڤەرێن دی یێن هەرێما کوردستانێ.

ژبۆ ڤێ دەڤەرێ ئەڤە نە پرۆژەیێ بتنێ یە، و ئەڤرۆ مە جڤینەك هەبوو لگەڵ بەرێز پارێزگاری دهۆکێ و قایمەقامی ئامیدیێ و رێڤەبەرێن ناحیێن شێلادزێ و دێرەلووکێ و بامەرنێ و سەرسنکی و چەمانکێ و ڤێ دەڤەرێ هەموویێ، مە کومبوون ئەنجام داین ومە بەحسی پێدڤی و داخوازییێن خەلکێ ڤێ دەڤەرێ یێ کری و ئەگەر خودێ فەرسەندی بدەت یا مە پێچێ ببیت تەخسیریێ ناکەین ژبۆ بجهئینان داخوازییێن وان. ئەز حەز دکەم بزانن کو جەنابێ سەرۆکی گەلەك پێ خۆشە خزمەتا ڤی دەڤەرێ بهێتەکرن، و هەر وەکوو هوین ژی دزانن کو جەنابێ وی بخۆ گەلەك یێ ل ڤان دەڤەران بووی ل سەدەرمێ پێشمەرگایەتیێ دا و دزانیت قەدر و بەهایێ ڤێ دەڤەرێ چەندە و ئەم یێن تەلکیفکرین و ژبەر وی چەندێ ژی، مە لیژنە یێن پێك ئینان کو بهێن و سەرەدانا دەڤەرێ بکەن داکو بزانن کا پێدڤییێن خەلکێ ڤێ دەڤەرێ چنە داکو ئەم بێخینە د بەرنامێ کارێ حکومەتێ دا و بجهبینین، و ئەگەر خودی حەز کەت، دێ قویناغ ب قویناغ ئەو داخوازی و پێدڤییێن هەوە جێبجێ کەین. رەنگە دەم پێ بڤێت هەتا هەموویان ئەنجام بدەین، و ل دەسپێکێ مە بریار دا ل ناحیا شێلادزێ دەستپێ بکەین و ئەو داخوازییێن هاتینە پێشکەشکرن، ئینشاللا دێ هەموویان جێبجی کەین هەر وەکوو وان ڤییای.

ئەز حەز دکەم لڤێرە، ئامادێ ب بابەتەکێ زۆرێ گرنگ بدەم. ئەز حەز دکەم خەلکێ ڤێ دەڤەرێ بزانیت کو هوین خۆشتەڤییێن مە نە ئەم قەدرو بەهایێ هەوە دزانین و ئەم دزانین کا هەوە چەند شەهید داینە و چەند زەحمەتی و خەبات کریە و ئەڤ وەڵاتە لسەر دەستێن هەوە یێ هاتییە رزگارکرن و ئاڤەدانکرن. ئەز حەز دکەم بزانن کو هوین خودانێن ڤێ دەڤەرێ نە و ئەو کەسێن دخوازن یان بووینە ئەگەر کو ئەڤ دەڤەرە نە هێنە ئاڤەدانکرن و جارەکا دی دهێن و داخوازێ ژ هەوە دکەن داکو هوین گازندان ل حکومەتێ و دەزگەهێن ئیداری و میری بکەن کو دەستێ ئاڤەدانیێ نەگەهشتییە دەڤەرا بادینان. ئەز حەز دکەم هوین پرسیارێ لێ بکەن کا هوکار و ئەگەر چنە؟. ئەو کەسێن بوویە ئەگەرێ ئاڤەدان نەکرنا ٨٠٠ گوندان، پیدڤێ یە وازی ژ هندێ بینن کو خەلکی هان دەدەن و ئەگەرێن دی ڤەبیین بۆ ڤان ئاریشێن ئەڤ دەڤەرە پێ تووش بووی. یان کەسەکی خەما ئێکگرتنا وەڵاتی نەبیت و ئاخڤتنا بکەت و خەلکی بلڤینیت، ئەز حەز دکەم هوین ب خۆ بەرسڤا وان بدەنەڤە، ئاخڤتنێن سڤك و ئەرزان گەلەك دزڤرن، لی ئاخڤتنێن ب کردار دکێمن. رەنگە ئەم زۆر نە ئاخڤین، بەلی ئەو تشتێ ئەم دبێژین، دێ بۆ هەوە جیبجی کەین. ئەز حەز دکەم وی چەندێ ژی بزانن، باشترین کەس ئەگەر حەز بکەت خزمەتا هەوە بکەت دێ ئەو کەس بیت یێ تۆڤێ دووبەرەکیێ دناڤ هەوە دا نە چینیت. ئەو کەسێن داخوازا دوو بەرەکیێ و نە تفاقیێ و نە خۆشی دناڤ هەوە دا بەڵاڤ بکەت، باوەر بکەن چ هیڤی نینە کو رۆژەکێ بشێن خزمەتا هەوە بکەن. حکومەتا هەرێمێ حکومەتا هەوەیە، یا دخزمەتا هەوە دا، بەرییا هەموو کەسەکی من یێ گۆتی ئەز و هەموو وەزیر و هەموو فەرمانبەرێن حکومەتێ، ئەم خزمەتکارێن هەوینە و ئەم مەزنێن هەوە نینە، هوین مەزنێن مەنە و ئەرکێ مە یە ئەم خزمەتا هەوە بکەین.

خوشك و برایێن هێژا،

من دڤێت ئەز دیسان ئاماژێ ب بابەتێ نەخۆشیا کۆرۆنایێ بدەم، ل دەستپێکی مە هەموو هەوڵ و بزاڤ دان داکو ئەڤ نەخۆشییە بهێتە کونترۆلکرن و پێنگاڤێن زۆر یێن باش ژی هاتنە هاڤێتن، لی مخابن ئەو بابەت ژی کرە سیاسی و هەتا ل دژی حکومەتی ژی هاتە بکارئینان و هندەکا هاندانا خەلکی دکر دگۆتە جەماوەرێ کوردستانێ گوهێ خۆ نەدەنێ و چ بنیات بۆ نینە، و ئەنجام، ئەگەر هوین نها بەری خۆ بدەنێ، کێ باجا ڤان ئاخڤتنا داڤە، هەوە خەلکی ب خۆ باجا وان ئاخڤتنا داڤە و کەسوکارێن هەوە یێن نەخۆش دبن و مخابن چەندان گیانێ خۆ یێ ژ دەست دای. داخوازا من ل هەوە ئەوە، و هیڤیێ ل وە دکەمن هوین خۆ خۆ بپارێزن چونکی ڤێ گافێ ئەڤ ڤایرۆسە یا بەڵاڤ بووی و بتنێ رێککرتن بۆ کونترلکرنا ڤی ڤایرۆسی ئەوە هوین خۆ خۆ بپارێزن. ل سەرەدانکرنا ئێکودوو، ل بەرچاڤگرتنا دانعەمران، کەسوکار و خۆشتەڤییێن خۆ و خەلکێ دی. هیڤیدارم خۆ بپارێزن، هیڤیدارم هوین هەموو دسەلامەت بن، دتەندروست و ساخلەم بن، و ئەگەر خۆدی دەلیڤێ بدەتە مە، یا مە پێ چێبیت، ئەم ژی تەخسیریێ ناکەین ل خزمەتکرنا هەوە. گەرمە ئەز چییێ دی دەمی هەوە ناگرم، و جارەکا دی سوپاسییا هەوە دکەم بۆ ئامادەبوونا هەوە، ئینشاللا هەر دسەرکەڤتی و تەندروست و تەمەن دریژ بن

سەرۆکی حکوومەت پێشوازی لە دایکی دوو شەهید دەکات


حکوومەتی هەرێم خزمەتکردنی زیاتری کەسوکاری شەهیدان بە ئەرکێکی لە پێشینەی خۆی دەزانێت



دوێنێ دووشەممە ٧/٩/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ قەزای ئامێدی، پێشوازی لە خاتوو میسری خان مستەفا کرد کە دایکی دوو شەهیدە لە شەڕی ڕووبەڕوونەوەی تیرۆریستانی داعش کە لەگەڵ نەوەیەکی پێشمەرگەی هاتبوو بەناوی بێوار ئەحمەد کە لە شەڕی پردێ بە سەختی بریندار ببوو.

سەرۆکی حکوومەت ستایشی قوربانیدان و خۆڕاگری کەسوکاری شەهیدە سەربەزەکانی کوردستانی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە خانەوادەکەیان نموونەیەکە لە سەدان خانەوادەی دەڤەرەکە کە قوربانی زۆریان بۆ گەل و نیشتیمان داوە .

گوتیشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خزمەتکردنی زیاتری کەسوکاری شەهیدان، بە ئەرکێکی لە پێشینەی خۆی دەزانێت.





سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانیی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: سەرۆکی هەرێم سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم و شاندەکەی دەکات بۆ تورکیا، هەروەها تەوەری گفتوگۆکانی نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەریەکە لە سەرۆککۆماری تورکیا و وەزیری دەرەوەی تورکیا باس دەکات، سەبارەت بە نەبوونی هەردوو جێگرەکەی سەرۆکی هەرێم لە پێکهاتەی شاندەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی دەڵێت لە ڕاستیدا ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە، لە کەشوهەوای سیاسیی ناوخۆی عێراق و ئەو دیدارەی کە لەبەغدا هەبوو، چەندین دیدار هەبوو لەگەڵ سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆکوەزیران، دواتریش کۆبوونەوەیەکی فراوانیش لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانیش هەبوو، بۆ بەشداریکردنی هەردوو جێگری سەرۆکی هەرێم کە لە یەکێتی و گۆڕاندان پێویست بوو کە بوونیان هەبێت، بەڵام لە ئاستی دیدارە نێودەوڵەتییەکان عورفێک یاخود یاسایەک و ڕێنماییەک نەبووە کە ئەو هاوسەنگییە هەبێت، نێچیرڤان بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا دەکات وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا هەیە، نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکوو لە سووریا هەیە لە لوبنان هەیە، کۆمەڵێک گرفت و کێشە لە ئاراداان لە دەریای ناوەڕاستدا، ئەوانە هەموو کۆمەڵێک کێشەن، ئەوانەش قسەوباسیان لەسەر کرا.

هەروەها ئەوەشی گوت: قسەوباس لەسەر ئەوە نەکراوە کە چی بکرێت یاخود وەکو مینۆیەکی ڕیستۆراتێك لە پێشت دابندرێت و هەڵبژێریت، هەموو ئەو بابەتانە بەلای ئێمەوە و وڵاتان و ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە گرنگە هەرلایەك بۆچوونی خۆی هەبێت لەسەر مامەڵەکردنی ئەو گرفتانە و ئەو بابەتانە.

ئەو جۆرە دیدارانە لە ڕابردوودا هەبوون و شتێکی تازە و نامۆ نییە بەتایبەتیش لەکاتێك هەندێك گۆڕانکاری لە ناوچەکە پێشبینی دەکرێن، بارودۆخی ناوچەکە مەسەلەی وزەیە، مەسەلەی ئابووری و ئاسایش و سەقامگیرییە، ئەوانە هەموو بابەت کە زیاتر بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، هەوڵ بدرێت کە ئەگەر هاتوو پێشهاتی چاوەڕواننەکراو بێتە پێش بەلایەنی کەمەوە ئاسایشی ناوچەکە بپارێزرێت، لە بواری ئابووریشەوە دەرفەت هەیە زیاتر ئەو بواڕە بەرەو پێشەوە ببەین، بێگومان دیدار و گفتوگۆی زیاتر لە ئاستی خواڕەوە بە مەبەستی گفتوگۆکردنی هەندێك لەو بیروڕایانەی کە لەوێ ئاڵوگۆڕ کران، سەفین دزەیی وای گوت.

پرسی پەکەکە

سەفین دزەیی سەبارەت بە هەواڵی میدیاکانی تورکیا کە ئامادەیان بەوەکرد بابەتی سەرەکی کۆبوونەوەکانی شاندی هەرێم و تورکیا باسکردن بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی پەکەکە، بۆچوونی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە، دزەیی گوتی: ئێمە لەو باوەڕدایین کە پەکەکە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بوونی لەو ناوچانە هەبووە هەر ئەوەشە بۆتە مایەی دەردەسەری بۆ خەڵکی سیڤیل بە تایبەتی لە دوای ساڵی ۱۹۹۱، کۆچڕەوەکە، خەڵکەکان بوون. گوتیشی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشتکراوە بە فەرمی بۆ تورکیا، مەبەست ئەوە نییە بڵێین فەرموو لەسەر ئەو بابەتە قسەتان لەگەڵ دەکەین، مەبەست لەوەیە ئەو گۆڕانکارییانە کە گۆڕانکارییەکی بەرچاو و خێرا لە ناوچەکەدا هەیە، نەك تەنیا لە عێراق، بەڵکوو لە سووریا هەیە لە لوبنان هەیە، کۆمەڵێك گرفت و کێشە لە ئاراداان لە دەریای ناوەڕاستدا، ئەوانە هەموو کۆمەڵێك کێشەن، ئەوانەش قسەوباسیان لەسەر کرا.

هەروەها ئەوەشی گوت: قسەوباس لەسەر ئەوە نەکراوە کە چی بکرێت یاخود وەکو مینۆیەکی ڕیستۆراتێك لە پێشت دابندرێت و هەڵبژێریت، هەموو ئەو بابەتانە بەلای ئێمەوە و وڵاتان و ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە گرنگە هەرلایەك بۆچوونی خۆی هەبێت لەسەر مامەڵەکردنی ئەو گرفتانە و ئەو بابەتانە.

ئەو جۆرە دیدارانە لە ڕابردوودا هەبوون و شتێکی تازە و نامۆ نییە بەتایبەتیش لەکاتێك هەندێك گۆڕانکاری لە ناوچەکە پێشبینی دەکرێن، بارودۆخی ناوچەکە مەسەلەی وزەیە، مەسەلەی ئابووری و ئاسایش و سەقامگیرییە، ئەوانە هەموو بابەت کە زیاتر بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، هەوڵ بدرێت کە ئەگەر هاتوو پێشهاتی چاوەڕواننەکراو بێتە پێش بەلایەنی کەمەوە ئاسایشی ناوچەکە بپارێزرێت، لە بواری ئابووریشەوە دەرفەت هەیە زیاتر ئەو بواڕە بەرەو پێشەوە ببەین، بێگومان دیدار و گفتوگۆی زیاتر لە ئاستی خواڕەوە بە مەبەستی گفتوگۆکردنی هەندێك لەو بیروڕایانەی کە لەوێ ئاڵوگۆڕ کران، سەفین دزەیی وای گوت.

نێچیرڤان بارزانی لە سیفەتی سەرۆکی هەرێم سەردانی تورکیای کردووە

لە سەرەتای وتووێژەکەدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەشڵێت: سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا یەکەم سەردانی نییە، لەڕابردووش بە سیفەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یاخود ئەم ساڵانەی دواییش بەتایبەتی ئێستاش بە سیفەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشتکرابوو، دیداری لەگەڵ وەزیری دەرەوە و سەرۆککۆماری تورکیا هەبووە.

سەفین دزەیی ڕونیکردەوە ڕاستەخۆ لەلایەن سەرۆککۆمارەوە بانگهێشتکرابوو بۆ دیدارێك و ڕاستەوخۆش دوای ئەو دیدارانەی کە لە بەغدا ئەنجامی دابوو لەگەڵ سەرۆك ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا و سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆکوەزیرانی عێراق. باوەڕ ناکەم نە فەرەنسا و نەوڵاتێکی تر چاوەڕوانی ئەوە بکەن ئەگەر کێشەیەك لەنێوان فەرەنسا و تورکیا هەبێت، هەرێمی کوردستان یەکێکیان هەڵبژێرێت.

-فەرەنسا دەیەوێت هەولێر و بەغدا پەیوەندییان هەبێت

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا چەندە کاریگەری دەبێت لەسەر پشتگیری فەرەنسا لە کورد وەك هەندێك پێیانوایە کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت؟ سەفین دزەیی گوتی؛ هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکە کە ڕاگرتنی هاوسەنگی و باڵانسی سیاسی لەگەڵ دراوسێکان شتێکی پێویستە، باوەڕ ناکەم نە فەرەنسا و نەوڵاتێکی تر چاوەڕوانی ئەوە بکات ئەگەر کێشەیەك لەنێوان فەرەنسا و تورکیا هەبێت، هەرێمی کوردستان یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەپێچەوانەوە هەموو لایەك پاڵپشتی ئەوەبوون کە هەرێمی کوردستان پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ وڵاتانی دەروبەر و بەتایبەتی دیالۆگێکی جددی لەنێوان هەولێر و بەغدا هەبێت ئەوە هەڵوێستی فەرەنسا بووە.

نێچیرڤان بارزانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک سەرۆکی هەرێم بەشداری کۆبوونەوەکان دەکات نەک لایەنێکی سیاسی



هەڵوێستی فەرەنسا ئەوەیە دیالۆگێکی جددی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەبێت

دەبێت پەکەکە پێداچوونەوەیەک بەخۆیدا بکاتەوە

لەبارەی ئەوەی ئایا ڕووبەڕووی پەکەکە دەبنەوە وەك هەرێمی کوردستان؟ سەفین دزەیی گوتی ئەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لایەنە سیاسییەکان بە دیراسەیەکی ورد بڕیاری لەسەر دەدەن، بێگومان ئێمە لایەنگری توندوتیژی و شەڕ و پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی نین، لە ڕابردوو ئەو ئەزموون کراوە، بەڵام لە هەمانکاتیش ناکرێت خاکی هەرێمی کوردستان بەکاربێت لەلایەن هێزێك دژی دراوسێیەك، نە عورف و نە سیاسەت و نە دیپلۆماسییەت و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان ڕێگە نادات جا بەرانبەر تورکیا بێت یان بەرانبەر ئێران بێت.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بەنیازن وەك هەرێمی کوردستان بینە نێوانگیری تورکیا و پەکەکە؟ بەرپرسی فەرمانگەی دەرەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم گوتی لە ڕابردوو هەوڵ لەئارادابوو، پرۆسەی ئاشتی دەستپێکرد بەڕادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بوو، بەداخەوە دوایی هەندێك ئاستەنگ هاتنە پێش. لە سەرەنجامدا ئێمە باوەڕمان بەوە هەبووە هەمیشە پێویستە بە دیالۆگ و بە ڕێگەی ئاشتیانە گرفتەکان چارەسەر ببێت، بەڵام کەشوهەوای ئێستا لەوانەیە بەرانبەر بە پەکەکە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە ناگەیەنێت ئەو گرفتە بە تووندوتیژی یاخود بە ڕووبەڕووبوونەوە چارەسەر بێت.

سەفین دزەیی باسی داخستنی ئاسمانی تورکیا و عێراق بەڕووی پەکەکە و دەڵێت ئەوە بابەتێکی دوولایەنەیە، هەردوولایان پێویستە بەغدا و ئەنقەرە بگەنە بڕیار، لە ساڵی ۲۰۰۸ عێراق و تورکیا ڕێککەوتنێکیان هەبوو کە هاوڵاتییانی هەردوو وڵات بەبێ ڤیزا بتوانن سەردانی وڵاتەکان واتە هاوڵاتی تورکی کە دێتە فڕۆکەخانەکانی بەغدا یان هەولێر و سلێمانی یاخود دەروازەکانی سنووری ڕاستەخۆ داخل بێت و ڤیزای پێ بدرێت بە هەمان شێوەش بۆ هاوڵاتییانی عێراقی، بەڵام لە ساڵی ۲۰۱٦، تورکیا سیستەمی ڤیزای گۆڕی،پێویستبوو هاوڵاتییانی عێراقی بە ڤیزا داخلی تورکیابن چوار ساڵ بەسەر ئەو بڕیارە تێپەڕ بوو تازە عێراق بەو بڕیاردا چۆتەوە و بڕیارەکە دەبووایە دوولایەنە بێت، مادام هاوڵاتی عێراقی ڤیزایان لێ داوە پێویستە هاوڵاتی تورکیش بە ڤیزا داخل بێت، ئەوە گرفتێکی لەنێوان هەردوولا دروست کرد، بەڵام لەو باوەڕەدام لە داهاتوویەکی نزیکدا هەندێك گفتوگۆ لەنێوانیاندا دروست دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

گونجاو نەبێت بۆ پرۆسەیەکی لەمجۆرە دەستپێبکات، بەڵام لە داهاتوو چی دەبێت هیوادارین کەشوهەوایەکی وەها بێتە کایەوە دوور لە گرژی و توندوتیژی و گرفتەکان چارەسەر بکرێت.



ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە ٣ی ئاسایی خۆی بەڕێوە ببات و یەکێک لە خاڵەکانی دانیشتنەکە تایبەتە بە سوێندخواردنی پاڵێوراو عومەر عەبدوڵڵا فەتاح محەمەد لە شوێنی ئەندامی پەرلەمانی دەستەکارکێشاوە سۆران عومەر سەعید، ئەمەش بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی گشت ئەندامانی پەرلەمان کردووە بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی دووەم، لە کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ سێشەمە ٨/٩/٢٠٢٠ ئامادەی دانیشتنەکە بن.

شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

فارس عیسا: ئومێدمان هەیە ئەمجارە هەوڵێر و بەغدا ڕێکبکەون





سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ڕایگەیاند، بڕیارە ئەمڕۆ شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات و دوو پرس لەگەڵ حکوومەتی عێراق گفتوگۆ دەکەن، ئەوانیش بریتین لە بودجە و نەوت. فارس عیسا، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە بڕیارە ئەمڕۆ شاندی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە هەمان شاندی ڕابردووە، سەردانی بەغدا بکات و لەو سەردانەدا گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەکات لەبارەی دوو تەوەری گرنگ، ئەوانیش پرسی بودجەی هەرێم لە پڕۆژەیاسای بودجە و پرسی نەوتن، بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و ئەم جارە ئومێدمان هەیە ڕێککەوتن بکرێت.

فارس عیسا گوتیشی، هەر کاتێک ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر بودجە و نەوت کرا، دواتر ئەو ڕێککەوتنە لە پڕۆژەیاسای بودجەدا جێگیر دەکرێت، کە ئێستا کار بۆ ئامادەکردنی بودجەی ساڵی داهاتوو دەکرێت و کوردیش لە ئامادەکردنیدا بەشدارە.

چەند ڕۆژێکە جموجۆڵی داعش لە سنووری کەرکووک زیادی کردووە

لیوا حەمە ڕێگر: ئەوانەی پێشتر چەکداری داعش بوون ئێستا حەشدی عەشایرین



فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیادبوونی جوڵەی داعش لە سنووری کەرکووک بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتەوە کە داعشەکانی پێشوو خۆیان وەک حەشد تۆمار کردووە و دەڵێت، بە شەو داعشن و بە ڕۆژ چەکداری حکوومەتی عێراقن.

لیوا حەمە ڕێگر، فەرماندەی فەرماندەیی کەرکووک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: ماوەی چەند ڕۆژێکە جوڵەی چەکدارانی داعش لە سنووری کەرکووک زیادی کردووە، یەکەم هۆکاری زیادبوونی داعش لە کەرکووک بۆ نەبوونی هێزی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە، بەڵام هۆکاری دیکەش هەن، لەوانەش هەبوونی شانەی نوستووی داعش لە کەرکووک، چونکە داعش هەر لە کەرکووک ماوە و کۆتاییی نەهاتووە.

فەرماندەکەی هێزی پێشمەرگە دەشڵێت: ئێمە کە لە سنووری کەرکووک بووین زۆربەی خەڵکی ناوچەکانی حەویجە و قەزا و ناحیەکانی دیکەی عەرەبی سوننە و تورکمان داعش بوون، ئێستا هەموویان کراونەتە حەشدی عەشایری و حەشدی تورکمانی و پرچەک کراون و ئۆتۆمبێلی سەربازییان پێ دراوە.

لیوا حەمە ڕێگر جەختی کردەوە: ئەو چەکدارانە بە ڕۆژ لە ناوچەکەدا دەگەڕێن وەک حەشد و بە شەویش بە ناوی داعش کردەوەی تیرۆریستی بەڕێوە دەبەن، واتە ئەوانەی پێشتر داعش بوون دوای هاتنی هێزی عێراقی بۆ ناوچەکانیان لە ڕێگەی سەرۆکی عەشیرەتەکانیانەوە بە حەشد تۆمار کراون.

کۆڕۆنا بەڵام هێشتا خەڵک و خێزانەکان دەیانەوێت ژیانیان ئاسایی بکەنەوە.

مایڵس کاگینز سوپاسنامەی تایبەتی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هاوپەیمانیشی گەیاندە خەڵکی سۆفیل و پەیامێکی ڕاگەیاند و گوتی بەناوی فەرماندەی گشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە دەمەوێت هاوکاری بەردەوامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیتان بۆ دووپات بکەمەوە، ئەمە بۆ خەڵکی هەموو عێراق و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاش.

مایڵس کاگینز ڕاشیگەیاند لە سەرەتای ٢٠٢٠وە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە هەشت بنکەی سەربازیی لە عێراق کشاوەتەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە هێزە عێراقییەکان و پێشمەرگە سەلماندوویانە کە لە شەڕی دژبە پاشماوەکانی داعش سەرکەوتوون.

دەربارەی ڕۆڵی نوێی هێزەکانی هاوپەیمانیش لە عێراق و هەرێمی کوردستان گوتی ئێستا ئێمە کاری ڕاوێژی خۆمان لە سەنتەرەکانمان لە هەولێر و بەغدا ئەنجام دەدەین، ئەم سەنتەرانە زۆر گرنگن ئێستا ئەوەی بەغدا لەکارداید و لە هەولێریش خەریکی دامەزراندنی سەنتەرێکی ڕاوێژکاری تایبەتین بە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە هاوبەشی کاربکات لەگەڵ ئەو سەنتەرەی کە لە بەغدا هەیە، پێکهاتەی سەنتەرەکانمان لە ڕاوێژکاران و ڕاهێنەرانی ١٥ وڵات پێکهاتووە، ئێستا لە بەرەکانی شەڕ و لەسەر زەوی پێویست بەبوونی سەربازانی ئێمە ناکات شەڕ بکەن، چونکە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار لە پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەن کە دەتوانن داعش سەرکوت بکەن، ڕاشیگەیاند شەڕی دژ بە داعش شەڕێکی زۆر سەخت بوو، ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و هێزەکانی دیکە شەهید بوون بە هەزارانیش بریندار بوون، ئێمە هەرگیز ئەوانە لەبیر ناکەین کە گیانی خۆیان بەخشی لەپێناوی ئەوەی خەڵکی سڤیل ڕزگار بکەن، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕێز و پێزانینی زۆری هەیە بۆ ئازایەتی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش، ئێستا زۆرێک لە منداڵی ئەم ناوچەیە تەنیا شەڕ دەزانن، ژمارەیەکی زۆر منداڵی بێ باوک هەن، بەڵام هیوایەک هەیە هەموو شتێک تەنیا تاڵی و ناسۆرییەکانی ڕابردوو نییە، سەرەڕای قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا، هێشتا خەڵک و خێزانەکان دەیانەوێت ژیانیان ئاسایی بکەنەوە.

مایڵس کاگینز سوپاسنامەی تایبەتی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هاوپەیمانیشی گەیاندە خەڵکی سۆفیل و پەیامێکی ڕاگەیاند و گوتی بەناوی فەرماندەی گشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە دەمەوێت هاوکاری بەردەوامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیتان بۆ دووپات بکەمەوە، ئەمە بۆ خەڵکی هەموو عێراق و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاش.

مایڵس کاگینز ڕاشیگەیاند لە سەرەتای ٢٠٢٠وە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە هەشت بنکەی سەربازیی لە عێراق کشاوەتەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە هێزە عێراقییەکان و پێشمەرگە سەلماندوویانە کە لە شەڕی دژبە پاشماوەکانی داعش سەرکەوتوون.

دەربارەی ڕۆڵی نوێی هێزەکانی هاوپەیمانیش لە عێراق و هەرێمی کوردستان گوتی ئێستا ئێمە کاری ڕاوێژی خۆمان لە سەنتەرەکانمان لە هەولێر و بەغدا ئەنجام دەدەین، ئەم سەنتەرانە زۆر گرنگن ئێستا ئەوەی بەغدا لەکارداید و لە هەولێریش خەریکی دامەزراندنی سەنتەرێکی ڕاوێژکاری تایبەتین بە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە هاوبەشی کاربکات لەگەڵ ئەو سەنتەرەی کە لە بەغدا هەیە، پێکهاتەی سەنتەرەکانمان لە ڕاوێژکاران و ڕاهێنەرانی ١٥ وڵات پێکهاتووە، ئێستا لە بەرەکانی شەڕ و لەسەر زەوی پێویست بەبوونی سەربازانی ئێمە ناکات شەڕ بکەن، چونکە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار لە پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەن کە دەتوانن داعش سەرکوت بکەن،



گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، مایڵس کاگینز دواهەمین کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی خۆی لەو پۆستەدا ئەنجامدا و دوای کۆنگرەکەش بەرپرسیارێتییەکەی لەگەڵ کۆڵن وەیز ئاڵوگۆڕکرد و بۆ لەمەودوا، کۆڵن وەیز بەرپرسی پێشووی ژووری هەماهەنگی لە هاوپەیمانیتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش وەک گوتەبێژی هێزەکانی هاوپەیمانان دەستبەکار دەبێت.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا کە لە بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بەڕێوەچوو، مایڵس کاگینز ڕایگەیاند لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوو ٧ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس و ١١٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە زەویان لەژێر دەستی داعش ڕزگار کردووە لە سووریا و عێراق و لەو ماوەیەش تاوەکو ئێستا زیاتر لە ٣٠ هەزار هێزشی ئاسمانییان لەو ناوچانەدا ئەنجامداوە. مایڵس کاگینز گوتیشی: لەسەر زەویش هێزەکانمان هاوکاری زۆری هێزە عێراقییەکان و پێشمەرگەی کردووە لەڕووی ڕاهێنان و ڕاوێژ و هاوکارییەوە.

کۆڵن وەیز دەبێتە گوتەبێژی هێزەکانی هاوپەیمانان:

هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە هەشت بنکەی سەربازیی لە عێراق کشاوەتەوە

مایڵس کاگینز: هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ڕێز و پێزانینی زۆری بۆ ئازایەتیی پێشمەرگە هەیە

ئەنەکەسە دوو مەرجی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ تەقْدەمدا هەن

ئەنەکەسە: پەکەکە دەیەوێت بەربەست لەبەردەم گفتوگۆمان دروستبکات



سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا ڕایدەگەیەنێت، ئەنەکەسە و تەقْدەم هەنگاوی باشیان لە دانوستانەکان ناوە، بەڵام پەکەکە دەیەوێت بەربەست لەبەردەم گفتوگۆکاندا دروستبکات، بۆ ئەوەی نەگەنە ڕێککەوتن، چونکە مەرجی ئێمە بۆ ڕێککەوتن ئەوەیە، پێویستە پەکەکە بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروباری ڕۆژئاوای کوردستان وەرنەدات.

سعوود مەلا، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەیەوە گوتی: دانوستانەکانی نێوان تەقْدەم و ئەنەکەسە بەردەوامن و هەنگاوی باشیشیان بڕیوە، بەڵام پەکەکە دەزانێت ئەگەر هەردوولا بگەنە ڕێککەوتن ئەوکات هیچ ڕۆژئاوا لە ڕۆژئاوای کوردستان نامێنێت، کە ئێستا ڕۆژئاوای سەرەکییان لە ڕۆژئاوای کورستان هەیە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت بەربەست لەبەردەم دانوستانەکان دروست بکەن، بۆ ئەوەی نەگەنە ڕێککەوتن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا گوتیشی: ئێمە دوو مەرجمان هەیە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ تەقْدەم، کە پێویستە هەر ڕێککەوتنێک بکرێت، دوور بێت لە دەستوەردانی پەکەکە و لە ڕۆژئاوای کوردستان دووربخرێنەوە، جگە لەوەش چارەنووسی سەرکردەکانی ئێمە کە دیار نین، ئەوانیش ئاشکرا بکرێن، کە کۆمەڵێک سەرکردەی دیاری ئێمەن.



داعش فەرماندەیەکی باڵای حەشدی شەعبیی کوشت

حەشدی شەعبی ڕایگەیاند لەمیانی بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی تیرۆریستی لە پارێزگای دیالە ڕۆژهەڵاتی عێراق، فەرماندەی لیوای ٢٨ی حەشدی شەعبی کوژراوە.

حەشدی شەعبی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە تیرۆریستانی داعش هێرشیانکردووەتەوە سەر هێزەکانی لیوای ٢٨ لە ناوچەی قولای باکووری قەزای خانەقین و هێزەکانی حەشدی شەعبی بەرپەرچی هێرشەکەیان داوەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە دوای بەرپەرچدانەوەی هێرشەکە، تیرۆریستانی داعش هەڵاتوون و ئاماژە بەوەیش دراوە کە لە ئاکامی هێرشەکەدا، فەرماندەی لیوای ٢٨ی حەشدی شەعبی، حوسێن ڕەزاق مەیاحی کوژراوە.



قۆناغی دووەمی بایۆمەتری دەستپێدەکات

جێگری سەرۆکۆمارانی هەرێمی کوردستان، قوباد تاڵەبانی بڕیاری دا بە ڕەچاوکردنی ڕێکارە یاساییەکان دەست بە تۆمارکردنی ئەو موچەخۆرە شایستانە بکرێت کە هێشتا لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمار نەکراون.
جێگری سەرۆکۆمارانی هەرێمی کوردستان، قوباد تاڵەبانی سەرپەرشتی کۆبوونەوەی قۆناغی دووەمی لیژنەی باڵای بایۆمەتری کرد.
بەپێی هەواڵێکی نووسینگەی ڕۆژنامەوانیی جێگری سەرۆکۆمارانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەکەدا کە وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم، ئاوات جەناب ئامادەی بوو، گفتوگۆ لەبارەی دەستپێکردنەوەی جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی بایۆمەتری کرا بە ئاراستەی بەرجەستەکردنی حکوومەتی ئەلیکترۆنی بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای زانیاری لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی حکوومەت و فراوانکردنی پرۆگرامەکە تا بواری دیکەیش بگرێتەوە و ببێتە یارمەتیدەرێکی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی کردارەکی چاکسازی و بە ئەلیکترۆنیکردنی دامودەزگاکانی حکوومەت و هێنانە کایەی شێوازێکی نوێی خزمەت و حوکمڕانیی دروست.
لە کۆبوونەوە بڕیاردراوە کە لیژنەیەك بۆ بەردەوامیدان بە پاککردنەوەی لیستی موچەخۆران و یەکلاکردنەوەی فرەموچەی نایاسایی پشتبەستوو بە یاسایی چاکسازی پێکبهێنرێت و بۆ ئەو مەبەستەیش فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و وەزارەتی دارایی بۆ جێبەجێکردنی بەم ئەرکە ڕاسپێردران.
ئاماژە بەوەیش کراوە کە جێگری سەرۆکۆمارن بڕیاری دا بە ڕچاوکردنی ڕێکارە یاساییەکان دەست بە تۆمارکردنی ئەو موچەخۆرە شایستانە بکرێت کە هێشتا لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمار نەکراون. هەروەها بڕیاردراوە کە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاسانکاری لە پرسی تۆمارکردن و دیاریکردنی فەرمانبەرانی تۆمارکردن بکات، بۆ ئەوەی تەنیا ئەو موچەخۆرانە تۆمار بکرێن کە یاساییین و تۆمارنەکراون و بڕیار لەسەر تۆمارکردنیان دەدرێت.

ئەلمانیا.. ژمارەیەک کورد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان و خۆگونجاندن بەربژێرن

نادر دۆغاتی: هەڵبژاردنی ئەمجارە دەنگ و ڕەنگی کورد لە ئەڵمانیا زیاتر دەکات

ئەم هەڵبژاردنە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ڕەوەندیی کورد تا بتوانن خزمەتی کورد بکەن




ساسان دەروێش – ئەڵمانیا

ڕۆژی ١٣ی ئەیلوولی ٢٠٢٠ لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا هاوواڵتییانی شار و گوندنشینەکانی هەرێمی نۆردراین لە ئەڵمانیا – فێستفالن واڵاتی ئەڵمانیا دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی بەربژێرەکان بۆ ئەنجوومەنی شارەوانییەکان و ئەنجوومەنی خۆگونجاندن، کە خۆشبەختانە بۆ ئەم خولەی هەڵبژاردنە بەربژێرێکی زۆری کورد بەشداربن و بۆ یەکەمجارە بەو ڕێژە گەورەیە بەشداربن،
لە چەند ساڵی ڕابردوودا کوردێکی زۆری هەر چوارپارچەی کوردستان ڕوویان لە زیادبوون کردووە لە واڵاتی ئەڵمانیا، بەتایبەتی زۆرینەی کوردستانیان لەم هەرێمە کۆبوونەتەوە و لەنێو شار و شارۆچکەکان نیشتەجێبوون و بەپێی وزە و تواناکانی خۆیان توانیویانە لەنێو ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و کولتووری و سیاسی ئەو واڵاتە بەهەمانگی لەگەڵ ئەڵمانەکان و نەتەوە جیاوازەکانی تر ڕۆڵی گرنگ ببینن لە خۆگونجاندن و بەم شێوەیەش زۆرینەیان بوونەتە خاوەن بڕوانامەی بەرز و کار و هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو واڵاتە و بەمەش مافی دەنگدانیان بۆ دروستبووە کە بتوانن نوێنەرایەتیان هەبێت لە کورسییەکانی هەردوو ئەنجوومەن کە بتوانن خزمەت بە ڕەوەندی کوردستانی بکەن و لە کێشەکانیان بەشداربن، بۆ زانیاری زیاتر نادر دۆغاتیە یەکێك لەو هەموو بەربژێرەی کورد کە هەیەتی لە شارەکان لە شاری مونستەر بۆ خەبات قسەی کرد.

گرنگی ئەم هەڵبژاردنە بۆ کورد

نادر دۆغاتی باسی لەبارەی گرنگی ئەم هەڵبژارد بۆ کورد، تایبەت بە خەبات گوتی: واڵاتی ئەڵمانیا لە شانزە هەرێمی یەکگرتوو، دەوڵەتی فیدراڵی پێك دێنن، دەستووری ئەو واڵاتەش بەشێوەیەکی چڕوپڕ بوارەکانی کار و دەسەڵاتەکانی هەرێمەك لە دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمەکانی دیاری دەکات، بەپێی بنەمای سەروەری دەوڵەت و دابەشبوونەکان، لە هەموو بارەکاندا هاوواڵتییان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی هەرێمەکان یاخود ئەو لایەنە کارگێڕییەی کە نوێنەرایەتی ئەو دەسەڵاتە دەکات، دەستووریش لە پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایە ئامانجی جێبەجێکردنی کردارەکی چاکسازی و بە ئەلیکترۆنیکردنی دامودەزگاکانی حکوومەت و هێنانە کایەی شێوازێکی نوێی خزمەت و حوکمڕانیی دروست. لە کۆبوونەوە بڕیاردراوە کە لیژنەیەك بۆ بەردەوامیدان بە پاککردنەوەی لیستی موچەخۆران و یەکلاکردنەوەی فرەموچەی نایاسایی پشتبەستوو بە یاسایی چاکسازی پێکبهێنرێت و بۆ ئەو مەبەستەیش فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و وەزارەتی دارایی بۆ جێبەجێکردنی بەم ئەرکە ڕاسپێردران.
ئاماژە بەوەیش کراوە کە جێگری سەرۆکۆمارن بڕیاری دا بە ڕچاوکردنی ڕێکارە یاساییەکان دەست بە تۆمارکردنی ئەو موچەخۆرە شایستانە بکرێت کە هێشتا لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمار نەکراون. هەروەها بڕیاردراوە کە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاسانکاری لە پرسی تۆمارکردن و دیاریکردنی فەرمانبەرانی تۆمارکردن بکات، بۆ ئەوەی تەنیا ئەو موچەخۆرانە تۆمار بکرێن کە یاساییین و تۆمارنەکراون و بڕیار لەسەر تۆمارکردنیان دەدرێت.



کۆکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی نێوان دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمی فیدراڵی دەپێکێ، ئەمەش بەڕاستی دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ڕەوەندی کوردستانیان بتوانن لەو ناوەندە سیاسییە کاری خۆیان ڕاپەڕێنن و خزمەتی ڕەوەندی کوردستانیان بکەن، کە خۆتان دەزانن لەم هەرێمە نزیکەی ١٨ ملیۆن کەس دەژین و زۆرینەی کوردیش لەم هەرێمە کۆبوونەتەوە و دەژین، بە نافەرمی نزیکەی یەك ملیۆن و دووسەد هەزار کورد لە ئەڵمانیان، ئەمەش سەرمایەکی گەورەیە، ئەگەر بەباشی بەکاریان بهێنن و گرنگی ئەم هەڵبژاردنە دەنگ و ڕەنگی کورد زیاتر دەکات لە خۆناسین، ئێمەش وەك هەموونەتەوەکانی تر کە بەشدارن لە بڕیاردان لە ئەنجوومەنەکان، خاوەنی کورسی خۆمان بین لە بازنەی شارەکاندا ئەوەتا وەك شاری خۆمان لیستی کوردستانمان پێکهێناوە کە زیاتر لە دە کەسی کوردن و باقی بیانی بەناوی کەشتی نوح و لیستی ژمارە ٥ داوای پشتیوانی دەکەین کە دەنگمان پێببەدن و بگەینە کورسییەکان کە لەم شارە تا ئێستا هیچ کورسییەکی نییە کورد و ٤٦ هەزار بیانی مافی دەنگدانیان هەیە و لە ساڵی ١٩٩٤وە ئەنجوومەنی خۆگونجاندن پێکهێناوە و ٨ کورسی هەیە بە هیواین بتوانین ئێمەش وەك کورد ببینە خاوەنی چەند کورسییەك بۆ خزمەتکردنی ڕەوەندی کوردستانی.

هەڵبژاردن لەم هەرێمە بۆ داهاتووی کورد پڕ خێرە

هەروەها نادر دۆغاتی تیشکی خستە سەر گرنگی شارەکان و داهاتووی کورد و گوتی: ئەگەر بەوردی بڕوانینە هەرێمەك لە شارەکانی ئەم هەرێمە پڕن لە خێروخۆشی و کورد دەتوانێت لەم دەرفەتەدا هەلی کار و خوێندن بڕەخسێنێت بۆ نەوەکانیان، ئەمەش بە هەبوونی کورسیی کورد لە شارەوانییەکان، هەرێمی نۆردراین – ڤێستفالن،
پایتەخت: دوسڵدۆرفە و ژمارەی دانیشتووانی بریتییە لە ١٧,٩٩٦,٦٢١ کەسن و ڕووبەرەکەشی بریتییە لە ٣٤,٠٨٥,٢٧ کیلۆمەترە. کۆڵن: ئەو کاتدرانییە گەورەیەی (کلێسا مەزنەکانی سەردەمی ناوەڕاست) کە تیایدایە، بۆن: یەکەم پایتەختی ئەڵمانیای فیدراڵی، دوسڵدۆرف: پایتەختی ویلایەت و شاری مۆدە، ئاخن: پایتەختی ئەورووپا لە سەردەمی شا (کارڵی مەزن)، دویسبۆرگ: گەورەترین دەربەندی ناوخۆیی لە ئەورووپا لەخۆ دەگرێت، کریفیلد: شاری حەریر، بیلیفیلد: شاری کەتان، لەگەڵ هەردوو شاری گەورەی ناوچەی (ڕۆر) ئێسن و دۆرتمۆند. لێرە گەورەترین کۆبوونەوەی پیشەسازی ئەڵمانیا دەبیندرێت، لەم شارانەشدا دەکرێ گەشەسەندنی پیشەسازی ئەڵمانیا بخوێندرێتەوە، هەردوو کەرتی خەڵوز و کانزاسازی لە پاشەکشەکردندان و پیشەسازییەکانی میکانیکی و تەکنیکی باڵاش لەگەشەسەندنا،

بەربژێرانی کورد لە چاوەڕوانی دەنگدەرانی کوردستانییانن

لە کۆتایشدا نادر دۆغاتی داوای لە دەنگدەرانی کوردستانییان کرد بەرەو سندوقی دەنگدان بچن لە ١٣ی ئەیلوول ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو و گوتی: هیچ کات وەك ئێستا لە هیچ واڵاتێکی ئەورووپی ئەم دەرفەتەی بۆ کورد نەخوڵقاوە لەم هەموو بەربژێرەی کە هەیەتی گوناحە دەنگدەری کوردستانی دەنگ بە کوردەکان نەدەن کە لە چاوەڕوانی هیممەتی یەکترین بۆ سەرکەوتنی ناوی کورد و کوردستان، بۆیە ڕۆژی ١٣ی ئەیلوول بە کەرنەڤاڵی خۆشی بەرەو سندوقی دەنگدان هەنگاو ببڕن و دەنگ بە کورد بدەن لە هەموو شارەکان کە زیاتر لە دووسەد بەربژێری کورد بوونیان هەیە و بەهیوام خۆشی و شادی دوای ئەم هەڵبژاردنە ساز بکەین بەسەرکەوتنی ناوی کورد لە هەرێمەکەمان.



ئەوان خوایان خۆشدەوێت و ئێمەش لە خودا دەترسین!

مەریوان نەقشبەندی

د. ڕۆجەر کە لە وێنەکەدا دەردەکەوێت کەسایەتییەکی مەسیحی میانڕۆیە و پڕۆفیسۆرە لە بواری زانستە مرۆییەکان و سەردەمێکیش وەك قەشە لە یەکێك لە کەنیسەکانی ئەمەریکا کاری کردووە و خێزانەکەشی ماوەیەك لە کوردستان لە قوتابخانەی (میدیا)ی ئەهلی وانەی ئینگلیزی گوتۆتەوە، د.ڕۆجەر جگە لەوەی ئێوارەیەك لە باخچەی ماڵەکەی خۆی لەسەر سنووری (ئەمەریکا–کەنەدا)داوەتی کردین و ئیعجابێکی زۆری بۆ کۆمەڵگە موسڵمانەکان و ڕێزێکی زۆرتری بۆ باوەڕدارانی ئایینی ئیسلام لە هەرێمی کوردستان هەبوو، لە یەکێك لە ڕۆژەکانی یەکشەممە لەگەڵ ئێمە ئامادەی نوێژ و وتاری کەنیسە بوو، ئامادەبووان و سەرپەرشتیارانی کەنیسەکە زۆر باش د.ڕۆجەریان دەناسی، بۆیە کاتێك بینیان داوایان لێکرد چەند ئامۆژگارییەك پێشکەش بکات، د.ڕۆجەر سەرەتای قسەکانی بەبوونی چەند موسڵمانێك لەناو کەنیسەکەدا دەستپێکرد و لەگەڵ بەخێرهاتنیان گوتی: شەیتان دەیەوێت مرۆڤەکان کە خوای گەورە هەموویانی دروستکردووە هەمیشە لە شەڕ و دژایەتی یەکتربن، لە ڕاستیدا مرۆڤ ٣ جۆرن، بەشێکیان بڕوایان بەخوا نییە، بەشێکیان لە خودا دەترسن، بەشەکەی دیکەشیان خوایان خۆشدەوێت، د. ڕۆجەر ڕونی نەکردەوە کێن ئەوانەی خوایان خۆشدەوێت و کێن ئەوانەی لە خودا دەترسن، بەڵام گوتی: هەر سێ جۆرەکەی مرۆڤ دروستکراوی خوای گەورەن و نابێ فەرامۆشی هیچ گرووپێکیان بکرێت، ئەم قسەیەی د. ڕۆجەر زۆر کاریگەریی لەسەر دروست کردم و شەو لەسەر جێگاکەم هەتا نوێژی بەیانی خەوم لێنەکەوت و بەردەوام بیرم لە قسەکانی دەکردەوە، ئەوەی لەڵام شرۆڤەبوو ئەوەیە کە د. ڕۆجەر ویستی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بە ئێمەی موسڵمان و مەسیحییەکانی ناو کەنیسەکە بڵێت: تاکە جیاوازی نێوان موسڵمان و مەسیحی ئەوەیە موسڵمانەکان لەدوای کۆتایهاتنی حوکمڕنی خەلیفەکانی ئیسلامەوە بەهۆی جیازای بیرکردنەوە و بەرژەوەندییە دنیاییەکان گۆڕانکارییەکی فیکریان بەسەر ئەو ناوچانەدا هێنا کە فتوحاتی ئیسلامی تێدا دەکرا، وا خەڵکی ئەو شوێنانەیان فێر کرد کە هەمیشە لە خودا بترسن و لەسەر بنەمای ئەو ترسە ژیان بونیاد بنێن و زۆرجار خۆشەویستیەکانیشمان هەر لە ترسان بێت، بەڵام مەسیحییەکان هەڵسوکەوت و بڕیارەکانیان و هەرچی لەپێناو ئایینەکەیان دەیکەن هەموویان بە خۆشەویستی خوا بونیاد دەنێن، لە لای مەسیحیە ڕەسەن و ڕاستەقینەکان شتێك نییە ناوی ترسان لە خودا بێت، بەڵکو گریان و پێکەنین و بڕیارە دروست و نادروستەکانیان هەمووی بەخۆشەویستی خوا دەکەن، بەڵام زۆرجار مامۆستایانی ئاینی ئیسلامی و بیرمەند و شەرعزانە ئیسلامییەکانی ئێمە کە بەداخەوە بەشێکی زۆریان هەڵگری هەمان ڕۆشنبیری ترساندنی عەرەب و تورك و فارسن، لە ترسی خوای گەورە خۆیان و ئێمەش دەگرینەن، لە دوعا و پارانەوە دەمانگرینەن و بەردەوام دەمانترسێنن.
زۆرجار هەموو موژدەکانی ناو قورئانی پیرۆز فەرامۆش دەکەن و بەئاگری قیامەت و زۆرجاریش بەتۆڵەی دنیایی خوای گەورە دەمانترسێنن، بوارێکی زۆر کەم بۆ خۆشەویستی خوای گەورە و بیرکردنەوە لە خۆشەویستی دەهێڵنەوە و هەمیشە هاجسی ترس لە دۆزەخ و سووتان بە ئاگری دۆزەخ لە دەروونماندا دەڕوێنن، ئەمە هۆکاری ئەو فیکر و ئیجتیهادە تونداڕەیە کە هەندێ جار مرۆڤەکان بەناوی ئیسلامەوە دەیکەن و دەیدەبڕن و ئەو بواڕە گەورەیەی موژدەبەخشی ناو قورئانی پیرۆزمان لێ بەرتەسك دەکەنەوە، کەواتە با لەمەودوا بگەڕێینەوە سەر پەیامی خۆشەویستی و موژدەبەخشییەکانی ئیسلام و لە خۆشەویستی خوا چاکە بکەین و هەر بە خۆشەویستی خوای گەورە و پەیامە پیرۆزەکەشی لە خراپە دووربکەوینەوە.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەستگیرکردنی ١٥ تۆمەتباری ڕاگەیاند

وەزارەتی ناوخۆی عێراق، دەستگیرکردنی ١٥ کەسی بەتۆمەتی ئەنجامدانی زنجیرەیەك تاوان لە پارێزگای بابل ڕاگەیاند، زیاتر گوتی ئەو ١٥ کەس بەتۆمەتی ئەنجامدانی زنجیرەیەك تاوان لەوانە کوشتن و بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەرەکان لە پارێزگای بابل ناوەڕاستی عێراق دەستگیرکراون.
لە ڕاگەیەندراوێکدا، وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی پۆلیسی بابل زنجیرەیەك هەڵمەتیان بە ئامانجی دەستگیرکردنی ژمارەیەك کەسی داواکراو لە پارێزگاکە ئەنجامداوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لەمیانی هەڵمەتەکاندا، ١٥ کەس بەتۆمەتی ئەنجامدانی زنجیرەیەك تاوان لەوانە کوشتن، بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەرەکان، فێڵکردن، دەستدرێژی و سەرپێچکردنی یاسا دەستگیرکراون.
ئاماژە بەوەیشدراوە کە سەرجەم دەستگیرکراوان بەمەبەستی تەواوکردنی ڕێوشوێنە یاساییەکان لە بەرانبەریاندا، گواستراونەتەوە بۆ بنکەکانی ئەمنی و دەستبەسەرکراون.

لێکۆڵینەوە لە ئاراستەکردنی مووشەك بۆ سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا دەستپێکرد



فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە بە ئامانجی دیاریکردنی ئەو لایەنەی کە کەمتەرخبووە لە بەرانبەر ئاراستەکردنی مووشەکی کاتیوشا بۆ سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا.
شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە لەسەر فەرمانی سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، مستەفا کازمی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە بە ئامانجی دیاریکردنی ئەو لایەنەی کە کەمتەرخبووە لە بەرانبەر ئاراستەکردنی مووشەکی کاتیوشا بۆ سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا.
ڕۆژی یەکشەممە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی ڕایگەیاندبوو، سێ مووشەکی کاتیوشا کە لە ناوچەی زەیتوون سەر بە قەزای ئەبو غریب ڕۆژئاوای بەغدا ئاراستەکرابوون لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا، کەوتوونەتەخوارەوە.

پڕۆژەی بەدووسایدکردنی ڕێگای هەولێر . گوێڕ



پڕۆژەی بەدووسایدکردنی ڕێگای سەرەکیی هەولێر- گوێڕ کەوتووەتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕیش دەڵێ، پڕۆژەکە بۆ هەولێر و گوێڕ گرینگە، لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی فراوانی کشتوکاڵی و پیشەسازیی لەسەرە.

مەسعوود نووری، بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «ڕێگای سەرەکیی نێوان هەولێر- گوێڕ، ڕێگایەکی سەرەکییە، بەڵام یەکسایەتی و قەرەبالغییەکی زۆری لەسەرە، چونکە گوێڕ ناوچەیەکی گرینگە لە ڕووی پیشەسازی و کشتوکاڵەوە، ئەمەش وای کردووە زۆرترین هاتوچۆی لەسەر بێت، ئێمە هەوڵمان دا بکرێتە دووساید و پڕۆژەی دروستکردنی سایدی دووەمیش کەوتووەتە واری جێبەجێکردنەوە».

بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕ دەشڵێت: «پڕۆژەی بەدووسایدکردنی ڕێگای سەرەکیی هەولێر- گوێڕ، درێژییەکەی ٣٥ کیلۆمەترە و بە گوژمەی ٢٠ ملیار دیناری عێراقی جێبەجێ دەکرێت».

نووری، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: «ماوەی پڕۆژەکە یەك ساڵ و حەوت مانگە و دوای تەواوبوونی کاریگەری لەسەر بزاوتی بازرگانی و هاتوچۆ دەبێت لە نێوان گوێڕ و هەولێر، چونکە جگە لەوەی دەیان گوند دەکەونە سەر ڕێگاکە، بە هۆی گرینگیی دەڤەرەکە، ژمارەیەکی زۆر بارهەڵگر ڕۆژانە هاتوچۆ دەکەن و زۆر جاریش بووەتە هۆی دروستبوونی ڕووداوی هاتوچۆ».

سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر پێکهاتوون، کارەکەیان ئاڵۆزە، بۆیە تەنیا کاریان ئەوەیە زەویییە کارتەکان بکەنە سەنە. سەبارەت بە یەکەکانی نیشتەجێبوونیش، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر گوتی «بۆ نموونە یەکەکانی نیشتەجێبوونی دەروازەی شار و ئیمپایەر مامەڵەکانیان تەواو بوون، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا بەشێکی زۆریان نەهاتوون ئەو یەکانە بەناوی خۆیان بکەن. ئێمە لە ڕێگەی کەناڵەکەتانەوە ئاگاداری خاوەنانی ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون دەکەین سەردانی ئەو وەبەرهێنەرانە بکەن و سەنەدەکانیان لێ وەرگرنەوە و بەناوی خۆیانی بکەن».

عەبدولواحید ئەحمەد ئاشکراشی کرد، «دوای یەک دوو ڕۆژ ناوی گشت ئەو یەکانە بڵاودەکەینەوە، کە کارەکانیان تەواو بوون».

هەولێر.. 6 هەزار پارچە زەویی کارت تاپۆ دەکرێن



لە هەولێر چەند لیژنەیەک دامەزراون بۆ ئەوەی مامەڵەی هاوڵاتیان بۆ تاپۆکردنی زەویییە کارتەکانیان خێرابکرێت، لەم چوار چێوەیەشدا دەستکراوە بە تاپۆکردنی ٦هەزار پارچە زەویی کارت.

بەگوێرەی وتەکانی عەبدولواحید ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر لەدوای کۆبوونەوەی ٥-٥-٢٠٢٠ـی ئەنجوومەنی وەزیران، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەت کە داوای کرد زەویە کارتەکان بەزووترین کات بکرێنە سەنەد، ئێمە چەندین لیژنەمان دانا، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی تاپۆی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتووکاڵ، تاوەکو بتوانین ئەو ڕێکارانە ئەنجامبدەینەوە».

١٢٥ هەزار زەویی کارت هەیە، کە بەسەر هاووڵاتییاندا دابەش کراون و تائێستا ٦٥ هەزاریان تاپۆ کراون، ئێستا بەڕێوەبەرایەتیی تاپۆی دوو، خەریکی بەسەنەدکردنی شەش هەزار زەویی کارتە.

لیژنەکان لە: بەڕێوەبەراتی گشتیی کشتووکاڵ، تاپۆی یەک، تاپۆی دوو، دەشتی هەولێر و عەنکاوە و ئەنجوومەنی وەزیران، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەت کە داوای کرد زەویە کارتەکان بەزووترین کات بکرێنە سەنەد، ئێمە چەندین لیژنەمان دانا، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی تاپۆی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتووکاڵ، تاوەکو بتوانین ئەو ڕێکارانە ئەنجامبدەینەوە».

ڕێککەوتنامەییەکی لێکتێگەیشتن لە نێوان زانکۆی سەلاحەدین و کۆمپانیای (Mitsubishi) واژووکرا



پ. د. جەوهەر فەتاح سەعید سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆدا، پێشوازی لە د. نەبیل کەشات نوێنەری کۆمپانیای (Mitsubishi) ژاپۆنی کرد. لە دیدارێکدا نوێنەری کۆمپانیای ناوبراو ئامانجی سەردانەکی خستەڕوو، کە مەبەستیانە سکولەرشیپ بدرێت بە ژمارەیەك قوتابی کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین. بۆ ئەم مەبەستە ڕێککەوتنامەییەکی لێکتێگەیشتن لە نێوان سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و نوێنەری کۆمپانیای **Mitsubishi** واژوو کرا. لە کۆتایی دیدارەکەدا سەرۆکی زانکۆ ئەم هەنگاوەی کۆمپانیای ناوبراوی بەرزنرخاند و دووپاتی کردەوە پشتگیری هەر جۆرە پڕۆژەو هەنگاوێك دەکات کە خزمەت بە قوتابیان و ڕەوتی زانست بکات.

پرسەنامەی بارەگای بارزانی

بەڕێز، کاك فەلاح مستەفا،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك(یوسف مستەفا بەکر)ـی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی بەڕێزت و خانەوادە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو کاکە(یوسف)ـی براتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئۆقرەیی و ئارامیش بە ئێوە و خزم و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

بەرپرسێکی باڵای یەکگرتووی ئیسلامی بە کۆرۆنا گیانی لەدەستدا



دوای مانەوەی مانگێک لە نەخۆشخانە، شەوی ڕابردوو بەرپرسی لقی دووی برایانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی سەر بە مەڵبەندی دووی ئەو حیزبە لە هەولێر، بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا. لقی دووی برایانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەولێر لە ڕاگەیێندراوێکدا بڵاویکردەوە: «مامۆستا تارق شێرکۆ، بەرپرسی لقەکەمان دوای تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و مانەوەی بۆ ماوەی مانگێك لەژێر چاودێریدا، لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا».

بەپێی دواییین ئاماری وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، تائێستا ٣٢ هەزار و ٢١٠ کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیە ٢٠ هەزار و ٤٩٢ تووشبوو چاکبوونەتەوە. هەروەها هەزار و ٢٠٧ تووشبوو گیانیان لەدەستداوە. هەر بەپێی ئامارەکە ١٠ هەزار و ٥١١ کەس هێشتا ڤایرۆسەکە لە جەستەیاندا چالاکە.

سلێمانی.. پابەندنەبوون بەڕێنماییەکان و داخرانی دوو کافیتێریا

بەهۆی پابەند نەبوون بەمەرج و ڕێنماییەکانی کارکردن و هەبوونی نەوجەوان لەشوێنەکەیاندا، لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی دو کافتریا دادەخات.

دوێنێ دووشەممە، لیژنەی ریستۆرانتی سەر بەلیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی، لە ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی شەوی ڕابردوی خۆیاندا، نوسیویەتی: بەهۆی پابەند نەبون بەمەرج و ڕێنماییەکانی کارکردن و جێبەجێ نەکردنی مەرجەکانی تەندروستی و ڕێکارەکانی خۆپارێزی، لیژنەکە هەردوو کافتریای (پریسج) لەشەقامی سالم و (شەوانی شار) لە شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود لەشاری سلێمانی داخەخات.

لاوانی دەشتی هەولێر لە هەفتەیەکدا شەش هەزار دەمامکیان دابەش کرد



خەبات:تریفە ئازاد

ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەڵمەتێکی هەفتەی هۆشیاری لە بارەی بەکارهێنانی دەمامك ڕاگەیاند: لە سنووری ناوەندی باڵای دەشتی هەولێر لە گشت قەزاو ناحیەکانی (دارەتوو,بنسلاوە,کەسنەزان,شاویس ,پیرزین, پیرمام) چەندین بازگە لە سنورەکە توانیان (٦٠٠٠٠) دەمامك پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەن. لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات سەفین کاویس بەرپرسی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوان گوتی: مەبەست لە ڕاگەیاندنی ئەم هەڵمەتە بۆ ئەوەبوو کە ڤایرۆسی کۆرونا تەشەنەی کردووە پێویست بوو هاووڵاتیان زیاتر هۆشیاریان پێبدرێت ,کارمەندان و پزیشکانیش لە بەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڤایرۆسەن بە پێویستیانزانی هەڵمەتێکی هۆشیاری ڕابگەێنین. توانیمان لە سنوری گشت ناوەندە چالاکیەکانی خۆمان هەڵمەتێکی لەم شێوەیە ڕابگەینن کە تێیدا هاووڵاتیان لە بەرکاهێنانی دەمامك و ڕێنماییەکانی تایبەت بە خۆپارێزیی هۆشیار بکەینەوە.

هەولێر.. ئافرەتێک دەستگیرکرا کە بۆ سواڵکردن خۆی کردبوو بەخاوەن پێداویستیی تایبەت



بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات، ئافرەتێك لە هەولێر دەستگیر کرا کە بۆ سواڵکردن خۆی کردبوو بە خاوەن پێداویستیی تایبەت.

دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٩/٧، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك) بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: «بەشی پۆلیسی ڕێکاریی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەکانی قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر، کاتژمێر ١٢ و نیوی شەو، لە ترافیکلایتی گوڵان ئافرەتێکیان دەستگیر کرد، کە لەسەر عارەبانەیەك دانیشتبوو و خۆی وا نیشان دەدا کە خاوەن پێداویستیی تایبەتە و سواڵی دەکرد، لە کاتێکدا هیچ کێشەیەکی تەندروستی نەبوو».

ئەوەش خراوەتە ڕوو، پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئافرەتەکە بۆ ڕێک خرا و بەپێی ماددەی ٣٩٠ لە یاسای سزادان، ڕاگیرا و ڕادەستی دادگا کرا. پۆلیسی هەولێر هۆشداری دەداتە هاووڵاتیان، ئەو جۆرە کەسانە کاریگەرییان بەسەر هەست و سۆزیانەوە نەبێت و خێریان پێ نەکەن، چونکە خەڵکی دیکەش چاویان لێ دەکات و بەمەش دیاردەی سواڵکردن زیاتر پەرە دەسەنێت، کە دیاردەیەکی نەشیاو و ناشارستانییە و سیمای کۆمەڵگە دەگۆڕێت.

کەرکوک.. بەهۆی کەوتنە خوارەوەی دوو گوللە هاوەن کەسێک کوژرا

لە ئاکامی کەوتنەخوارەوەی دوو گوللە هاوەن لەنزیک یاریگایەکی تۆپی پێ لە گوندی بەشیر سەربە ناحیەی تازە باشووری شاری کەرکووک، هاووڵاتییەکی سڤیل کوژرا. سەرچاوەیەکی ئەمنی لەپارێزگاکە ڕاگەیاند، شەوی ڕابردوو دوو گوللە هاوەن لەنزیک یاریگایەکی تۆپی پێ لە گوندی بەشیر کەوتەخوارەوە و بەوهۆزیەوە مێردمندانێکی تەمەن ١٥ ساڵ بەناوی مستەفا قەنبەر محەمەد کوژرا. سەرچاوەکە ڕاشیگەیاند، دوای ڕووداوەکە هێزێکی زۆری ئەمنی گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە دەستپێکردوە. بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، گومان دەکرێت هاوەنەکان لەلایەن داعشەوە ئاراستەکرابن.

دوای گەڕانەوەیان بۆ نیشتیمان، ئەمیر و ئەمیرە سەردانی (لالش)یان کرد

بریکاری میری ئێزدیان، میر جەوهەر عەلی بەگ: سوپاسی نێچیرڤانی بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە هەردوو منداڵەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە



خەبات: هەولێر

ئەمیر و ئەمیرە ئەو برا و خوشکە ئێزدییە رفێنراوەن کە داعش ناوی گۆڕیبوون بۆ ئەحمەد و ئایە رۆژی شەممەی رابردوو لەدوای شەش ساڵ لە رفاندنیان گەڕانەوە نێو کەسوکاریان و زمانی دایکیشیان بیرچووەتەوە، بریکاری میری ئێزدیانیش دەڵێت: هاتنەوەی ئەم دوو منداڵە هەموومانی دڵخۆش کرد، بەم بۆنەیە سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی دەکەین کە هەردوو منداڵەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە. هاوکات خوشکی دوو منداڵەکە، هەدیە خودێدا گوتی: زۆر خۆشحاڵم کە خوشك و برای من گەڕانەوە لە سێی ئابی 2014 دا کاتێك لەلایەن تیرۆریستانی داعش پەلاماردرایەن، هەموو لەیەکتر دابڕایەن، دایك و باوکم لەلایەن تیرۆریستانی داعش کوژران.

وەك پابەندبوونێك بە ڕێورەسمی ئایینی ئێزدی لەناو لالشدا، ئاوی کانی سپییان خواردەوە

هەدیە خودێدا: ئەو خوشك و برایەم پێشتر لەدەست داعش بوون و کڕین و فرۆشتنیان پێکرا بوو

میر جەوهەر عەلی بەگ: ئێستاش ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵی ئێزدی چارەنووسیان نادیارە و دەمانەوێت بە دیداری ئەوانیش بگەین

تا ئێستا سێ هەزار و 537 کەس دۆزراونەتەوە و دوو هەزار و 880 کەسیش بێ سەروشوێنن





لە پەلامارە تیرۆریستییەکەی سێیی ئابی 2014دا، تیرۆریستانی داعش کۆمەڵکوژیان دژبە ئێزدییەکان ئەنجام دا و لەو کاتەیش برا و خوشکێك بەناوەکانی ئەمیر، تەمەن چوار ساڵ و ئەمیرە تەمەن پێنج ساڵ، بە زیندوویی براونەتە تەلەعفەر و مووسڵ و لەوێ زیندانی کراون و دواتر براونەتە سووریا و لەوێ فرۆشراون.

دوای چەندین ساڵ دابڕان لە خێزان و کەسوکاریان، ڕۆژی شەممەی رابردوو، میری تەمەن 10 ساڵ و ئەمیرەی تەمەن 11 ساڵ، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شانده یاوەرەکەی لە سەردانەکەیاندا بۆ ئەنقەرە، گەڕێندرانەوە هەرێمی کوردستان و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر ڕادەستی کەسوکاریان کرانەوە و ڕۆژی یەکشەممە لەلایەن کەسوکاریانەوە بردرانە لالش و لەوێ جارێکی دیکە لە کانی سپی ئاوی زەمزەمیان خواردەوە و ڕێورەسمی تایبەتیان بۆ کرا.

بریکاری میری ئێزدیان، میر جەوهەر عەلی بەگ دەڵێت: هەردوو منداڵەکە، ئەمیر و ئەمیرە لەسەر دەستی بریکاری میر و میرحاج-ی ئێزدیخان پێشوازییان لێ کرا و لە کانی سپی لالشی نورانی ئاوی زمزمیان حەڵاڵ کرد و بە کەسوکاریان شادبوونەوە، هاتنەوەی ئەم دوو منداڵە هەموومانی دڵخۆش کرد، بەم بۆنەیە سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی دەکەین کە هەردوو منداڵەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە، هەروەها سوپاسی کۆنسوڵی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، هاکان کاراچای و حکوومەتی تورکیا دەکەین، هیواداریین حکوومەتی تورکیا هاوکارمان بێت لە دۆزینەوەی ونبووەکانی دیکەیش.

بریکاری میری ئێزدیان، میر جەوهەر عەلی بەگ گوتیشی: لەبەر بابەتی کۆرۆنا هیچ کەسان ئاگادار نەکردووەتەوە کە بێنە لالش، هەربۆیە ڕێورەسمەکە تەنیا بە ئامادەبوونی ئێمە و خێزانەکەی بووە، جگە لەوەی کە خۆشحاڵین بە گەڕانەوەیان، هاوکات بەداخەوەین کە زمانی دایکی خۆیان لەبیر کردووە و ناتوانن قسەی پێ بکەن، چونکە ئەو منداڵانە سەرەتا لە تەلەعفەر و مووسڵ لە زیندانیدا بوون و دواتر گواستراونەتەوە بۆ سووریا و دواتر خێزانێکی داعش لەگەڵ خۆی بردوونی بۆ تورکیا.

ئەمیر 10 ساڵە و ئەمیرە تەمەنی 11 ساڵە، خەڵکی گوندی گرعوزێر ڕۆژئاوای شنگاڵن و لەدوای شەش ساڵ گەڕێندراونەتەوە لای خوشك و مامێکیان، ئەوان تا ئێستاش سێ برا، خوشکێك و دایك و باوکیان چارەنووسیان نادیارە.

لە سەرەتای ساڵی 2017دا، خێزانێکی داعش، هەردوو منداڵەکە (ئەمیر و ئەمیرە) لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ تورکیا و لەوێ داوایەك پێشکەش بە دادگا دەکەن بۆ ئەوەی هەردوو منداڵەکە بە ئەندامانی خێزانەکەیان تۆمار بکرێن، بەڵام بەهۆی بوونی گومانەوە، داواکەیان لەلایەن دادگا ڕەت دەکرێتەوە و حکوومەتی تورکیا ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکان دەگرێتە ئەستۆ و دەیانخاتە ژێر چاودێرییەوە.

لە ئاداری 2017دا، خوشکێکی ئەو دوو منداڵە زانیاری پێ دەگات کە ئەمیر و ئەمیرە لە تورکیا نیشتەجێن و بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە سەردانی تورکیا دەکات و لەوێ دەیاندۆزێتەوە و دواتر پشکنینی دی ئێن ئەی ئەنجام دەدەن و دەردەچێت کە ئەمیر و ئەمیرە، خوشك و برای ئەون.

خوشکی دوو منداڵەکە، هەدیە خودێدا گوتی: زۆر خۆشحاڵم کە خوشك و برای من گەڕانەوە لە سێی ئابی 2014 دا کاتێك لەلایەن تیرۆریستانی داعش پەلامارداریین، هەموو لەیەکتر دابڕاین، دایك و باوکم لەلایەن تیرۆریستانی داعش کوژران، من بەردەوام بەدوای ئەندامانی خێزانەکەمدا دەگەڕام و سێ ساڵ لەمەوبەر زانیان کە ئەمیر و ئەمیرە لە تورکیان و سەردانی ئەویم کرد و دۆزیمنەوە، دواتر پشکنینیان بۆ کرا و دەرچوو کە خوشك و برای منن، بەڵام بەهۆی ڕێکارەکانی دادگا نەمانتوانی بیانگەڕێنینەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

هەدیە خودێدا گوتیشی: ئەو خوشك و برایەم پێشتر لەدەست داعش بوون و کڕین و فرۆشتنیان پێکرا بوو، دواتر لەلایەن خێزانێکی داعش براونەتە تورکیا لەوێ ویستبوویان هەردوو منداڵەکە لەسەر ناوی خۆیان تۆمار بکەن، بەڵام بەهۆی جیاوازی زمانیان لە قسەکردن، بۆیە داواکارییەکەیان ڕەت کرابووەوە و حکوومەتی تورکیا هەردوو منداڵەکەی گرتبووە ئەستۆ و خستبوونیە بەر خوێندن تا دۆسیەکەیان لە دادگا تەواو بوو، بەخۆشحاڵییەوە ڕۆژی شەممە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی گەڕانەوە هەولێر و ئەمڕۆش ئێمە بە دیداریان شادبووینەوە.

بەپێی ئامارەکانی نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی ئێزدی لە ساڵی 2014ــەوە، شەش هەزار و 417 کوردی ئێزدی ونبوون و تا ئێستا، سێ هەزار و 537 کەس دۆزراونەتەوە و دوو هەزار و 880 کەسیش بێسەروشوێنن.

لالش.. پیرۆزترین پەرستگای ئێزدییەکان لە جیهانـدا

لالش ئەو شوێنەی کە لەلایەن پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی بە شوێنێکی پیرۆز دادەنرێت و هەموو ڕێورەسمە ئایینی و کولتووریەکانی لێ بەڕێوەدەچێت. لە ئایینی ئێزدی چەندین جەژن هەیە لەوانە جەژنی سەرساڵ، ڕۆژێن ئێزی، جەژنی جەما، چوارشەمما سوور، چللەی هاوین، چللەی زستان، بێلنده و خدر ئەلیاس، هەموو ئەوانەیش ڕێورەسمی تایبەت بە خۆی هەیە و ئێزدییەکان لە سەرتاسەری جیهان ڕوو لە پەرستگای لالش دەکەن و بەشداری بۆنە و ڕێورسمەکان دەکەن.

ئێزدییەکان هەموو شوێنێکی لالش بە پیرۆز دەزانن و بەر لە چوونە ژوورەوەیان دار و دەرگای شوێنەکە ماچ دەکەن و لە هەندێك بۆنەیشدا بە ئاوی زمزم کە یەکێکە لە کانیاوەکانی پەرستگای لالش و دەکەوێتە ئەشکەوتێك کە لە پێنج کانیاو پێکدێت و کوردی ئێزدی گرووپ گرووپ پیاوان بە جیا و ئافرەتان بە جیا لە کانیاوەکەدا دەستیان دەشۆن و سەر و دەموچاویان بە ئاوەکە تەڕ دەکەن، وەك خۆیان دەڵێن بۆ پاکبوونەوەیە لەو گوناهانەی لە ماوەی ڕابردوو کردوویانە.

حەفتەی داهاتوو جەژنی جەمای ئێزدییەکانە، جەژنی هەرە گرنگی ئێزدییەکانە و جەژنەکە لە لالش بەڕێوەدەچێت و دەبێت بڕیارێکی پێشوەختە لەلایەن ئەنجوومەنی ڕووحانی هەبێت سەبارەت بە ئەنجامدانی جەژنەکە، چونکە کاتێك بارودۆخی ئێزدییەکان خراپ بێت، ئەم جەژنە بەڕێوەناچێت، لەکاتی پەلامارەکەی داعش بۆ شنگاڵ لە ساڵی 2014دا، بڕیارێك درا لەلایەن ئەنجوومەنی ڕووحانی ئێزدی کە ئەم جەژنە بەڕێوەناچێت و ئەم بڕیارە ماوەی چوار ساڵ کاری پێ کرا و یەکەم جەژنیش دوای داعش لە ساڵی 2018 دا ئەنجامدرا و ئەمساڵیش بەهۆی ڕێکارەکانی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، ڕوون نییە جەژنی جەما بەڕێوەدەچێت یان نا.

لالش دەکەوێتە ناو دۆڵێك کە بە زنجیرە چیایەکی بچووك دەورە دراوە و ئەو شوێنە لەلایەن پەیڕەوانی ئایینی ئێزدییەوە بە شوێنێکی پیرۆز دادەنرێت و ئێزدیەکان بۆ حەجکردن سەردانی لالش دەکەن و لەکاتی سەردانەکەیشدا، سەردانی پەرستگا و گۆڕەکەی شێخ ئادی کوڕی موسافر دەکەن کە یەکێکە لە پیرۆزترین کەسایەتییەکانی ئایینی ئێزدی.



دۆخی سیاسی ناوچەکە و گەرمەی ململانێکان


سەکڤان هالو

هەژموونگەرایی لە سەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت لە سەر ئەو شوێنانەی کە لە ڕووی جیوپۆلەتیکی و جوگرافیەوە گرنگن و بایەخێکی زۆریان هەیە بۆ لایەنە رکابەرەکان لە سەر ئاستی دەوڵەتە زلهێزەکان و هەرێمیەکان، بە چەشنێک کە هەر لایەک هەوڵدادات هەیمەنەی خۆی بسەپێنێت بەسەریاندا و بەرژەوەندییەکانی خۆیان و مانەوەی خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکانیان لەمەدا دەبینەوە، ئەوەش وایکردووە کە گەلانی ناوچەکە بەردەوام لە نێو کێشە و قەیرانەکاندا لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیان گوزەر بکەن..

دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان لە بەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆریان دەوڵەتی دەستکردن، دوای شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی زۆربەیان بە شێوەیەکی دیکتاتۆریانەو وتۆتالیتاریانە حوکمی گەلەکانیان کردووە و دەیکەن، بۆ چەوساندنەوەی هاووڵاتیان و تێکدانی گشت سێکتەرە مادی و مەعنەوییەکان، هەم لە پێناو مانەوەی خۆیان و هەمیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دەرەکی شەڕی بە وەکالەت لە لایەن دەوڵەتە هەرێمییەکان، ئەم بۆ ئەملا و ئەویتر بۆ ئەولا، وایکردووە هەمیشە ناوچەکە نوقمی قەیرانە کان بێت لە هەموو رووێکەوە، بۆیەش ئەم دەڤەرە بە (منطقة الفوضى) ناو دەبرێت، ناوێک پڕ بە پێستی خۆی.

شایانی باسە هیچ کات ئەم ناوچەیە ئارامیی و سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینیوە و بیری تووندئاژۆ، یەکتر قەبوڵ نەکردن، ڕێزنەگرتن لە تایبەتمەندییە سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی، زمانەکان، لە خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی نوخبەی سیاسییە و ئەمەش شۆڕبۆتەوە بۆ ناو کومەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکان، هەربۆیەش بەردەوام لە نێو نائارامی و ناجێگیری دا ماونەتەوەو دەمێنێتەوە، واتا هۆکاری سەرەکی ئەم هەموو نهامەتییانە خودی نوخبە سیاسییە بێ ئیرادەکانی ناوچەکەن.

سەبارەت بە جموجۆڵە هەنوکەییەکانیش لەم ناوچەیەدا، ئەمریکا و ئەورووپا ماوەیەکە سەرقاڵی دروستکردنی هاوپەیمانییەکی بەهێزن لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل دا، بە مەبەستی لێدانی پێگەی تورکیا و ئێران و نەهێشتنی هەڕەشەو مەترسییەکانیان لە سەر بەرژەوەندییەکانیان لە عیراق و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی و زۆر شوێنی دیکە، بۆ کوردیش واباشە هاوکات لەگەڵ ئەم گورانکارییە پێشبینی کراوانەدا، نێومانڵی خۆی ڕێک بخاتەوە و یەکڕیزی و یەکگوتاریی سیاسی بێنێتە ئاراوە، بە ئامانجی سوود وەرگرتن لەم دەرفەتەی کە دێتە پێشەوە، چونکە لە دەستدانی دەرفەتە زێڕینە سیاسییەکان لە هەموو قوناغەکاندا بێجگە لە مااڵوێرانی، هیچی دیکەی بۆ دوزی ڕەوای کورد لێ نەکەوتۆتەوە.



فەرەنسا و هەرێمی کوردستان

بەهزاد حەوێزی

فەرەنسا یەکێکە لەو وڵاتە ئۆرووپاییانەی تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە ڕووی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی دەرەوەیدا، بۆیە توانیویەتی بەهۆی سیاسەتێکی مەحکەمی هاریکارییانەی ئەقڵمەندانە پەیوەندی پتەوی خۆی لەگەڵ وڵاتانی جیهان بەگشتی و خۆرهەڵات بەتایبەتی بپارێزێ.

بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی فەرەنسا لەسەر ئاستی دەرەوەدا -وەك جەمسەرێکی ئەکتیڤی جیهانیی - خۆی لە چەند بنەمایەك دەبینتەوە، لەوانە:

-1بەرژەوەندییە ستراتیجیەکان، کە بواری ئابووری و ئەمنی و جیۆستراتیجی و ڕۆشنبیریی دەگرێتەوە.

-2بەرژەوەندییە ئابووریەکان، کە خۆی لە بواری بازرگانیی و وەبەرهێنان و ڕێکخراوە ئابوورییە هەرێمایەتییەکان دەبینتەوە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی فەرەنسا لەگەڵ هەرێمی کوردستان تا ئێستا چەندین قۆناغی بڕیوە، کە دواهەمینیان دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار(نێچیرڤان بارزانی)بوو لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا(ئەمانوێل ماکرۆن) لە بەغدا.

ڕۆڵی فەرەنسا بەگشتی بریتیە لە پاڵپشتی و پشتیوانی لۆجیستکی و مەعنەویی و هاریکاریی...تد، هەروەها ئەوەی زیاتر بەرچاوەو جەختی لەسەر کراوە کێشەی تیرۆرو کۆتایی هێنان بەکێشەو قەیرانەکانی عیراقە لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوەدەرەوە.

من پێم وایە ئەو ڕۆڵەی فەرەنسا خۆی لەچەند تەوەرێك دەبینتەوە، کە بۆ داهاتوو پێویستە زیاتر کاریان لەسەر بکرێ، لەوانەش:

-1پشتیوانی بەردەوامیی هەرێم لەڕووی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە.

-2وەك هێزێکی گرنگی نێودەوڵەتی فەرەنسا دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ بۆ چارەسەری کێشە هەلپەسێرداوەکانی نێوان هەولێروبەغدا.

-3زیاتر بەرەودان بە پەردی پەیوەندی و هەماهەنگی کولتووری و ڕۆشنبیریی و هونەریی...تد، لەر ێگەی کونسوڵگەریی فەرەنسا لە هەولێر وناوەندوسەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان و پەیانگەکانی زمان و فێرکردن.

ئەو پرۆژە ستراتیجیەش لە بەربەست و کێشە بەدەرنییە، لەبەرئەوەی عیراق و ناوچەکە لەبەردەم کۆمەڵە قەیرانێکدان، هەروەها فاکتەرە هەرێمایەتیی و نێودەوڵەتیەکانیش ڕۆڵ و دەستی خۆیان لەو هاوکێشەیە هەیە، کە پێویستە بە وردیی و فرەلایەنە لێکبدرێتەوە.



فەرەنسا د سەردانەکا ب باندووردا ل عێراقەکا ئالووز

پاوان تەتەر نێروەی

ئێمانوێل ماکرونێ سەرۆکێ فرەنسا ل ڕێکەفتی ٢ێ ٩ د سەرەدانەکا چاڤەڕێکریدا بو ئێکەمجار سەرەدانا عێراقێ کر. ئەڤ سەرەدانە د سات و دەمێن وەهادا بوویە کو عێراق د ئێک ژ هەستیارترین دەمێن خودا دەرباز دبیت. هەرچەندە ڕەوشا عێراقێ هەمی دەما یا ئالووز و سەرئێشە بوویە لێ هەر سەردەمەکێ هەستیارا خو هەبوویە. ل عێراقێ نها کریزا کرونایێ، کریزا ئابووری ژ بەر داکەفتنا نرخێ پەترولّێ و هەروەسا کریزا سەروەریا خو ئانکو پاراستنا سنورێن عێراقێ کو ڤان کریزا یەخەیا عێراقێ ب هەمی سەرکردێن خوڤە گرتیە.

ماکرون و عێراق

ئێمانوێل ماکرونێ سەرۆکێ فرەنسا کو ب سەرۆکەکێ میانەرەو دهێتە نیاسین هەمی دەما هەولا چارەسەرکرنا کێشەیێن ناڤخوویێن وەلاتان ب هێزا دیالوگێ و لێک تێگەهشتنێ ددەت. چارەسەیا هندەک پرسێن گرنگ د هندەک ناوچەیێن هەسیارێن وەکە ڕوژهەلاتا ناڤەراست و باکووڕێ ئەفریقایێ گرنگیا خو هەیە و وەکە بەشەک ژ ئاسایشا نەتەوەیا خو د قادا جیهانیدا تەماشەدکەت. هەر ئەڤ چەندە بوویە ئەگەرێ هندێ کو ماکرون داڤێ دڤێ سەرەدانا خودا داخوازا سەربەخویا عێراقێ د گرژیێن دناڤبەرا ئیران و ئەمریکادا بکەت، و هیڤیا هندێ بخوازیت کو عێراق نەبیتە گورەپانەک بو تەسفیە حسابێن ڤان وەلاتیێن ناڤهاتی. ماکرون دڤێ سەرەدانا خودا هەمی هەولەکدا کو عێراقێ بێخیتە لسەر ڕێرەوەکا سروشتی، چونکە عێراق هەر ژ سالا ٢٠٠٣ێ و ژ ناڤبرنا سەدامێ دیکتاتور،و هاتنا هێزێن ئەمریکی بو ناڤا ئاخا عێراقێ، ئەڤ وەلاتە توشی سێکتێریسم ئانکو فرقەیا دینی و گرژیێن ئایینی و مەزهەبی بوویە. هەر ئەڤ چەندە دێ بیتە ئەگەرێ هندێ کو ماکرون هەمی هەولا بددەت بو نێزیکبوونا هێزێن سیاسیێن شیعی، و شیعی و سونی، و هەروەسا عەرەب ب گشتی و کوردان وەکە هەرێما کوردستانێ.

فرەنسا د هەماندەما هەولا هندێ داکو پرسا گرتیێن داعشێ کو هەلگرێن ڕەگەزنامەیێن فرەنسینە بهێتە چارەسەرکرن و هەر ئەڤ چەندە بوویە ئەگەرێ هندێ کو ماکرون داخوازا سەربەخویا عێراقێ د گرژیێن دناڤبەرا ئیران و ئەمریکادا بکەت، و هیڤیا هندێ بخوازیت کو عێراق نەبیتە گورەپانەک بو تەسفیە حسابێن ڤان وەلاتیێن ناڤهاتی. ماکرون دڤێ سەرەدانا خودا هەمی هەولەکدا کو عێراقێ بێخیتە لسەر ڕێرەوەکا سروشتی، چونکە عێراق هەر ژ سالا ٢٠٠٣ێ و ژ ناڤبرنا سەدامێ دیکتاتور،و هاتنا هێزێن ئەمریکی بو ناڤا ئاخا عێراقێ، ئەڤ وەلاتە توشی سێکتێریسم ئانکو فرقەیا دینی و گرژیێن ئایینی و مەزهەبی بوویە. هەر ئەڤ چەندە دێ بیتە ئەگەرێ هندێ کو ماکرون هەمی هەولا بددەت بو نێزیکبوونا هێزێن سیاسیێن شیعی، و شیعی و سونی، و هەروەسا عەرەب ب گشتی و کوردان وەکە هەرێما کوردستانێ.

داعشێن عیراقی دناڤا عێراقێ جهێ گومانێ نینە کو دێ عێراق داخوازا هندەک هاریکاری یان دەستکەفتەکێ دی کەت تاکو ئەڤ چەکدارە نەهێنە زڤراندن بو ناڤخوویێ فرەنسایێ. تێروانینا عیراقێ بو هاتنا ماکرونی بو عێراقێ و دانا دەستپێشخەریا بهێزکرنا سەروەریا عێراقێ دێ ب باشی هێتە پێشوازیکرن چونکە بو ئێکەم جارە سەرۆکێ وەلاتەکێ زلهێز وەها ب هێز بەحسێ ڤەگەراندنا سەروەریێ بو سنورێن عێراقێ بکەت، لێ یا گرنگ ئەوە کو هەردوو وەلات باش دزانن کو مەبەست ژڤێ دەستپێشخەریێ بەرژەوەندییێن هەڤبەشن، عێراق بو ڤەگەراندنا سەروەریا خو، و هەروسا فرەنسا بو نەهێلانا باندووراِ ئیران و ڕێگرێکرنا بهێزبوونا تورکیا د دەرڤە و ناڤخوویا سنورێن عێراقێ. ئەڤ سەرەدانا ماکرونی دێ وەکە تێستەکا باش بیت بو فرەنسایێ کو هەولبدەت باندووراِ خویا دیپلوماسی و سیاسی و سەربازی دناڤا ڤێ ناوچا ئالووزدا دیار بکەت.

ماکرون و هەرێما کوردستانێ

فرەنسا وەکە وەلاتەکێ کو هەڤکارەکێ کەڤنێ پرسا کوردی بویە باندووراکا زور هەیە دناڤا زوربەی پرساندا و ئاخفتنا ڤی وەلاتی ل دەف سەرکردایەتیا کوردی هەمی دەما جهێ ڕێزێ بوویە. ب حوکمێ وێ چەندێ کو فرەنسا خودانێ دەستپێشخەریا دروستکرنا هەرێما دژە فرینێ بوویە ل سالا ١٩٩١ێ د بریارا ژمارە ٦٨٨ێ یا ئەنجومەنێ ئاسایێشێ ل هەرسێ هەرێمێن دهوک، هەولێر و سولەیمانیێ و گەلەک جاران ب خەتا ٣٦ دهێتە نیاسین، تێگەهشتنەکا مێژوویی و هویرتر ژ هەر وەلاتەکێ دی دناڤا پرسا کوردی د عێراقێدا هەیە. هەر ئەڤ چەندە بوو کو د گرژیێن پشتی ریفراندوما ٢٠١٧ێ یا سەربەخوویا کوردستانێ ماکرون بیتە ئەو سەرکردە کو داویێ ب ڤان گرژیان بئینیت و هەولا دروستکرنا زەمینەیەکا باش بو سەقامگیری و بەرژەوەندییێن خو ئامادەیە کو چەکێ ناوەکی بکار بینیت. ئەڤ ئاخفتنا ماکرونی وەکە بەرسڤەک بو ژ بو وان وەلاتان کو دەرکەفتنا بریتانیایێ ل ئێکەتیا ئەوروپایێ وەسا شروڤەکربوو کو دێ ڤێ ئێکەتیێ و وەلاتیێن وێیێن ئەندام بەرەڤ لاوازیێ بەت. هەر پشتی گەرژی و ئالووزییین دناڤبەرا تورکیا و لیبیادا، فرەنسا چەندەها جار هوشداریێن توند دایە تورکیا کو پێشێلی یاسایێ نیڤدەوڵەتی نەکەت و دەستێوەردانێ د کاروبارێن ناڤخوویێن ڤی وەلاتیدا نەکەت. هەر ئەڤ دەستێوەردانێن تورکیا کو بەرفرەهتر بووینە و جموجولەکا نویا سەربازی ل هەمی دەڤەرێ دروستکریە. هەر ئەڤ چەندە ژی بەشەکە د ڤێ ئێکەتییدا بەرگیریێ ژ ئەندامەکێ ڤێ ئێکەتیێ بکەت و هەروسا دێ بیتە لیدانەک بو هەیبەتا ڤی وەلاتی د ئێکەم پێنگاڤێن خودا بو بەرفرەهکرنا هێز و کاریگەریا خو د روژهەلاتا ناڤەراستدا. بابەتێ گرێدایی ب تورکیا ڤە پتر گرێدایی ب ستراتیژیەتا نویا تورکیایە ئەو ژی بەرفرەهکرنا کاریگەریا خویا سەربازی و سیاسیە د وەلاتێن جیراندا، کو ئەڤ چەندە ڤەدگەریتەڤە بو زیندیکرنا خەونا کونترولکرنا هندەک ناوچەیێن نێزیکێن تورکیا کو لسەر دەمێ عوسمانیا لژێر دەسهەلاتا کونستانتیپل ئانکو ئیستەمبولا پایتەختێ ئیمپراتوریەتا عوسمانی بوونە، هەر ئەڤ چەندە دێ بیتە ئەگەرێ هندێ کو بو پاراستنا هەیبەتا ڤێ چەندێ و ڕاگرتنا بالانسا ناڤخوویی ئەردوغان هەمی هەولەکێ بدەت کو لێ گەریانا لدویف گازا سروشتی ل روژهەلاتا دەریایا ناڤەراست د بەرژەوەندیا تورکیادا ب داوی بینیت.

ل داویێ دێشێین بێژین کو سەرەدانا ئیمانوێل ماکرونێ سەرۆکێ فرەنسا پتر ژ بو باندورێن سەربازی و سیاسی بوونە د ڤێ ناوچێدا تاکو لسەر پرسێن گرێدایی ب ژیارا هاوولاتی و تاکێ کومەلگەهێ، ئەڤ سەرەدانە دێ بیتە دەرگەهەک و هەروسا ئینانە سەرخەتا یاریکەرەکێ دی د پرسێن گرێدایی ب روژهەلاتا ناڤەراستدا، هەرچەندە فرەنسا پێشتر ژی یاریکەرەکێ سەرەکی بوویە لێ ئەڤجارە دێ ب باندووترتر بیت د ئێکەتیا ئەوروپایەکا بێ بریتانیا کو دەلیڤەیا کارکرنێ وەکە براگەورەیەکێ سەربازی دایە فرەنسایێ.

بسپۆرێ زانستێن سیاسی و ئاسایێشا نیشتیا نی


خۆپێشاندانەکەی بەردەرگای سەرای سلێمانی 6ی ئەیلوولی 1930


خۆپێشاندانەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی 6ی ئەیلوول 1960
لە ئەرشیفی/ کاروان محەمەد سینو

لە یادی ڕاپەڕینی 6 ی ئەیلوولی 1930 بەردەرکی سەرای سلێمانی دا

جەمال بابان: رۆژێک دوای ئەو رووداوە واتە لە 7ی ئەیلوول ئافرەتی هەڵکەوتووی کورد حەپسەخانی نەقیب بروسکەیەکی ناڕەزایی ئاراستەی (عصبەت الامم) کرد کە تێیدا داواکاریی مافی کوردی دووپات کردەوە، وەڵامیشی بۆ هاتەوە

زانیار سەردار قەرەیی/ سلێمانی بەشی سێیەم و کۆتایی



یەکێک لە رۆژە خوێناوی و مێژوویییەکانی شاری سلێمانی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانییە، کە لە رۆژی 6ی ئەیلوولی ساڵی 1930یەوە، کە جەماوەری شاری سلێمانی لەو دەمەدا دژی داگیرکەران و خۆفرۆشان بۆ بەگژداچوونەوەی رژێمی ئەوسەردەمە ڕاپەڕینیان بەرپاکرد، لەپێناو پوچەڵکردنەوەی ئەو معاهەدەی نێوان حکوومەتی عێراق و ئینگلیز کە بەسترابوو، دوابەدوای ئەوەیش کورد داوای مافی خۆی دەکرد.. لە ئەنجامی وەڵامی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە دەسەڵاتدارانی عێراق بە دەسڕێژی گوللە وەڵامیان دانەوە و هێرشیان کردە سەریان، لە ئەنجامدا (دەیان) کەس لە هاوڵاتیانی سلێمانی بە گوللەی دوژمنان شەهید بوون و بە دەیانی تریش بریندارکران و، (سەدان) کەسیش دەستگیرکران. ئەو رۆژە ناوزەدکرا بە»رۆژی رەشی ئەیلوول» یا رۆژی شەشی ئەیلوول، یا شەڕی بەردەرکی سەرا.. چونکە لە هەموو سەردەمێکدا بەردەرکی سەرا کە سەنتەری شار بووە بەردەوام جموجۆلی سیاسی هەبووە و کورداییتی پەرەی تێدا سەندووە.. بۆیە رژێمە سەرکوتکەرەکان لەویشەوە هەوڵی سەرکوتکردنی جەماوەریان داوە و ئەوشوێنەی کۆنترۆڵ کردووە و کردویانەتە بنکەیەکی سەربازیی گرنگ بۆ دژایەتی خەڵکی سلێمانی. ئەوەی کە پێویستە ئامارژەی پێ بدرێت رۆڵی ئازایانەی چەندین کەسی ئەو شارە بوو لە نێویاندا کەسایەتی ناسراو (عەولەسیسی پالەوان)ە، کە لە کاتی هەڵمەت بردنیدا بە خەنجەرەوە بۆسەر ئەو رەشاشەی تەقەی لە خۆپێشاندەر دەکرد عەولەسیس شەهید کرا. زۆرێک لە خەڵکی سلێمانی بەشداربیان تێداکرد و رۆشنبیران و شاعیران و ڕووناکبیرانیش لەوکاتەدا رۆڵی بەرچاو گرنگی خۆیان تێدا بینی لە هاندان و پشتگیری کردنی داوا رەواکانی میللەتی کورد بە هوتاف کێشان و تار خوێندنەوە و هۆنراوە بۆ پەرەسەندنی هەستی کوردایەتی.. ئەو راپەڕینە بووە بناغەدانەر و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی سلێمانی. لە دوای ئەو راپەڕینە و ساڵانی دواتریش چەندین هۆنراوە بۆ ئەو یادە نووسراو بڵاوکراوەیە و بەرز رایانگرت.. ئەو شاعیرانەیش بریتی بوون لە « شێخ سەلام، پیرەمێرد، بێکەس، ئەحمەد موختارجاف، گۆران، قانع، ئەخۆل» و، چەند کەسێکیکی دیکە..

بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ئەو یادە پیرۆز و گرنگە و، بە بۆنەی تێپەڕبوونی « 90 « ساڵ بەسەریدا، هەر یەك لە بەڕێزان « دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی، مامۆستا حەمە ساڵح سەعید، مامۆستا جەمال بابان «، بەم شێوەیە دوان:

*** مامۆستا جەمال بابان لە یادی 6ی ئەیلوولی ساڵی 1930 دا دەڵێت:**

من، رۆژی رەشی شەشی ئەیلوول بە رۆژی گەشی ئەیلوول دادەنێم، کە شەڕی بەردەرگەی سەرا بوو. خەڵکی شاری سلێمانی داوای مافی ڕەوای کوردیان دەکر، لەوکاتەدا وەکیلی متەسەریف واتە پارێزگار موفەتیشی ئیداری بوو کە کابرایەکی ئینگلیز بوو ناوی (الیان) بوو، ئەو بوو فەرمانی تەقەکردنی لە خۆپیشاندەران دەرکرد، کە بووە هۆی شەهید کردنی 25 کەس و زیاتر لە بیست کەسیش بریندار کران، لەو ڕاپەڕینەدا زۆر کەس لە پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی و کەسایەتییەکان دەستگیرکران. هەر لەم رۆژەدا «فایەق بێکەس، رەشید کەریم، مامۆستا رەفیق حیلمی، مامۆستا مستەفا مەولوود، ساڵح فەفتان، شێخ محەمەد گوڵانی، شەوکەت عەزمی بابان، عەزیز فەرەج، کەریم سەعید زانستی و چەند کەسێکی دیکە دەستگیرکران».

رۆژێك دوای ئەو رووداوە واتە لە 7ی ئەیلوول ئافرەتی هەڵکەوتووی کورد حەپسەخانی نەقیب بروسکەیەکی ناڕەزایی ئاراستەی (عصبەت الامم) کرد کە تێیدا داواکاریی مافی کوردی دووپات کردەوە کە وەڵامیشی بۆ هاتەوە.

دیسانەوە رۆژێك دوای رۆژی شەشی ئەیلوول پیاوە ناسراوەکانی شاری سلێمانی کە بە چاووگی هەراکە تۆمەتبارکران، دەسگیرکران و نێردران بۆ شاری کەرکووك، کە بریتی بوون لە: ڕەئیس هەیئەی وەتنیە (عەزمی بەگی بابان، میرزا تۆفیق قەزاز، حەمەی ئەورەحمان ئاغا، ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا، مەجید ئەفەندی کانیسکان و چەند کەسایەتییەکی تری ئەم شارە بوون..

هەر لەم رووەوە، جەمال شاڵی، نووسەر، ر و کەسایەتی ناسراو، سەبارەت بەو کارەساتە بەناوی (شۆڕشی شەشی ئەیلوول)، لە ساڵی 1961دا، دەنووسێت: «لە رۆژی (6)ی ئەیلوولی 1930 خۆپیشاندانی گەورە گەورە پێکهێنرا لەلایەن گەلەوە لە دژی ئەو هەڵبژاردنە لە شاری (هەڵمەت و قوربانی)، دژی پەیمانی (1930) وە گەلی کورد ڕاپەڕی و هاتەسەر شەقامەکان و بە دەنگێکی دلێرانە داوای مافە زەوتکراوەکانی ئەکرد، بەڵام لە ئەنجامدا و لەجیاتی جێبەجێ کردنی مافە ڕەوا و دروستەکانی گەلی کورد



جەمال بابان:

لەو ڕاپەڕینەدا زۆر کەس لە پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی و کەسایەتییەکان دەستگیرکران


وەڵامی کاربەدەستان گوللەباران بوو بەسەر ئەو خەڵکەدا کە تینوی رزگاری و سەربەستی بوون. ئەمانە بریتی بوون لە لاو و بەساڵاچوو و کاسبکار و کرێکار و هەژار و دەوڵەمەندەکانی شار.. ئامانجی گەلی کورد گردی کردبوونەوە، تەنیا ئامانجیان هێنادی مافەکانی گەلی کورد بوو، چونکە دڵنیابوون گەر ئەو مافانە نەیەتەدی و گەلی کورد سەربەست و سەربەخۆ نەبێ کامەران و بەختیاریی لە ژیاندا نەچێژن، یەکیەتی بیروباوەڕ و ئامانج کە لە پارە و سامان گرنگترە گردی کردبوونەوە لە پێناوی گەلی کوردی قارەماندا. لەمانە عەولە سیس بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد: کورد ئەبێت باوەڕی بە بێگانە نەبێت وە پێویستە خۆی هەقی خۆی بسەنێت. کاك حەمە چاوشین و عەول محەمەدی چایچی و هەڤاڵەکانی هیتافیان دەکێشا و ئەیان وت: بڕوخێ پەیمانی بەندایەتی.. بژی کورد و کوردستان.

خەڵکی داوای مافی گەلی کوردیان ئەکرد و ئەیان وت کوردایەتی بەهێزترە.. بەڵام لە ئەنجامدا و لە ئەنجامی ئەم ڕاپەڕینە پیرۆزەدا، (پۆلیس) رۆڵەی کورد بە دەستی دوژمن کوژران و (دەیان) رۆڵەی کوردیش لە خۆپیشاندەرەکان بریندار کران. لە وانەی کە شەهید کران، حەمە چاوشین، حەمەی قالە ئاغا، محەمەدی خوولە، عەزیزی کورتاندروو، عەول محەمەد چایچی، عەلی سیوجگەر فرۆش، ئەحمە ڕەشی حەسەنی دەرویشی شیرگەر، عەزیزی پینەچی گیانی پیرۆزیان بۆ کورد و کوردستان بەخت کرد و فریشتەی شیرینی بەختیان بە دەوری بریندارەکاندا لە هاتووچۆدا بوون و ئاواتی چاکبوونەوەی هەڤاڵەکانیان ئەخواست بێ ئەوەی کە خەمی خۆیان بێت، سەبارەت بەم حاڵەش (300) پیاو پتر لە ناسراوی شارەکە ڕەوانەی گرتووخانە کران، چونکە ئیمپریالیزم و داگیرکەران بەرامبەر بە گەلی کورد و تێکۆشەرەکانی کەویستیان لەناو ماڵی خۆیدا دەست بە کوشتنی ئەکەن و لە خەڵکی ئەگرن، بەڵام خەڵکی لە هەوڵ و تێکۆشان بەردەوامن هەرچەندە کە ئیمپر یالیزم هەر بەو کارە گڵاوانە ناوەستێت بەڵکوو دەست ئەکات بە پیلان و تەفرەدان و، دەست ئەکات بە داتاشینی پیاوی ساختە و درۆ و دەلەسە، کە گوایا ئەو جۆرە پیاوانە بۆ کورد هەوڵ ئەدەن وە ئەوانەن (کوردپەروەر) چونکە دوژمن و بێگانە قایل نییە کە بزووتنەوەی کوردایەتی ڕێبازی ئاسایی خۆی بگرێت و گەلی کورد بۆ پێشەوە بەرێت، لە کاتێکدا کە بەهۆی ئاگر و ئاسن، هێز و توانای خەڵکی کوردستانی بەرپێچ داوە وەستانی ئەوساکە ئەکەوێتە بەربەرەکانێتی لە دژی بیروباوەڕی کوردایەتی پێشکەوتوو، هەوڵ ئەدات کە چەند پیاوێکی سەربەخۆیی پێ بگەیەنێت و ناویان ئەبات بە (کوردپەروەر) بۆ ئەوەی کە خوێنی ملیۆنان کورد کە لە پێناوی کوردایەتی و ڕەنج خۆراوانی کورد رژاوە بە خۆرایی و بێ سەروشوێن بە فیڕۆ بڕوات.. ڕاپەڕینی بەر دەرکی سەرا ڕوویدا و ئیمپریالیزم بەربەرچی دایەوە، بەڵام هەرچەندە لەدوای ئەو کارەساتانەی کە ڕوویدا چەند پیاوێکی خۆفرۆش کڕنوشیان بۆ تەختی پادشایی هێناوە لە ڕێبازی کوردایەتی دەرچوون و تف و نەعلەتی میژوویان بە چاوا هاتە خوارێ. بەڵام گەلی کورد هەر لەدوابەدوای ئەوە شۆڕشێکی نەتەوایەتی گەورەی بەرپاکرد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی نەمر و لە 1930 تا 1932 بەردەوام بوو».










ئەم ڕاپەڕینە میژوویییە بووە هەوێنی چەندین شیعر و داستان و هۆنراوە کە هەست و ویژدانی شاعیران و نووسەرانی هەژاند.. هەر لەم یادەدا بە پێویستیان زانی گوزەرێك بکەین بەنێو وێژە و هۆنەرانی ئەو سەردەمەدا و پشکنین بەناو شیعری شاعیرانی ڕابردوو بکەین و هەریەکە و کۆپلەیەك لە هۆنراوەکانی ئەو شاعیرە کوردپەروەران باس بکەین، کە تایبەت بەو ڕاپەڕینە هۆنیویانەتەوە و لەوکات و ساتەدا یا دواتر بڵاوکراونەتەوە..

بۆ نموونە، (پیرەمێر)ی شاعیر دەڵێت:

چەپکێ لە گوڵەکەی باخچەکەی سەرا — کە بەخوێناوی لاوان ئاودرا
دەك خەجاڵەت بن لە ڕووی مەحشەرا — ئێمە خاکی غەم ئەکەین بە سەرا
کورد نەمردووە، خەیاڵتان خاوە — بەراتی نەجات بەخوێن نووسراوە
من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆشدەوێ — مژدەی شەفەقی لێدەست دەکەوێ



شێخ سەلامی شاعیریش دەڵێت:

لە سلێمانی جادەی بەر سەرا
بەخوێناوی کورد ئاوڕشێنکرا..
تەریق نابیتۆ تۆ چیت پێ ئەکەن
کوتەکی دەستی میستر هەندەرسەن

(فایەق بێکەس)یش دەڵێت:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زکر و فکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێنەگەی
حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر بردوومەتەوە

(ئەحمەد موختار بەگی جاف)یش دەڵێت:

6 ی ئەیلوول ئێوە ئەیزانن ئەی قەومی وەفا کردار..
ئەوە ڕۆژێ بوو عارەب قەتڵ و عامی کوردەکانی کرد..
هەروەها (گۆران)ی شاعیریش دەڵێت:
خواکەی بولبوولی باغی سەرا هەرچەندە پایزە..
بەخوێنی خۆم گوڵت بۆ ئاودەدەم سابۆم بلاوێنە..
لەگەڵ ئەو جوانە پاکانەی لە دەورم مەیتیان ریزە..
لە خوێنا وێنە شێواوین بەدایکمان بناسێنە..
بڵێ بەو بووکی تازەی یەك شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم..
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا..
وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم..
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژا..



(قانع)ی شاعیریش دەڵێت:

لەکزەی کوردان گلاراومە..
ڕۆژەکەی ئەیلوول تانەی چاومە..

(ئەخۆل)ی شاعیریش دەڵێت:

بەجارێ ماڵی وێرانم سلێمانی خرۆشاوە
بەسەر هیچ کەس نەیەت خوایە ئەوی لەم شارە قەوماوە

ون بوون
پسولەی شارەوانی عەنکاوە هەولێر ژمارەی پسولە ٠٦٢٣٠٩٠ بەرواری ٢٠١٩/٤/٧ بەبڕی ٥١٥,٠٠٠ بەناوی یونس نوری صالح ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون
نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی ماهر صدیق فتاح ژمارەی نووسراو ١٣٧٠٧ بەرواری نووسراو ٢٠٠٩/٢/١٦ جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە تانکر صوفە/ تستعمل للغاز رەنگی سپی ژمارەی لاشە شانصی مثبت علی البلیت ٢٠٣١٠ تکایە هەرکەسێك زانیاری لەسەر هەبێت یا بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون
پسولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسولە ٠١٢٩٣٢١ بەرواری ٢٠٢٠/١/٢٩ بەبڕی ٥٠٠,٠٠٠ بەناوی یاسین حمد حاجی ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون
دەفتەر گرانی ئۆتۆمبێل ژمارە ٣٨١٦١٧ هەولێر/ تایبەت لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی عمر احمد خورشید ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٣٢٧/ج/٢٠١٤
بەروار: ٢٠٢٠/٨/٢٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هاوژین غفور کریم شریف
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢١/١/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٢٢٤/ش/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٨/٢٤
ئاگانامە
داواکار/ رەنگین اسماعیل محمد علی
داوالەسەرکراو/ شاهۆ محمود محمد
(رەنگین اسماعیل محمد علی) داوایەکی بە ژمارە ١٢٢٤/ش/٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایەدا هاتووە کە جیابوونەوە بەهۆکاری بەجێهێشتن وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگا لەرۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠٢٠/١١/١ سەعات ١٠:٤٠ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکاری نەنیرن ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامران رسول سعید

* * *

پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ رێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٩٣١
رێکەفت: ٢٠٢٠/٩/٣
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرنا سولینین ئاڤرێز ل تاخی ئەردوان لە قەزا زاخو) (١٨) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠٠,٠٠٠ ئێك ملیون دینار/ بو کومپانییێت بیناسازی تاکو پلە (١).
ئەڤ سەرئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێ کرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوی ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو هەمی کومپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤەو دێهاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/٩/١٥.
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (پێنج شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/٩/١٧)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جە: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگارێ دهوکێ

* * *

پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ رێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٩٣٢
رێکەفت: ٢٠٢٠/٩/٣
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرنا سولینین ئاڤرێژ ل تاخی ئەیاز لە قەزا زاخو) (٢٠) CODE بهایێ تەندەری ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێت بیناسازی تاکو پلە (١-٤).
ئەڤ سەرئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێ کرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوی ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو هەمی کومپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤەو دێهاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/٩/١٥.
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (پێنج شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/٩/١٧)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جە: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگارێ دهوکێ

* * *

پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ رێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٩٣٣
رێکەفت: ٢٠٢٠/٩/٣
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (سەخبێرکرنا ئامیرێن خزمەت گوزاری ل نەخوشخانا ٢٠٠ قەرەوێلەیی ل زاخو) (٢١) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن کهرومیکانیکی و تایبەتمەند دڤی بواری دا.
ئەڤ سەرئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێ کرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوی ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو هەمی کومپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤەو دێهاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/٩/١٥.
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (پێنج شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/٩/١٧)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جە: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگارێ دهوکێ

* * *

پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ رێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٩٣٤
رێکەفت: ٢٠٢٠/٩/٣
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرنا جادا ٣٠م دگەل سولینین ئاڤرێز ل تاخی ئەردوان لە قەزا زاخو) (١٩) CODE بهایێ تەندەری ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هزار دینار/ بو کومپانییێت بیناسازی تاکو پلە (١-٢).
ئەڤ سەرئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێ کرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوی ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو هەمی کومپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤەو دێهاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/٩/١٥.
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (پێنج شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/٩/١٧)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جە: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگارێ دهوکێ

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٩٠ / ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتی / ٦ / ٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : عمر احمد محمد
ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ل کێشا ژمارە (٢٩٠ / ش/٢٠٢٠) ل روژا (٢٨ / ٧ / ٢٠٢٠) بکەتنا تەلاقا دەرەکی دناف بەرا تە و داواکارێ دا (دیژین ادریس احمد) ل (٢٠٢٠/٧/١٢) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایێ کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژێ ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنووسی دارەتوو
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/٣٠
ئاگاداری
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (امیر رشید حکیم) لە بەرواری ٢٠٢٠/٨/٣٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێستا داندراوە لە (ناوچەی پیشەسازی قوشتەپە) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی دارەتوو/ ئارام عبدالقادر عمر
ئامێرەکان:
١- هێلی تەواوی تێکردن و لێدانی قەپاغ و لەزگەی زاهی ١ لتری, ژمارە PDM-٥١٧٥٨-K-X٥X١٨٨, دروستکراوی ایرانی، مۆدیل ٢٠١٩, جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی KG ٦٥٠, نرخی ئامێرەکە ٦,٠٠٠,٠٠٠.
٢- ئامێری لێدانی لەزگەی زاهی ١ لتری, بێ ژمارە, دروستکراوی ایرانی، مۆدیل ٢٠١٩, جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی KW٧, نرخی ئامێرەکە ٣,٠٠٠,٠٠٠.
٣- ئامێری لێدانی قەپاغی زاهی, بێ ژمارە, دروستکراوی ایرانی، مۆدیل ٢٠١٩, جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی KW ٥,٥ , نرخی ئامێرەکە ٢,٠٠٠,٠٠٠.
٤- دوو دانە ئامێری لێدانی بەروار, بێ ژمارە, دروستکراوی ایرانی، مۆدیل ٢٠١٩, جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی KW ٢,٢ , نرخی ئامێرەکە ١,٠٠٠,٠٠٠.

* * *

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا/ ١٣٢/ب/٢٠٢٠
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢
جاردان
داواکار کذبە رسول حمە داوای لەسەر فەرمانگەی کارتی نیشتمانی دارەتوو/ سەرەرایی کارەکەی تۆمارکردووە کە تیایدا داوای راستکردنەوەی ناوی دەکات لە کذبە بۆ کذیە هەرکەسێ نارەزایی هەیە با سەردانی ئەم دادگایە بکات لە ماوەی ١٠ دە رۆژ بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد ئاغا

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٢٠١٧/٤٤٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٣
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٢٩/١٠٣ کە کەوتوتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ئازاد فتاح رشید کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی تارا فرهاد وهاب بەبڕی/ ٧٤,٧٠٧,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزە
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر- ئازادی ٢٩/١٠٣ ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ ئازادی
٤ – پێکهاتەکەی/ پێکدێت لە پێنج ژوور و حمام و مرافق و مطبخ لە بلۆك و کۆنکرێت
٥ – رووبەرەکەی/٥٩٠ م٢ دروستکراوە
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/ بەڕێوەبەرایەتی ئاراستەکردن و رابەری کردن و معنوی وەزارەتی ناوخۆ
٧- نیشتەجێکەی/ تێدا نیشتەجێیە و داوای مانەوەیان کرد بەپێی گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەت.
٨ – نرخی قرساو/ ٧٢٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢٤٨/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٦
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتووان/ هەژار معتصم یاسین و خلیل قادر مصطفی
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی ٤٥٢ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەڵاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنتان لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٩ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٧٩/ك/٢٠١٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو رانیە حاتم حمید
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٠٦/ك/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو هوشنگ حسین رشید- ارشد یونس سلیمان
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢١ بۆ دادگایی کردنتان بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢١٠/ك/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو فاخر مرعان محمد رشید
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٠ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٧٨/ك/٢٠١٥
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو خالد امین عبدالعزیز
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٢٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٨ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/ ٢٠٢٠/١٧٥٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٦
ئاگاداری
بۆ / رووبار و لیلی میراتگرانی محمدامین مصطفی
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە رێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا ماوەی ١٥ پانزە رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێبەجێکردنی دانەوەی قەرزی (فرمان عبدالله اسماعیل) کە بڕی ٢٠٧,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینارە. ئەگەر نا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٣١٦٠/ش٤/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠٢٠/٩/٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (ریباز سهایل حمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (شهلا محمد صوفی) داوای (ژمارە:٣١٦٠/ش٤/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للضرر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (بادەوە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١٠/١٨ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید

* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/ ٩٤/ك مدنی/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (ERDOGAN.KUTPINAR) بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (.DOKU YAPI) سەرەرای کارەکەی
داواکار (وریا ولی عمر) داوای ژمارە ٩٤/ك مدنی/٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (DOKU.YAPI) سەرەرای کارەکەی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری کەسنەزان بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی پێ راگەیاندنت وە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی (٢٠٢٠/٩/٢٣) کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

دادگای بەرای سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٩٠١/ب/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٨/١٢
ئاگاداری
داواکار/ هیوا هادی حسین
داوالەسەرکراو / کۆمپانیای گۆران حمە امین بۆ بازرگانی گشتی سەرەرای کارەکەی
بۆ داوالەسەرکراو بەناوی (کۆمپانیای گۆران حمە امین بۆ بازرگانی گشتی سەرەرای کارەکەی)داواکار (هیوا هادی حسین) داوای ژمارە (٢٩٠١/ب/٢٠١٩) لەسەرتۆ تۆمارکردوە کە تیایدا بانگەشەی ئەوەی کردوە کە قەرزاری بە بڕی (١٢٠٠٠٠٠٠٠) سەدو بیست ملیۆن دینار ،لەبەرئەوەی تا ئێستا بڕی قەرزەکەت نەداوەتەوە ئەم داوایەی تۆمارکردووە لەسەرت وە داوای حکم دەکات بە پابەندکردنت بەو بڕە پارەیە . وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی رونکردنەوەی ئاگادارکەرەوە واژۆ و مۆری موختاری گەڕەکی (کارێزە وشک) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت یاخود لە رێگەی بریکارێکی یا سایتەوە لە دادگا لە رۆژی دادبینی رۆژی (٢٠٢٠/٩/٢٧) کاتژمێر (٩:٣٠) سەر لەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادگا بە نائامادەیی دادبینی ئەنجام دەدات و بڕیاردەرەکەت بەرامبەرت.
دادوەر/ د.ئاوات عمر قادر

* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (٨٨) بۆ (بەلێندەرایەتی وبازرگانی گشتی و وەبەرهێنانی عقارات وراوێژکاری ئەندازیاری وکارگێری گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / هکار صالح طاهر
ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٢١٥٦١٥٣

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٥٦٩٤/١٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٩/٦
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی شکێنراو (کسر القرار) زیادکردنەکە لە (٧) حەوتەمینی رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامە لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی موڵك/ ١/١م ٨ تورەق رووبەر/ ١٩٧٦٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ گۆڕەپانی شفتی و گندۆرە ماوەی بەکرێدان/ ٣ سێ ساڵ.
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٠٦٣
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (گاینت ئەلفا ئینجنیرینگ Giant Alpha Engineering) بۆ (بەلێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ لقێ کومپانیا (الليث)(لتجارة الالكترونيات والاجهزة الكهربائية والمنزلية العامة / المحدودة) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / هڤال محمد صالح حسین
ناڤ ونیشان / دهوك - بروشکی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٥٣٠٩٩

دادگەها بارێ کەسایەتی قەسروک
ژمارە/٦١/ش/٢٠٢٠
رێکەفت/٢٠٢٠/٨/٢٣
ئاگەداری
بو/داوالێکراو (رزکار عبدالغفور محمد) ئامازە بە داوای باری کەسایەتی ژمارە (٦١/ش/٢٠٢٠) کە هاتیە تۆمارکرن لە لایەن داواکار (نسرین مصطفی جمعە) تایبەتە داوای جیابونەوە (تفریق للهجر) پێویستە ئەم ئاگەدارییە بێتە بەلاوکردنەوە لە بەر ئەوەی شوێنێ ئاکنجیبونی داوالیکراو (رزکار عبدالغفور محمد) دیارە نەبو ئەم دادگایە بریاری دا بێتە ئاگەدارکردنەوە لە دوو رۆژنامەی رۆژانە ورۆژی سێ شەمە (٢٠٢٠/٩/١٣)هاتیە دیارکردن بۆ رۆژی دادبینی وەلە ئەنجام وێنەیەک لە بەلاوکراوەکە بۆمان رەوانە بکەن
دادوەر/ لۆی فاخر نعمت
***
دادگەها بارێ کەسایەتی قەسروک
ژمارە/٦٠/ش/٢٠٢٠
رێکەفت/٢٠٢٠/٨/٢٣
ئاگەداری
بو/داوالێکراو (رزکار عبدالغفور محمد) ئامازە بە داوای باری کەسایەتی ژمارە (٦٠/ش/٢٠٢٠) کە هاتیە تۆمارکرن لە لایەن داواکار (نسرین مصطفی جمعە) تایبەتە داوای بژیوی (نفقة) پێویستە ئەم ئاگەداریە بێتە بەلاوکردنەوە لە بەر ئەوەی شوێنێ ئاکنجیبونی داوالیکراو (رزکار عبدالغفور محمد) دیارە نەبو ئەم دادگایە بریاری دا بێتە ئاگەدارکردنەوە لە دوو رۆژنامەی رۆژانە ورۆژی سێ شەمە (٢٠٢٠/٩/١٣)هاتیە دیارکردن بۆ رۆژی دادبینی وەلە ئەنجام وێنەیەک لە بەلاوکراوەکە بۆمان رەوانە بکەن
دادوەر/ لۆی فاخر نعمت
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/٢٠١/ت/ ٢٠٢٠
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٨
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (٢٣٥٦/١) کەرتی ١١ سمیل) یا قەرزدار (صبری عبدالعزیز رشید محمد) بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٢٦٠/٧) کەرتی ٨٣ شندوخا الشالیە - تاخی میدیا)
رەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە
رووبەر :- (٢٠٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (١٨٤٥٠٠٠٠٠) سەد وهەشتی وجوار ملیون وپینج سەد هزار دیناری عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/٣١٢/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٦
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٠٨٥/١) کەرتی ١٨ زینیات) یا قەرزدار (فاضل کەنی حامد) بو جارا ئیکی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (١٠٨٥/١) کەرتی ١٨ زینیات)
رەگەز وجۆر :- پارچەکا ئەردیە قالایە ژ ئافاهی
رووبەر :- (٢٤٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٣٨٠٠٠٠٠٠) سیە وهەشت ملیون دیناری عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٩٢٢/ب/١/ ٢٠٢٠
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٦
جاردان
بۆ داوالێکراو سفیر قرنی احمد
داواکار مولود خضر قادر داوای ژمارە ٩٢٢/ب/١/ ٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/گەرەکی برایەتی بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/١٠/٤ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
رێکەوت/٢٠٢٠/٩/٧
ئاگاداری
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عزیز محمد عزیز/بەرزان کریم علی محمد ٥٠٪/٥٠٪) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ. تیار) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی دارەتوو/ مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- کۆمپرێسەری هەوا، ژمارەی ئامێر ١٢١٣٩٧، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٧,٥ K.W.
٢- فرنی وشککردنەوەی بۆردی کارەبا، ژمارەی ئامێر ٣٥٤٦٢١٠، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٢,٥ K.W. بۆردی بژیاغ کردن.
٣- مقەسی برینی پلێت دیجیتەل، ژمارەی ئامێر ٢٠٠٨٠٧٥٥، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٢٢ K.W. بۆردی کارەبا.
٤- پرێسی خوارکردنەوەی پلێت، ژمارەی ئامێر ٢٠٠٨٠٩٩٥، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ١٥ K.W. بۆردی کارەبا
٥- مشاری برینی ئاسن بەشێوەی جۆراوجۆر، ژمارەی ئامێر ٤٧٠٩١٠، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٢,٥ K.W. بۆردی کارەبا
٦- لحیمی اوتوماتیک قەبارە گەورە ژمارەی ئامێر 18071324492G، دروستکراوی صینی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٢٥٠ امپێر.
٧- لحیمی ئاسن، ژمارەی ئامێر 0233250، دروستکراوی ئیتالی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ٢٦٠ امپێر.
٨- دریلی ستوونی، ژمارەی ئامێر 8002246، دروستکراوی یابانی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ١,٥ K.W.
٩- لەحیم نقطە ژمارەی ئامێر ٤١٩٠، دروستکراوی صینی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ١١٨ امپێر.
١٠- لحیمی بورغی، ژمارەی ئامێر ٦١١٣٤، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی ١٢٠ امپێر.
١٠- ئامێری کون کردنی پلێت ژمارەی ئامێر ٠٠٧، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی KW ١,٥.
١١- ئامێری کون کردن و برینی و خوارکردنی بازباری کارەبایی، ژمارەی ئامێر 523V02، دروستکراوی تورکی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی KW ١,٥. چەند جۆرە قالبی جۆراوجۆر.
١٢- حەوت دانە پرێسی سنتەرلیک ژمارەی ئامێر ٢٠٠٠ تاکو ٢٠٠٦، دروستکراوی ٣ تورکی ٣ المانی ١ عیراقی، مۆدێلی ٢٠١٠، جۆری سوتەمەنی کارەبا. توانای کارەبایی ٢٢,٥ K.W چەند جۆرە قالب جۆراوجۆر.
١٣- مۆلیدەی کارەبا، ژمارەی ئامێر u195496m*R15u75* دروستکراوی ئینگلیزی، مۆدێلی ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی گازوایل، توانای کارەبایی ١٠٠ K.V.A.

***
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٣١٤٣/ب/٢٠١٩/٧
بەروار: ٧ / ٩ / ٢٠٢٠
داواکاران: ١- عبدالخالق رحمن رسول ٢- لیلی رحمن رسول ٣- سمیرە رحمان رسول ٤- نجاە رحمن رسول ٥- نادیە رحمن رسول ٦- ساهرە رحمن رسول
داوالێکراوان: ١- سوداد رحمن رسول ٢- کافی رحمن رسول ٣- فؤاد رحمن رسول ٤- شادیە رحمن رسول
شوێنی مولّك: هەولێر- گەڕەکی ١٥٩ گوڵان
ژمارەی مولّك: ٢٠١٤/١٥٩ /٤٥وارش
پێکهاتووەکان: دوو خانووی ١٠٠م٢ لەسەر دروستکراوە وەك یەك
ڕووبەر: ٢٠٠م٢
نیشتەجێ: راستی فاضل نورالدین و سوهاد طارق احمد لەکاتی فرۆشتن دەرناچن
نرخی خەملاندن: خانووی یەکەم: ٧٨,٠٠٠,٠٠٠
خانووی دووەم: ٧٨,٠٠٠,٠٠٠
کۆی گشتی: ١٥٦,٠٠٠,٠٠٠
ئەم دادگایە بڕیاری فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولّکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێك نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینکردنی یاسایی ڕێژەی (١٠٪) لەنرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات، هەر زیادبوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی پێدێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە:٢٤٦/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣١
جاڕدان
بۆ داوالێکراو: سارۆ صبحی جیاد
ئامازە بە داوای ژمارە ٢٤٦/ش/٢٠٢٠ کە تایبەتە بە داواکار هشام رشید سالم کە جۆری داواکەی بریتییە لە تصدیق طلاق لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە دەلالەتی داواکار بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا لە بەرواری ٢٠٢٠/٨/٣١ بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاردارت لە جیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لە ڕۆژی دادگایی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٢ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادگایی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر / مسعود سعید صدیق
***
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە:٢٩٠/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣١
جاڕدان
بۆ داوالێکراو: جودت ولید حسین
ئامازە بە داوای ژمارە ٢٩٠/ش/٢٠٢٠ کە تایبەتە بە داواکار عائشە احمد حمدی کە جۆری داواکەی بریتییە لە تصدیق طلاق لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە دەلالەتی داواکار بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا لە بەرواری ٢٠٢٠/٨/٣١ بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاردارت لە جیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لە ڕۆژی دادگایی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٢ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادگایی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر / مسعود سعید صدیق
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٢٣ /ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٧ / ٩ / ٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو : لیلی عبدالرحمن عثمان
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٢٢٣ /ش/٢٠٢٠) ل روژا (٢٠٢٠/٧/٢٢) پەسەندکرنا تەلاقا دەرکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وداواکار (مصلح عبدو عیسی) ل ٢٠٢٠/٦/٤ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وێپداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەرڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئاوەوری و گرێبەستەکان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە/ ٣٦٨٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٦
ئاگاداری
کەمگری نهێنی ژمارە (٢٠٢٠/٢) دووبارە
وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی کەمگری (نهێنی) بۆ مەبەستی گواستنەوەی بڕی دیاریکراوی نەوتی ڕەش لە پاڵاوتگەی نەوتی کەلەك/ پارێزگای هەولێر بۆ وێستگەی کارەبای (٥١) مێگاواتی تاسلوجە/ پارێزگای سلێمانی, بەپێی یاسا ڕادەگەیێنێت جا هەرکۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگری یە باسەردانی دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کرینی تەندەر, وە دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٧ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بە چاوکردنی ئەم خالانەی خوارەوە:
١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆلەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.
٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆڵینی بەڵێندەرایەتی پلە یەك بێت یاخود مۆڵەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.
٣- کۆمپانیا پێویستە بەڵگەی تایبەت بەکاری هاوشێوە لەبواری سووتەمەنی پێشکەش بکات.
٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠٢٠ پێشکەش بکات.
٥- کردنەوەی تەندەر لەدیوانی وەزارەت دەبێت.
٦- نرخی تەندەر (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دیناری عراقی یە کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٧- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٨- خەرجیەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.
ل. وەزیری سامانە سروشتییەکان
بەوەکالەت

Action Against Hunger
Mission Iraq

ADVERTISEMENT

TENDER FOR Procurement of Green House and Installation Training to beneficiaries in Basra – IRAQ < PD – IQ –BAS- 0001>

تیندەر بۆ دابینکردنی خانووی کەسک لەگەڵ و مەشقی پێدامەزراندن بۆ بەرخۆر لە بەسرە- < PD – IQ –BAS- 0001 >

Action Against Hunger or "ACF" is a registered charity، founded in 1979. ACF operates in 37 countries. The international network of ACF is represented in Paris، London، Madrid، New York and Montreal. Teams in the field combat hunger on four fronts: nutrition، food security، health، water and sanitation.

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خێرخوزازە تۆمارکراوە و دامەزراوە لە ساڵی 1979، وە ڕێکخراوەکە لە37 وولات کاردەکات. تۆری نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکە لە پاریس و لەندەن و مەدرید و نیویۆرک، مۆنتریال نوێنەرایەتی دەکرێت . وە تیمەکانی کێڵگەی ڕووبەرووی برسێتی دەبن لە میانی چوار شێوە کارکردن ئەمانەش بریتین لە: خۆراک پێدان و دلنیاکردنی خۆراک و پاراستنی تەندروستی و ئاو

Action Against Hunger-Iraq Mission intends to sign the contract for the following market:

ACF- -عیراق بەتەما دەبیت بۆ نیشانەکە گرێبەست بۆداهاتوو بازاڕ

- **PD-IQ-BAS-0001 (Procurement of Green House and Installation Training to beneficiaries in Basra) in the intervention Area of Basra Governorate**

لایەنە ئارەزوومەندەکان دەتوانن بەڵگەکانی داواکردن لەم ئیمێلە بەدەست بهێنن

acftender@iq-actionagainsthunger.org .وە ژمارەی داواکردنی سەرەوە بەڕوونی بنووسن

Interested parties can obtain bidding documents from acftender@iq-actionagainsthunger.org with clearly mentioning above tender number in the subject.

.لایەنە ئارەزوومەندەکان دەتوانن بەڵگەکانی داواکردن لەم ئیمێلە بەدەست بهێنن

acftender@iq-actionagainsthunger.org وە ژمارەی داواکردنی سەرەوە بەڕوونی بنووسن .

Interested companies should submit their offer **Two (02) Seal Envelope in total**

- 01 For Technical Proposal (Includes Administrative and Technical Information)
- 01 For Financial Proposal

کۆمپانیای ئارەزوومەندەکان دەتوانن عەرزەکەیان بە (2) زەرفی مۆرکراو پێشکەش بکەن

- یەک بۆ پێشنیاری تەکنیکی
- بۆ پێشنیاری دارایی

ADVERTISEMENT Page 1 / 2

Both Envelope should be placed in one Envelope in a sealed non-identifiable envelope، with the words "not to be opened before the tender opening session" written in English.

هەردوو زەرفەکان بەناو یەک زەرف دادەنرێن، مۆرکراو نەناسراو بێت لەگەڵ ووشەی " نابێ بکرێتەوە پێش ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان" وە بەئینگلیزی نووسرابێت

This sealed non-identifiable envelope shall be titled:

Tender reference: **PD-IQ-BAS-0001**

Tender Name: Procurement of Green House and Installation Training to beneficiaries in Basra

ئەو زەرف مۆرکراو بنیرت بۆ:

تیندەر PD-IQ-BAS-0001

ناوتیندەر : دابینکردنی خانو کەسک لەگەڵ و مەشق پێ دامەزراندن بۆ بەرخۆر لە بەسرە

The tenders shall be submitted by Hand personal delivery against receipt or by registered mail/ private courier service to the following address:

To، Logistics Head of Department

Address: Hediab District، Villa 240/1/664b، Plot232/3 Section 5، Ankawa، Erbil

پێشکەش کردنەکان پێشکەش دەکرێن بی گەیاندنی کەسی پێ بدەن دژی پسوولە یان لەلایەن تۆمار کراو [مایل/] خزمەتگوزاریی تەنەری تایبەت بۆ ناوونیشانی داهاتوو:

بۆ، سەری زانستی لۆجستی:

هەولێر: گەرەکی حدیاب، ژ. خانوو 664/1/240 ب / ژ. زەوی 2/332/ کەرتی 5، عەنکاوە، هەولێر

So that it is received no later than **October 5th 2020** at 04:00 PM Iraq time.

بۆ ئەوەی هیچ پاشان وەرنەگریت لە **تشرینی یەکەم 5 مم** 2020 کاتی ٠٤:٠٠ -کاتی عیراق

Please note that ACF will not accept any tender through Email!


Submission of tender through email will automatically rejected

Action Against Hunger does not bind itself to award the tender to the lowest tender or any bid and reserves the right to accept the whole or part of the tender.

پێشکەش کردنی تێندەر بەناو ئیمێل بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕەتی کردەوە

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (**ACF**) خۆی نابەستێت بە بەخشینی تەندەر بە کەمترین تەندەر و پێشکەش کردن بەڵام مافی قەبوڵ کردنی تەواو یا بەشێک لە تەندەرەکەی هەیە.

ADVERTISEMENT Page 2 / 2



کەرکووک، زانایەکی خۆی زیندوو دەکاتەوە



تاریق کارێزی

کەرکووک یەکێکە لە ناوەندە دێرین و گرنگەکانی کولتووری کوردستان. ئەم شارە دەکرێ نازناوی یەکەمین شاری کوردستانی لێ بنێین، ئەو نازناوەی بارتەقای بەژنی کولتوور (وێژە و هونەر)ی ئەم شارەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، کورد بۆ خۆی هێشتا بە گشتی هێندە بە هەمەجۆر لایەنی گەش و پرشنگداری کولتووری ئەم شارە ئاشنا نییە. رەنگە مێژووی یەك سەدەی رابردووی ئەم شارەی کوردستان، کە ئەوێی کرد بووە گرێژنەی ململانێیەکی سەخت، کورد لە لە سەنگەری داکۆکی کردن و داگیرکەریش لە هوروژمی زەوت کردنی ناسنامەی کەرکووکدا، هۆی سەرەکیی ئەو فەرامۆشییە بێت کە دەرهەق بە سەنگی کولتوورییانەی کەرکووك هەیە.

بەرکوڵێک

ئەگەر کتێبی سەرەنجام نەبووایە، کە پارچە شیعرێکی پیر ئەحمەدی کەرکووکیی پاراستووە، کەس نەیدەزانی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا (هاوسەردەمی بابا تاهیری هەمەدانی) شاعیرێکی کورد لە کەرکووك ئەم شیعرە کوردییەی گوتووە، کە سەرەتاکەی بەم دوو بەیتە دەست پێ دەکات:

«ئەز ئەحمەدی زێڕین بەرم..
ئەز ئەو دوڕەی ناو گەوهەرم
ئەرز و سەمایە لەنگەرم...
لە رۆژ حەساو ئەز لە دەرم»

لە دێر زەمانەوە کەرکووك سەزەمینی کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی بووە، ئەوەی تا ئێستا لەو کولتوور و ئەدەبیاتە دۆزراوەتەوە و ئاشکرا بووە، تەنیا مێژووی هەزار ساڵی ئەدەبیاتی نووسراوی کوردییە لەم شارەدا. مەلا عومەری رەنجووری (١٧٥٠-١٨١٠ز) کە لە کەرکووك لەدایك بووە، هەر لەو شارەشدا لە گۆرستانی شێخ محێدین بە خاك سپێردراوە،یەکێکە لە زنجیرەی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری گۆران (زاراوەی ماچۆ) لە کەرکووك، کە بە بۆچوونی نزار کەرکووکیی تۆزێر، لە سەدەی حەڤدەمی زایینەوە دەست پێ دەکات. ئەو قوتابخانە شیعرییە تەواوی سەرزەمینی ناوەڕاستی کوردستانی گرتووەتەوە، هەر لە سنەوە تا کەرکووك، لە هەردووکیشیانەوە تا دەگاتە نزیك کرماشان. دەیان شاعیری دەڤەری کەرکووك سەر بە قوتابخانە شیعری شێوەزاری گۆرانن، جێی سەرنجە شاعیرانی دەڤەری کەرکووك بەر لە پەیدا بوونی سێکوچکەی بابان (نالی، سالم، کوردی)، لە پاڵ شیعر بە شێوەزاری گۆران، شیعریان بە شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست (سۆرانی)یش گوتووە، کۆنترین نمونەی بەر دەست لەم رووەوە، شیعری پیر ئەحمەدی کەرکوکییە. رەنجووریش راستە بە گشتی شیعری بە شێوەزاری گۆران (ماچۆ) گوتووە، لە پاڵ ئەوەشدا شیعری بە کرمانجیی ناوەڕاستیش هەیە.



مەلا عومەری رەنجووری یەکێکە لە زنجیرەی شاعیرانی قوتابخانەی شیعری گۆران (زاراوەی ماچۆ) لە کەرکووك

رەنگە بەشێکی نەوەی ئەم سەردەمە پێیان وا بێت کە زانا و شاعیرانی کوردی بەر لە سەردەمی تەکنەلۆژیا هێندە بە ئاگا نەبوو بن، یان دەستیان بە هەموو شتێك رانەگەیشتووە. راستییەکەی بەم جۆرە نییە. بەڵێ راستە ئەو ئامێر و تەکنیکەی ئەمڕۆ لە بەر دەستی مرۆڤدایە، سەد ساڵ بەر لە ئێستا مرۆڤ هەر خەونیشی پێوە نەدەبینی. لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی هەڵکەوتووی سەدەکانی رابردووش دەستەپاچە نەبوون، بۆ بەدەست هێنانی زانست و زانیاری، ئەم شارە و شار، ئەم وڵات و ئەو وڵاتیان کردووە. هەر بۆیە دەبینین زانا و شاعیرێکی وەك رەنجووری کە لەکەرکووکی زیاتر لە دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستاژیاوە، لە زانستی ئەو سەدەمە زۆر بە ئاگا بووە. تەنانەت یەکێکی وەك حاجی قادری کۆیی لە سەدەی نۆزدەمدا بەم جۆرە باسی دەکات:

پەکێ رەنجووری ئەهلی کەرکووکە
فیکری بیکری هەموو وەکوو بووکە

د. مارف خەزنەدار بەم جۆرە باسی رەنجووری دەکات «رەنجووری شاعیر و رۆشنبیرێکی پڕ لە زانیاری بووە. زانیارییەکانی ئەوەندە بڵاو و فراوان و رەنگاوڕەنگ و ئەنسیکلۆپیدی ئامێز بوون، لە دواییدا بوون بە سەرچاوەی پەروەردە کردن و ئاراستە کردنی خەڵکی کورد بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری لە کۆمەڵی سەدەی هەژدەمدا. مەیدانی شیعری گەلێ فراوانە، هەموو لایەنێکی ژیانی ئادەمیزادی گرتووەتەوە، کوردێکی دڵسۆز بووە، حەزی لە سەرکەوتنی میللەتی کورد کردووە، هۆگری خاك بووە، لە گیانی ناوچەگەری و عەشیرەتگەری دوور بووە.»

مامۆستای تۆێژەر محەمەد عەلی قەرەداغی دەڵێ: رەنجووری «کۆمەڵێ تابلۆ و لاپەڕەی کەلەپووری و فۆلکلۆری بۆ تۆمار کردووین، کە هەرگیز نامرن و رەنگە بڵێم تەنیا بە بیری ئەودا هاتوون، کە بیر و قەڵەمیان لێ وەکار خا و بە هونەرە جوانەکەی خۆی بیان رەنگێنێ، بە جۆرێ کە نیگارکێشێکی لێهاتووی ئەمڕۆمان شوێن پێی هەڵگرێ، هەنگاو بە هەنگاو بیرەکانی ئەو بە رەنگ بنوێنێ، جوانترین و خۆماڵیترین تابلۆمان بۆ دەکێشێ..»


رەنجووری نەك هەر شاعیر بووە، بەڵکوو لە بواری پزیشکی، مێژوو،ئەستێرەناسی و ئایبناسیدا زانایەکی بە توانای سەردەمەکەی خۆی بووە، بەر لە پتر لە دوو ساڵ فەرهەنگێکی (عەرەبی- فارسی) ی داناوە. ئەو لە چامەیەکیدا بە ناوی (شاعیران کوردستان، گوێندان خاس) دا ناوی (٥٥) شاعیری ناوداری کوردی هێناوە، کە (١٠)یان هی دەڤەری کەرکووکن (شێخ محەمەدی جامی، میر سمایلی زەنگنە، ئەحمەد بەگی زەنگنە، محەمەد زنگنە، محەمەد ئاغای زەند، مەحموود ئاغای زەند، کارێزی، وەلی دێوانە، زەبوونی، زەنووری). لەم بارەیەوە نزار کەرکووکیی تۆێژەر دەڵێ «. شاعیر هاتووە یادی شاعیرانی دەر و دراوسێی کردووە، پاشان زمانحاڵی پێیان دەڵێت، میللەتی کوردیش لەوان کەمتر نییە و ناوی (٥٥) شاعیری کوردی بردووە کە بە داخەوە زۆربەیان هیچ زانیارییەکیان لە بارەیانەوە نییە. لە ڕێی ئەو چەند شاعیرەی ناویان لە لیستەکەی (رەنجووری)دا هاتووە و زانیاریان لەمەڕ ژیان و بەرهەمیان بەدەست گەیشتووە، هەموویان کەڵە شاعیر و ئەستێرەی پرشنگدارن لە ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا، ئیدی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوانی دیکەش کارامە و لێهاتوو بوون..»

پرۆژەی کۆتەڵی رەنجووری کە بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقافیسوننە لە پارێزگای کەرکووك گرتوویەتییە ئەستۆ، بریتییە لە دروست کردنەوەی ئارامگەی رەنجووری و هەردوو خانمە هاوسەرەی. گۆڕی رەنجووری تا ساڵی ١٩٤١ لە گۆڕستانی شێخ محێدین لە کەرکووك ما بوو، تا ئەو کاتە مریدانی رەنجووری سەردانیان دەکرد. لەو ساڵەدا سەرۆك وەزیرانی عیراق رەشید عالی گەیلان فەرمان دەدات ڕێی کەرکووك- سلێمانی بکرێتەوە. ئەو ڕێیە بە دێرینگەڕەکی ئیمام قاسم و زێویەدا گوزەری دەکرد، کە بەشێکی باکووری گۆڕستانی شێخ محێدینی بەر کەوت. لەگەڵ کردنەوەی ڕێی کەرکووك- سلێمانی، بە تەنیشتی شەقامەکەوە لە سەرەتای گەڕەکی زێویە، جووتە باخچەیەك دروست کران، ئەو جووتە باخچەیە تا ساڵی ٢٠٠٣ ما بوون. گۆڕەکەی رەنجووری دەکەوێتە باخچەی لای باشووری ئەو شەقامەی لە سەردەمی ڕەشید عالی دروست کرا، کە دروست بەدەم گۆڕستانی شێخ محێدینەوە بوو.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، قوتابیانی خوێندنی کوردی زۆر بوون، بینای قوتابخانە کۆنەکان بەشی نەدەکردن، بۆیە تەلارێکی نوێ بۆ دواناوەندیی هۆزانی کچان لە نێو ئەو باخچەیە دروست کرا، کە گۆڕەکەی رەنجووری دەکەوێتە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی دواناوەندییەکە. بۆ زیندوو کردنەوەی یادگە و دواییین مەنزڵگەی ئەو شاعیر و زانا پایە بەرزەی کوردستان، ئەوقافی کەرکووك و پەروەردەی کەرکووك رازی بوون، کە شوێن گۆڕەکەی رەنجووری بکرێتە یادگە و گڵکۆیەك بۆ ئەو کەسایەتییە. لەم ڕۆژانەشدا بە سەرپەرشتیی خالید جافی کەرکووکناس، کە بەرپرسی ئەرشیف و کتێبخانەی ئەوقافی کەرکووکە، دەست بە جێبەجێ کردنی پرۆژەکە کرا. واش چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەیەکی کەمدا پرۆژەکە بە ئاکام بگات.

بڕیار وایە گڵکۆی رەنجووری بکرێتە ناوەندێکی ڕۆشنبیری، کە بێ لە ئارامگەی رەنجووری، سەکۆیەکی بۆ چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری، کتێبخانەیەکی تایبەت بە شیعر و شاعیران، پەیکەرێکی رەنجووری و چەند لایەنێکی خزمەتگوزاریی تێدا دروست بکرێت، بۆ ئەوەی میوانانی گڵکۆی ئەو زانا و شاعیرە مەزنەی کورد ببێتە جێ ژوانی ئەدیبان و نووسەر و بوێژانی کەرکووك و تێکڕای کوردستان.

ڤیکتۆر هۆگۆ لە تاراوگەدا



ئا/ ئاکۆ عەبدوڵا

یەك لەو کتێبە بەپێزانەی دەزگای ڤایار لە پاریس دەریکرد، کتێبی (ڤیکتۆر هۆگۆ لەتاراوگە ١٨٥١- ١٨٦٤) ی جان ماری هۆڤاسە. لە ١٢٥٨ لاپەڕەی قەبارەی مامناوەندی ئەو کتێبە, ڕووماڵی یەك لە ماوە بەبڕشتەکانی کاروانە درێژەکەی ئەدەبی ڤیکتۆر هۆگۆ کراوە. نووسەر لەو بارەوە دەبێژێت : «ئەوەی ڤیکتۆر هۆگۆ لەو ماوەیەی تاراوگەدا نووسی، گەلێك زیاترە لەوەی پێشتر نووسبووی». ئاماژە بەوەش دەدات هەموو ئەو توێژینەوانەی تایبەتن بەو ماوەیەی ژیانی، بەهەمان دید هەموو بەرهەمەکانیان وەرنەگرتووە، بەڵکو بایەخیان بەلایەنێکی یاخود بەشێکی داوە، ئەوەی جان ماری هۆڤاس ئەنجامیداوە جۆرێکە لە (لەنوێ داڕێژتنەوەی) زانیاری ڕوودا و سەرچلیەکانی هۆگۆ، بە جۆرێك کە خوێنەر لەگەڵ هۆگۆ و کەسەکانی نزیکی، ئەزموونی تاراوگە بچێژێت. بە کورتی نووسەر لەو کاریدا پێکهاتەی ئەو جیهانەی هێناوەتەوەئارا کە هۆگۆ تێیدا ژیا و کتێبی وەهاشی تێدا نووسی، کە ملیۆنەها کەس لە سەرتاسەری جیهان دەیخوێننەوە و تا ئەمڕۆش خۆیان نوێ دەکەنەوە. زیادەڕۆیش نییە گەر بڵێین گێڕانەوەی ئەو گەشتە نوێیەی ژیانی هۆگۆی گەورە شاعیر و نووسەر لە تاراوگە، بەتایبەتی لە بڕۆکسلی پایتەختی بەلجیکا، بەو شێوەیە، زیاتر تێر و تەسەڵتەر لەو زنجیرە درێژانەی کە خەڵکانێکی دیکە پێوەی خەریکبوون. ئەوەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە جان ماری هۆڤاس تەواوی ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ توێژینەوە و بەدواداچوونی ژیانی ڤیکتۆر هۆگۆ.



هۆگۆ بۆ ئەو هەروەك لە پێشەکی ئەو کتێبەیدا دەڵێت: (جیهان و پاڵەوان و جەنگە کۆتاییەکەیەتی)، تێیدا بە وردی چۆنیەتی هەڵسوکەت و ڕەفتارکردنی هۆگۆ لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەر و ئەو دەمەتەقێیانە دەخوێنینەوە کە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی دەیکرد. هەروەها ئەو پاساوانەش دەبینین کە بەردەوام بۆ هاوڕێ سیاسییەکانی دەیهێنایەوە، بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە یەکڕێزییان، چونکە ئەوان لە ڕەوتی جیاجیا پێکهاتبوون و بۆچوونیان لە ئاست ناپلیۆنی سێیەم یەکنەبوو. لەو ماوەیەشدا ڤیکتۆر هۆگۆ کتێبی (ناپلیۆنی بچووك) ی لەسەر لێوارەکانی زەریای ئەتڵەسی نووسی.

ڤیکتۆر هۆگۆ زۆر بە تووندی دژایەتی ناپلیۆنی دەکرد، بەجۆرێك کە دەزگاکانی ئاسایش لە پاریس کەسێکیان نارد تاراوگە لەسەر دەرگای ماڵی بنووسێت (هۆگۆ پیاوێکی بەدە). نووسەر دەڵێت : «لەو ڕۆژگارەدا ئەوانەی کتێبی ناپلیۆنی بچووکیان لە فەرەنساوە خوێندبۆوە کە بە قاچاغ گەیشتبوو ناو فەرەنسا، چەندان مانگ لە بەندیخانە دەیاننالاند». لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت باردۆخی ئەوسای فەرەنسا و جەنگەکانی، چەندە مەترسیدار بووبن. نووسەر لەسەر زاری شارل هۆگۆی کوڕی ناوبراو ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو کە دەڵێت : «باوکم ڕۆڵی ئاشتبوونەوەی دەگێڕا لەنێوان ئەو کەسانەی ڕایانکردبوو، کەچی ئەوان لەناو دەریا کەوتبوونە گیانی یەکتری».

دواتر جان ماری هۆڤاس داکۆکی لەوە دەکات، ڤیکتۆر هۆگۆ لە تاراوگە هەموو جۆرەکانی دڵەڕاوکێ و ترسی چێشتووە، دڵەڕاوکەی ئایینی و ترس لە کۆتکردنە دەست. ئەمەو هەستیشی بە دابڕان دەکرد، بەڵام (بەندیخانەی تاراوگە) قەرەبووی بۆ کردەوە، بوو بە هەوێن بۆ بەرهەمهێنانی ژمارەیەك ڕۆمانی بەپێز لەوانە (بێ نەوایان) کە یەکسەر دوای بڵاوبوونەوەی، لەناو فەرەنسا شەپۆلێکی ناو، بۆکچان و کوڕان بە ناوی (کوزیت) ی منداڵی ناو ئەو شاکارە، تەنیەوە.

جێگای سەرنجە جان ماری هۆڤاس لە شیکردنەوەکانی، بۆ ئەو ڕۆژنامانە گەڕاوەتەوە کە لەو کاتە دەردەچوون کە هۆگۆ لە تاراوگەدابوو. هەروەها پشتی بەو نامانەش بەستووە کە ناوبراو لەگەڵ هاوڕێکانی لە پاریس و شوێنەکانی دیکە ئاڵوگۆڕیان دەکرد. ئەمە جگە لەوەی بەوردی لە واتاکانی ئەو شیعرانەی هۆگۆشی کۆڵیوەتەوە کە لەو ماوەیەدا نووسیبووی، تا تروسکایی بدەن بە ژیانی خاوەنەکەی. ئەنجام دەگاتە ئەوەی پێیان بڵێت: « ئەو نەیارە سەر سەختەی ناپلیۆنی سێیەم، وەها خۆی دادەنا کە داوای لێکرابێت (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا) بنیادبنێت، بەبێ ئەوەی گوێ بەو کۆسپ و بەربەستانە بدات کە پرۆژەکەیان بەرەو مەحاڵ دەبرد. یاخود سپیداگەڕانی ردینی بە هێند هەڵگبگرێت».

ماوە بڵێین جان ماری هۆڤاس تۆێژەری سەنتەری نیشتیمانی فەرەنسی بۆ توێژینەوەی زانستی، پێشتر بەبۆنەوەی ٢٠٠ ساڵەی لە دایکبوونی هۆگۆ، کتێبێکی دیکەی بەناوی (ڤیکتۆر هۆگۆ بەر لە تاراوگە ١٨٠٢- ١٨٥١) بڵاوکردەوە. دواتریش خۆی تەرخانکرد بۆ نووسینی کتێبی سێیەمی ئەو زنجیرەیە بەناوی (ڤیکتۆر هۆگۆ پاش تاراوگە).







تەرەمپ و شەڕی ڕاگەیاندن
حەز دەکات ناوی بێت، یان هەر ناوی ئەو بێت!!



غازی حەسەن

لە دەرکەوتنی وەکو سیاسییەك لە ساڵی 2015 دۆنالد تەرەمپ بەردەوام لەسەر زاری دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، یەکێکە لەو سەرۆکە دەگمەنانەی ئەمەریکا، بەم جۆرە ڕاگەیاندن دژایەتی بکەن و وەکو ئەستێرەیەکی شەڕ، یان پڕ لە کەموکوڕی و وەکو داری بەر ڕەشەبا نیشان بدرێت. گوتاری دژایەتی تەرەمپ، گوتاری بەردەوام مانەوەیە لەنێو ڕاگەیاندن. هارلود هولزر لە کتێبەکەی دەربارەی دیداری ڕۆژنامەوانی سەرۆکەکان، کە لە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز بڵاوبۆتەوە ئاماژە بەوە دەکات ئەو شتە هەستیارانەی تەرەمپ دەیانوروژێنێت پەیوەستن بە ئازادی دەربڕین و مامەڵەی تۆند لەگەڵ پەیامنێرانی ڕۆژنامە، جۆرێکە لە سوکایەتی، تەنیا هەتا پۆستەکانیشی دەربارەی (هەواڵی درۆ) ئیستفزازی بۆ کەسانی دیکە تێدایە. ئەو ڕاگەیاندن بە دوژمنی گەل وەسف دەکات، یان هەڕەشەی تۆلەکردنەوە لە هەندێك دەزگای ڕاگەیاندن دەکات. پێویستە سەرۆك ئارام بکرێتەوە، ئەو یەکەمین سەرۆك نییە، بەم جۆرە هەموو سنووورەکانی دژی ڕۆژنامە بەزاندبێت، ئەو تەنیا دوژمنی یەکەم (هەموارکردنەوەی دەستوور) نییە، تەنیا ئەو ڕەنگە لەپلەی پێنجەم بێت لەنێو سەرۆکەکاندا، کە بەتوندی مامەڵەیان لەگەڵ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە کردووە. ئەم قسانە لە ڕۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت 31ی ئابی 2020) بڵاوکراوەتەوە. لە مێژووی ئەمەریکادا هەمیشە بەهۆی ئەو ئازادییەی ڕاگەیاندن هەیەتی، ناکۆکی تۆند دەکەوێتە نێوان کۆشکی سپی و ڕاگەیاندن، بەڵام ئەوەی تەرەمپ لە دۆخێك و شێوازێك دایە، کە پێ دەچێت شەڕێکی بەکردەوە لەنێوان کۆشکی سپی و ستافەکەی و ڕاگەیاندن هەبێت. تەرەمپ بەشێوەیەکی تۆند و ڕاشکاوانە لەبەردەم کامێرا و لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسان و تەنیا لەنێو زاکیرەی خەڵکیشدا بێت. ئەو ڕووبەڕووبونەوە و هێرش و وەڵام و وەڵامکارییەی ڕۆژانە ڕووەدەدات، وایکردووە تەرەمپ بە زۆرترین شێوە و جۆر و مەبەست ناوی لەنیو ڕاگەیاندن و لەسەر زاران بێت. لە بەراوردێکی نێوان تەرەمپ و ئۆباما، لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست لەبارەی کتێبەکەی هارولد هولزر نووسراوە، کە ئۆباماش یەکێك بووە لەوانەی مامەڵەیەکی خراپی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کردووە، بەڵام بە شێواز و ڕێگەیەکی جیاواز لەوەی تەرەمپ دەیکات. ئۆباما شەڕێکی هەقیقی دژی ڕۆژنامەنووسان و پشکنین دەکرد، تاکو هیچ زانیارییەکیان دەست نەکەوێت، کە دەبێتە مایەی ڕووزاندن. جیاوازی نێوان ئۆباما و تەرەمپ ئەوەیە، ئۆباما لە ڕێگەی پێکەنینەزەقەکەی دوژمنایەتی ڕۆژنامەی دەکرد و تەرەمپیش بە شێوە تۆندە زەقەکەی.

گرنگ ئێمە دەزانین پەیوەندی نێوان سیاسەت و ڕاگەیاندن هەمیشە پەیوەندییەکی ناجێگیرە، ئەوەی لەم ساتەدا دۆستە و مایەی ڕێزگرتنە لەلایەن سیاسییەکانەوە، یان بەپێچەوانەوە لەلایەن ڕاگەیاندنەوە، گریمانە دەکرێت لە بەیانیدا گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا بێت. ڕۆژنامەنووسان هەمیشە دەیانەوێت لەنێو سندوقە ڕەشەکانی دەسەڵات و کەسە دیارە باڵادەستەکان زانیاری نەگوتراو، زانیاری بڤە و کاریگەر بدۆزنەوە و بڵاوی بکەنەوە، دەسەڵاتدارانیش دەیانەوێت لە گۆشەیەکی دیاریکراوی ئاراستەکراودا مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندن بکەن. هەر یەکەش شێواز و ڕێگەیەکی جیاواز لە چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندن هەڵدەبژێرێت. لە دژایەتی و ناکۆکیشدا شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن. گوتاری تەرەمپ لە دژایەتی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن گوتارێکی ڕاستەوخۆی زەق و هێرشبەر و ئابڕووبەرانەیە. لە بنەڕەتدا تەرەمپ لەوتەی هاتۆتە نێو کۆشکی سپی گوتاری بروسکە ئامێزی زەقی وروژێنەری پیادەکردووە، بۆیە گوتاری جیوەیی، ڕەخنەگرانە و هێرشبەری هەبووە، لەگەڵ ڕاگەیاندن زەق و تۆند بووە. لە ئالەکەی دیکەشدا بەڕێز مامەڵەکردنیش لەگەڵ ڕاگەیاندن شێوازی جیاوازی دیپلۆماسی و سیاسی و دارایی و بەپاشکۆکردن و ڕێزگرتنی واقیعیانە و ئاشتەوایانە مامەڵەکردن هەیە. هەردووکیان پشت بە فەلسفە و ڕێبازێکی جودا لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندن دەبەستێت.ئەوەی ئێستا تەرەمپ پیادەی دەکات، بریتییە لە هەمیشە و بەردەوام دەرکەوتن و ناوهاتنی لە ڕاگەیاندن، بۆ ئەوەی بۆ چرکەیەکیش لە زاکیرەی هاووڵاتی دانەبڕێت. هەندێك لە سیاسییەکان بروایان وایە دەبێت بەڕێگەی تایبەتی خۆیان مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندن بکەن، با بەخراپیش بێت، باشە ناویان بێت، بچنە نێو زاکیرە و بیری هەموو کەسێك. ئەوەی دەبینرێت تەرەمپ پێدەچێت بڕوای بەوە بێت، ناوی بێت، بەڵام هەردەم و بەردەوام ناوی لەسەر زاران بێت و تەنیا و تەنیاش هەر ناوی ئەو بێت و ئەو لە ڕاگەیاندن بەپلەی یەکەم و لە زۆرترین پانتایی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنا ناوی بێت، گرنگ نییە چۆن ناوی دێت، بەڵام دەبێت بەردەوام لە بەیانییەوە، تاکو بەیانیی هەر دەبێت ناوی ئەو بێت. ئەمەش بەشێکە لە ڕێگە و ڕێبازی بانگەشە و پڕوپاگەندەی سیاسی.



مانشێت




سپوتنیک:
بومبەلەرزەیەك بە گوڕی 5.2 پلە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ژاپۆن ڕوویدا و زیانی گیانی لێ نەکەوتەوە.



سکای نیوز:
لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کەسێك بە چەقۆ هێرشی کردە سەر ژمارەیەك خەڵك و یەکێکی بە سەختی بریندار کرد ، پۆلیسیش تا ئێستا بەدوای هێرشبەرەکەدا دەگەڕێ.




یۆرۆ نیوز:
بۆریس جۆنسنی سەرۆکوەزیرانی یەریتانیا ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری داهاتووی وەك دوایین واده دیار کرد بۆ ئەوەی سەبارەت بە بڕێگزت لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بگەنە ڕێککەوتن.



ڕۆیتەرز:
دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکانی دژی ڕەگەزپەرستی لە شاری پۆرتلاندی ئەمەریکا تووندوتیژیان تێکەوت، پۆلیس 50 خۆپیشاندەری دەستگیر کرد.



فرانس 24:
ژمارەی تووشبوانی ڤایرۆسی کورۆنا لە هیند گەیشتە 4.20 ملیۆن کەس ، بەمەش ئەم وڵاتە ئێستا لەدوای ئەمەریکا بە پلەی دووەم دێت.



کەنالی ئار تی:
کەشتیگەلی پێنجی سەر بە سوپای ئەمەریکا ڕایگەیاند دەریاوانێك لە دەریای عەرەب شوێنبزرە و تا ئێستا گەڕان بەدوایدا بەردەوامە.

تەرەمپ ڕەخنەی تۆند ئاڕاستەی بایدن دەکات

سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد تەرەمپ، لە میانەی بەشداری کردنی لە چالاکییەکدا لە ویلایەتی پەنسلڤانیا باسی لە هەڵپژاردنەکانی مانگی تشرینی دووەم کرد.تەرەمپ ڕەخنەشی لەو ڕاپرسییانە گرت کە وا نیشاندەدەن کاندیدی پارتی دیموکرات، جۆ بایدن لە پێش تەرەمپەوەیە و ڕایگەیاند «ئەم ڕاپرسیانە دەیانەوێت تێوە تووشی خەمۆکی بکەن. ئایا تێوە دوچاری خەمۆکی بوون؟ هیچ وا دەرناکەون کە خەمۆکیتان هەبێت».



سەرۆکی ئەمریکا ڕەخنەی تۆندیشی ئاڕاستەی جۆ بایدن کرد و گوتی: «بایدن بوکەڵەی سۆسیالیست، مارکسیست و ئەو تۆندڕەوانەیە کە ڕقیان لە پۆلیسە».تەرەمپ تانەی لەوەشدا کە بایدن بەردەوام دەمامك بەکاردەهێنێت و ڕایگەیاند «دەمامك، بەجۆرێك لە جۆرەکان هەستی دڵنیایی بە بایدن دەدات. ئەگەر من پزیشکی دەرونی بوومایە دەمگوت بایدن کێشەی دەرونی گەورەی هەیە». سەرۆکی ئەمریکا لە بارەی خۆپیشاندانەکانی وڵاتەکەشییەوە دوا کە ناوبەناو پێکداهەڵپژان و تووندوتیژییان تێدەکەوێت و جارێکی دیکە خۆپیشاندەرانی بە «تیرۆریستی ناوخۆیی» ناوبرد و گوتی: «بایدن دەیەوێت سازش لەگەڵ تیرۆریستە ناوخۆییەکان بکات، منیش دەمەوێت ئەو تیرۆریستانە دادگایی بکەم».دۆنالد تەرەمپ، کاردانەوەی تووندیشی بەرامبەر ئەو تۆمەتانەی پارتی دیموکرات نیشاندا کە بە هاوەستی ڕووسیا تۆمەتباری دەکەن و گازندەی ئەوەی کرد کە پارتی دیموکرات هەمیشە باسی ڕووسیا دەکات بەڵام هیچ لە بارەی چین نادوێت.سەرۆکی ئەمریکا لە درێژەی گوتەکانیدا باسی لە هەوڵەکانی وڵاتەکەی بۆ دۆزینەوەی پێکوتی دژ بە کۆرۆنا کرد و ئەوەی ئاشکرا کرد کە سێ پێکوتی جیاواز لە کۆتا قۆناغی تاقیکردنەوەدان.تەرەمپ ئاماژەی بەوەدا کە ئەگەر هەیە پێش کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم پێکوتەکە دابەشبکرێت، جەختی لەوەش کردەوە کە ئەم کارە لە پێناو بانگەشەی هەڵبژاردن نابێت بەڵکو بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان ئەنجام دەدرێت.

بۆچی رەشنووسی یاسای شوێنەوار بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار هیچی لە هەگبەدا نییە؟







نادر روستی

شوێنەوار یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی گەشتوگوزار لە گشت جیهان، هەندێك وەڵات لە رێگای شوێنەوارەکانیان یان لە رێگای مۆزەخانەکانیان ساڵانە هەزاران و بگرە ملیۆنان گەشتیار بۆ وڵاتەکەیان رادەکێشن، لە رێگای بە گەشتیاری کردنی شوێنەوارەکانیش لە لایەن حکومەتەوە بێت یان لە رێگای کەرتی تایبەتەوە بێت وەبەرهێنانیان لە بەشێکی شوێنەوارە گرنگەکان کراوە و خزمەتگوزاری گەشتیارایان بۆ دابین کراوە و کراون بە پڕۆژە و داهاتێکی زۆریان بۆ وەڵات هەیە.

شوێنەوار دوای دۆزینەوەی بە قۆناغی کنەوپشکنین و ساغکردنەوە لەڕووی میـژووی و تۆمارکردن ڕەتدەبێت، ئەگەر شیاو و لەباریش بێت دەکرێ لە ژێر سەرپەرشتی شارەزایان نۆژەن بکرێتەوە، دوای نۆژەن کردنەوەش پێویستی بە گەشتیاری کردن و ناساندن هەیە، بۆ ئەوەی زۆرترین گەشتیار سەردانی بکەن و ببێت بە سەرچاوەیەکی داهات بۆ وڵات.

بە پێی دوا زانیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوینەوار زیاتر لە 8 هەزار شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان هەیە. هەبوونی ئەم ژمارەیە ئامارێکی دڵخۆشکەری شارستانیەتی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەت کاتێك دەگوترێ ئەشکەوتی شانەدەر یەکێکە لە کۆنترین ئەشکەوتی شوێنەواری لەسەر ئاستی جیهان، هەروەها دۆزینەوەی گوندی بێستانەسوور لە نزیك سلێمانی کە میۆوەکەی بۆ 10هەزار ساڵی پێش زایین دەگەڕێتەوە، وەك کۆنترین گوندی کشتوکاڵی لە جیهان بایەخی شارستانیەتی هەرێمی کوردستانی زۆر زیاتر کردوە، لە بیرمان نەچێ کە قەڵای هەولێر بە کۆنترین قەڵا هەژمار دەکرێ کە ژیانی تێدا بەردەوامە و لە لایەن رێکخراوی یونسکۆی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێنراوە، دوای نۆژەنکرنەوەش دەبێتە شوێنکی گەشتیاری گرنگ. مەدرەسەی قوبەهان و هەڵکۆڵدراوەکانی قسقاپان و خنس و قەڵای شێروانە و قەڵای ئامێدی و ژمارەیەك لە شوێنی پیرۆزی شوێنەواری ئایینی، شوێنی بەناوبانگی شیاوی گەشتیارین، سەرەڕای چەندان چیرۆکی وەك شەڕی گۆگمێلا و دۆزینەوەی چەند ناوچە و شار لە دەڤك و هەولێر و سلێمانی کە میۆووەکەیان بۆ 2 تا 4 هەزار ساڵی پێش زایین دەگەڕێنەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ یاسایەکی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستاندا تایبەت بە شوێنەوار نەبوو و تاکو ئێستا پشت بە یاسای 59 ساڵی 1936 ئێراق دەبەسترێ.

ئەوەی خرایە روو تەنیا بۆ زانیار بوو، بەڵام کێشەی گەشتوگوزار لەوەدایە کە لە هەرێمی کوردستان رێنمایەك یان یاسایەك نییە کە رێگای بدات شوێنەوارەکان وەبەرهێنانیان تێبکرێ و بکرێن بە شوێنی گەشتیاران و داهاتیان بۆ گەشتوگوزار یان بۆ حکومەتی هەرێم هەبێت، یان رێنمایەك هەبێت کە رێگا بەمۆزەخانەکان بدات، کە لە دوای دەوامی فەرمی و لە رۆژانی پشوو بکرێنەوە و بە بلیت رێگا بە هاوولاتی و گەشتیاران بدرێ سەردانیان بکەن. کێشە لەوە دایە نە یاسایەك بۆ گەشتوگوزار هەیە و نە یاسایەك بۆ شوێنەوار و نەیاسایەك بۆ مامەلەکرد لەگەڵ بابەتە کولتووری و موزەخانە کولتووریەکان هەیە، لەم بوارەدا پاشاگەردانیەك هەیە، کە مەترسیەکی گەورەی لەسەر شوێنەوار و بابەتە کولتووریەکان دروست کردووە، بۆیە کەمترین شوێنی شوێنەوار بە گەشتیاری کراون، ئەوانەی کەکراون لە پەنجەی یەك دەست تێناپەڕن و بەشێوەیەکی نارێك ئیدارە دەکرێن، بەڵام ئەوانیش داهاتێکی روون و دیاریکراویان نییە، ئەم کێشەیە پێویستی بە چارەسەر هەیە، بەبێ چارەسەرکردنیشی ناتوانین کەرتی گەشتیاری وەك پێویست پەرە پێبدەین، بەتایبەت ئەگەر مەبەستمان بێت وەك وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان سوود لە شوێنەوارەکان وەربگرین و بیانکەین بە شوێنی گەشتیاری و بین بە سەرچاوەیەکی داهات بۆ وڵاتەکەمان. جێگای دڵخۆشی و دەست خۆشییە کە هەوڵێك هەیە بۆ دەرکردنی یاسای شوینەوار بۆ شوێنەوارەکانی هەریمی کوردستان، رەشنووسی یاسایەکە دراوەتە پەرلەمان، وێڕای دەستخۆشیم بۆ ئەو کەس و لایەنانەی ئامادەیان کردووە، بەڵام پێویستی بە دەڵەمەندکردنی هەیە، بانگەشتکردنی شوێنەوارناس و بەڕێوەبەری شوێنەواری شارەکانی هەرێم بۆ بۆ پەرلەمان، بەمەستی رای وەرگرتن هەنگاوێکی باش بوو، بۆ ئەوەی باشتریش بێت، پێویست بوو دوو کەس یان زیاتر لە بەرپرس و لە شارەزایانی گەشتوگوزاریش بانگەشت بکرابوونایە و راوبۆچوونیان بۆ دەڵەمەند کردنی پرۆژەکە یاساکە وەربگیرابوایە، چونکە ئەم پڕۆژەیە بۆ رێکخستنی یەکێك لە سامانە بە نرخەکانی وڵاتە، ئەم پرۆژەیە پرۆژەی نیشتمانێکە، بۆ تاکە کەسێك و بۆ چەند یەپرسێك دەرناکرێ. پێویستە پرۆژەی رەشنووسی یاسای شوێنەوار گرنگییەکی زۆر بە دوو خاڵ بدات کە بۆ ئایندەی شوێنەوار زۆر گرنگن: یەکەم – وەبەرهێنان لە شوێنەوارەکان لە لایەن کەرتی تایبەت و لە لایەن حکومەت. دووەم – بەگەشتیاری کردنی شوێنەوارەکان، واتە دوای نۆژەنکردنەوە و رێکخستن و ئامادەکردنی لە لایەن پسپۆڕانی شوێنەوار، بۆ سەردانی کردنی گەشتیاران، بە دابینکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری، بکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاری. دوای بە گەشتیاری کردنی شوێنەوارەکەش بە بازاڕکردنی بۆ بکرێ تا زیاتر بناسرێ. ئەم سێ بابەتە (وەبەرهێنان، بە گەشتیاریی کردن، بەبازاڕکردن) پێویستە بە چەند ماددەیەکە، کە بخرێنە ناو رەشنووسی یاسای شوێنەواری هەرێمی کوردستان، کە پێویستە ماددەکان روون بن و لێل نەبن، دواجار لێکدانەوەی ئارەزوومەندانەی بۆ نەکرێ، کە ڕەنگە هەندێك لە بەرپرسان لەجیاتی باش بەکارهێنان، خراپ ماددەکان بەکار بێنن و لە بەرژەوەندی بە گەشتیاریی کردنی شوێنەوارەکە نەبێت. من ئاگادارم کە لە رەشنووسی یاساکە لە دەروازەی یەکەم لە ماددەی 10 باسی وەگرخستنی شوێنەوارەکان و شوێنە کەلەپوورییەکان کراوە، کە دەقێکی زۆر لاواز و لێلە، بۆیە پێویستی بە راشکاوی و ڕوونکردنەوەی باشتر هەیە، ناکرێ بابەتێکی ستراتیژی بە یەك رستەی تەماوی کۆتایی پێ بێنیت، رەنگە بگوترێ دواتر رێنمای پێ دەردەکرێ، بەڵام هەموومان دەزانین کە یاسا لە رێنمای بە هێزترە، بۆیە پێویستە بە یاسا کێشەی وەبەرهێنانی شوێنەوار و بە گەشتیاریکردنی شوێنەوارەکان لە یاسای شوێنەوار جێگای بکرێتەوە، ئەگەر ئەمەش نەکرێ، ئەوە شوێنەوارێك و بەردێك وەك یەك بێ سوود دەبن.

شوێنەواری قزقاپان پاککرایەوە، گرنگە پیس نەکرێتەوە



هەڵکۆڵدرا و نەخش و نیگارەکانی قزقاپان لە کوردستان دەگمەن و سەرنجراکێشن، بەردەوام گەشتیاری بۆ ناوچەکە راکێشاوە، میـژووی شوێنەوارەکە بۆ سەردەمی دەوڵەتی میدیا دەگەڕێتەوە. لە ساڵانی رابردوو بە دەستی هەندێك کەسی ناوشیار بە بۆیە و نووسین شێوێندرابوو، لە ماوەی رابردوو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی بە هاوکاری پارێزگاری سلێمانی و رێکخراوی کەریمی عەلەکە لە هەڵمەتێدا پاککرایەوە، وێرای دەستخۆشی بۆ هەموو لایەك، گرنگە رێگە نەدرێ کە دووبارە پیس بکرێتەوە.

پیسکردن و نەپاراستنی شوێنەوارەکان زۆرجار لە لایەن گەشتیارە بیانییەکان بۆتە جێگای تێرامان و بە کەمزانینی ئاستی ناوشیاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بۆیە هەموومان بەرپرسین لە پاراستنی شوێنەوارەکان کە سامانێکی نیشتمانین.

کێشەی داربڕین، کێشە بۆ گەشتوگوزار دروست دەکات

سروشت بنەمایەکی بەهێزی گەشتوگوزارە لە جێهان، بەتایبەت لە هەریمی کوردستان لە 75%ی گەشتوگوزار پشت بە سروشت دەبەستێت، سەوزای و هەبوونی دارستان بنەمای سروشت بەهێتر دەکەن و کەشی گەشتیاری زۆر لەبارتر دەکەن، بەڵام جێگای نیگەرانییە کە بە هۆی نەبوونی سوتەمەنی بۆ زستان و نەبوونی کارەبایەکی بەردەوام بۆ هاوولاتیان، لە سەرەتای وەرزی پایزی هەموو ساڵێك لە ناوچە شاخاوییەکان هەندێك هاوولاتی بەهۆی پێداویستیییان بۆ سووتەمەنی دەست بە بڕینەوەی داری ناو دارستان و سروشتی کوردستان دەکەن، ئەم دیاردەیە هەندێکجار بەجۆرێك بەرفراوان دەبێت کە ناوچەیەکی فراوان دەگرێتەوە، هەندێکجاریش بازرگانی پێوە دەکرێ، بۆیە پێویستە بەر لە فراوانبوونی داربڕینەوە بەپرسانی هەرێم رێگا چارەیەك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە.



بۆ یەکەم جار تاقگەی گەلوێشکە بناسە



هەرێمی کوردستان زیاتر لە 20 تاقگەی لێیە، بە قەبارە و بەرزی و جوانی جیاوازەوە، هەندێکیان زۆر ناسراون و بوونەتە هاوینەهەوار و مەڵبەندی گەشتیاران، هەندێکیش بەهۆی دووری و شوێنی سەختیان کەمتر بینراون، تاقگەی گەلوێشکە یەکێکە لەوانەی زۆرکەم بینراوە، بۆیە بە ئێوەی ئاشنا دەکەین.

تاقگەی گەلوێشکە دەکەوێتە گوندی سەرشێو لە ناحیەی ئیسێوە لە قەزای قەڵادزە. با پێکەوە گەشتێکی بۆ بکەین، سەرەتا دەگەی بەگوندی دەوژان، لەوێ تاقگەی دەوژان دەبینیت، دواتر 45 خولەك بە شاخڕەوی دەڕۆیت تا دەگەیتە شوێنی تاقگەکە، دیمەنێکی جوان و رازاوەیە، تاقگەکە لە بەشی خوارەوە 31 مەتربەرزە، بەشی دووەم کەڕاستەوخۆ لەسەرتاقگەی یەکەمە، نزیکەی 65 بۆ70مەتر بەرزە، بەڵام ئاوەکەی بە شاخەکە شۆڕ دەبێتەوە و وەك بەشی خوارەوە قەڵبەزەی نەکردووە، لەوەرزی هاوین ئاوەکەی کەم دەبێت، بەڵام لەوەرزی زستان و بەهاردا ئاوەکەی پڕ بەدۆڵەکە دێت و زۆرسەرسوڕهێنەرە. ناوچەکە ناوچەیەکی پاك و فێنك و سەلامەتە، هەرچەندە سەرسنورە، بەڵام ناوچەکە لەلایەن پاسەوانانی سنوری عێراقەوە پارێزراوە.

وێنە و زانیاری: ئاری ئەحمەد کوردە

مێسی بووە قوربانیی نەزانی باوکی

هۆگۆ سانچێز یاریزانی پێشووی ریاڵ مەدرید و هەڵبژاردەی مەکسیك پێی وایە مێسی بووەتە قوربانیی هەڵەکانی باوکی.

سانچێز لەبارەی دواپێشهاتەکانی مێسی و بەرشلۆنە پێی وایە باوکی مێسی لە کاروباری گواستنەوەی یاریزانان زۆر ناشارەزایە و هیچی لەبارەوە نازانێت.

دەشڵێت چۆن دەکرێت یاریزانێك نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی 700 ملیۆن یۆرۆ بێت، چ یانەیەك لەم قەیرانە دەتوانێت مێسی بباتە ریزەکانی، ئەوە ئەوپەڕی نەزانییە.

رۆنالدۆ بۆ یارییەکەی ئەمشەو ئامادەیە

کریستیانۆ، ئەستێرە و کاپتینی هەڵبژاردەی پۆرتوگال ئامادەیە بۆ ئەوەی بەشداری لە دووەم یاری هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لە خولی نەتەوەکانی ئەوروپادا بکات.

کریستیانۆ رۆنالدۆ، بەهۆی هەوکردنی پەنجەیەکی پێی نەیتوانی بەشداری لە یەکەم یاری هەڵبژاردەی پۆرتوگالدا بکات، کە بەرامبەر هەڵبژاردەی کرواتیا بوو، و هاوڕێکانی رۆنالدۆ بە 4 - 1 یارییەکەیان بردەوە.

هەڵبژاردەی پۆرتوگال رۆژی سێشەممە لە دووەم یارییدا دەبێتە میوانی هەڵبژاردەی سوێد، کە وادیارە دۆن بۆ ئەو یارییە ئامادەیە، چونکە رۆژی یەکشەممە بەشێوەیەکی ئاسایی بەشداری لە مەشقەکانی هەڵبژاردەکەیدا کردووە و بە تەندروستییەکی باشەوە دەرکەوتووە.

هەڵبژاردەی پۆرتوگال هەڵگری یەکەم نازناوی پاڵەوانێتی خولی نەتەوەکانی ئەوروپایە، کریستیانۆ رۆنالدۆ، گۆڵکاری میژوویی هەڵبژاردەی پۆرتوگاڵە و لە 164 یارییدا 99 گۆڵی تۆمارکردووە و لە بەرامبەر سوێد هەوڵدەدات گۆڵی 100ـی خۆی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی تۆمار بکات.



دیاز بە خواستن چووە میلان

یانەی ئەیسی میلانی ئیتاڵی بە فەرمی رایگەیاند، یانەکەیان بەشێوەی خواستن ئیبراهیم دیازی گواستۆتەوە ریزەکانی.

ئیبراهیم دیازی یاریزانی پێشووی یانەی ریاڵ مەدرید بە شێوەی خواستن و بە رەزامەندی زیدانی راهێنەری یانەی میرەنگی رووی کردۆتە ئەیسی میلان.

دیاز لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاندووە:پێش ئەوەی بچمە میلان پرسم بە زێدان کرد، بۆچوونی لەسەر خولی ئیتاڵیا زۆرباش بوو.

یانەی ئەیسی میلان لە پڕۆژەی نوێی یانەکەیدا چەند یاریزانێکی گەنجی گواستۆتەوە ریزەکانی ئامانجیەتی لە خولی نوێی وڵاتەکەدا بگەڕێتەوە بۆ نێو رکابەرەکان.

سواریز، مێسی جێدەهێڵێ و لە لای رۆنالدۆ دەگیرسێتەوە

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان باڵوێانکردەوە، یانەی یوڤانتۆسی ئیتالی لەگەڵ لویس سواریز، ئەستێرەی ئۆرۆگوایی و یانەی بەرشلۆنە گەیشتە رێککەوتن و ئەو یاریزانە دەچێتە یانە ئیتالییەکە.

بەپێی دواییەن پێشهاتەکان، گرێبەستی هێرشبەرەکەی یانەی بەرشلۆنە لەگەڵ یانە ئیتالییەکە بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبێت و ئەو یاریزانە هەمان ئەو موچەیە وەردەگرێت، کە لە یانە کەتەلۆنییەکە وەریدەگرێت، کە موچەکەی 10 ملیۆن یۆرۆیە.

لویس سواریز ماوەیەکی زۆرە ناوی لەگەڵ یانەی یوڤانتۆس دەهێندرێت، لەکاتێکدا رۆنالدۆ کۆمان، بە یاریزانەکەی گوتووە بۆ وەرزی نوێ لە پلانەکانی ئەودا نییە.

ئەمشەو لە خولی نەتەوەکانی ئەوروپای

ئەرمینیا- ئیستۆنیا

جۆرجیا- مەقدۆنیای باکوور

فەڕەنسا- کڕواتیا

قوبرس- ئازەربیجان

دانیمارك- ئینگلتەرا

لۆکسمبۆرگ- مۆنتینیگرۆ

سوید- پورتوگال

بەلژیکا- ئایسلەندا

ماسك بەستن
خەبات XEBAT
Tue.8 Sep. 2020 No.:(6001)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

هونەرمەند شنیار:

دەمەوێ وێنای ژیانی خۆم بەدەنگ و نواندن ڕۆڵ ببینم و بە دەروبەر بگەیەنم کە چەند کۆڵنەدەرم

هەتا ئەم کاتە سەختیەکانم تێپەڕاندووە، بۆ لەمەودواش بە هەمان شێوە ئەبم



دیمانە: وریشە عومەر

شنیار محەمەد ئەمین ،خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدە و ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانیە، خوێندکاری پەیمانگای وەرزشیە و کۆتا ساڵیەتی، هونەرمەندی گۆرانیبێژە و ئەیەوێت دەست بە نواندن بکات، ئەم خاتوونە دڵی بۆ(خەبات) کردەوە و قسەی لەسەر بواری هونەری بۆخەبات کرد:

چۆن باس لە ئەزموون و ئاشنا بوونت بەدونیای هونەر دەکەیت؟

من لە خوێندنی قۆناغی سەرەتاییەوە بەشداری چەندین چالاکی جۆراو جۆرم کردووە هەمیشە گۆرانیم وتووە چەندین خاڵم دانـاوە هەتـا ئێستا بـە یـەک بـە یەکی ئـەو خاڵانـەم گەیشتووم، ئەتوانم بڵێم هونەرخولیـاو ئاواتـی منداڵیمـە.

هەورامـان دەنگێـژی باشـی تیـا هەڵکەوتـووە، ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ هەڵکەوتـەی ناوچەکـە یـان بایەخـدان بەهونـەر؟

مـن خـۆم خەڵکـی هەڵەبجـەی شـەهیدم عادەتـەن هەڵەبجەییـەکان بەگشـتی کـێ بێـت یـان کـوڕ زۆرینەیـان دەنگیـان ناوازەیـە، بەڵـێ ئەکرێت بڵێیـن سروشـتی جوانـی هەورامـان ئیلهـام بەخشـە.

وەک کچـە گۆرانیبێژێـک دە تەوێـت چـی بکەیت بـە بـەراوورد لەگـەڵ ئـەو ئافرەتـە گۆرانیبێژانـەی پێش خۆت نەیانکرد بێت؟

ئەمەوێـت وێنـای ژیانـی خـۆم ، هـەم بـە دەنگـم هـەم بـە نوانـدن و ڕۆڵ ببینیـم ، بگەیەنمـە دەورو بـەرم کـە چەنـد کچێکـی کۆڵنـەدەرم.

تاچەنـد بـوار ڕەخسـاوە بـۆ ئێـوەی ئافرەت کـە بتوانـن وەک بوارەکانـی دیکـەی ژیـان لەبـواری هونـەردا کار بکـەن؟

تاڕادەیەکـی زۆر کـەم بەڕاسـتی گوڵـان زۆر کەمـە ئافرەتمـان زۆر کەمـە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش خانمـە هونەرمەندەکانمـان ئەوەندە بەهێـزوو چـالاک بـوون هەندێکجار بۆشـاییەکانیان پڕکردۆتـەوە.

تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمیت ؟

خاوەنـی سێ بەرهەمـی تایبـەت بـە خۆمـم، ئینشـائەڵڵا لـە داهاتـودا کاری زۆر جوانـترو باشـتر لـە ئێستام ئەبێت.

توانـا و بەهـرەی ئافرەتـە دەنگبێـژەکان چـۆن دەبینـی بەبـەراوورد لەگـەڵ سـاڵانی پێشـووتر؟

سـاڵانی پێشـتر بـە بـەراوورد لەگـەڵ ئێسـتادا جیاوازییەکـی ئێجـگار زۆری هەیـە مـن بـاوەڕم وایـە لـە ئێسـتایا خانمـی زۆر باشـمان هەیـە لـە سـەردەمی خـۆی بـێ دوو دڵـی خاتونـی ئاڵتونیـان هەبـووە .

لەکاتێکـدا کـە تـۆ وەکـو گۆرانیبێـژ دەرکەوتیـت بـۆ بـواری نواندنیشـت هەڵبژارد،دەتەوێـت لـەو ڕێیـەوە چـی پەیـا مێـک بگەیەنیـت؟

بەڵـێ ڕاسـتە مـن هونەرمەنـدم و گۆرانـی ئەڵێـم، بـەڵام مرۆڤـی سـەرکەوتوو هەمیشـە ئەبێـت تموحـی زیاتـر بێـت ئەمەوێـت وێنەیەکـی تـری جوانـی کۆمەڵـگا پیشـانی هـەر تاکێـک بـدەم کـە ئافرەتـان هەرگیـز کـۆڵ نـادەن و بەردەوامـن.

هۆکارچیـە کەبینـەر لەدرمـای کـوردی تـۆزراوە؟

یەکێـک لـە هـۆکارەکان نووسـینی سـیناریۆیەکی لاوازە وە ئەکتـەری زۆر باشـمان هەیـە کـە ونـن زۆرێـک لـە ئەکتـەرە نوێیـەکان زۆر بەتوانـن، بـەڵام زۆر جـار ڕۆڵێـک بـە کەسـێک ئەدرێـت کـە زۆر بەهێـزە ئـەو کەسـە ناتوانێـت بەتـەواوی پەیامەکـە بگەیەنێـت .

هونـەر چـی پـێ بەخشـیوێت و چـی لـێ سـەندوویت؟

زۆر شـتی جوانـی پـێ بەخشـیوم زۆر شـتی جوانیشـی لـێ سـەندووم، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە مـن خۆشەویسـتی کەسـانێکم بـە دەسـتهێناوە.

وەکوئەکتەرێـک چـی دەربـارەی فیلمـی دۆبلاژکـراو دەڵێـی، کـە لەکەناڵەکانـدا پەخشـدەکرێت؟

بـاوەڕم بەهەندێـک فیلـم هەیـە کـە پەخـش ئەکرێـت هەمـووی پڕیەتـی لـە ئامـۆژگاری بـۆ کۆمەڵگاکەمـان، بـەڵام ئێمـە بـە هەڵـە وەریئەگریـن لـە هەمانکاتـدا فیلمیشـمان هەیـە زەرەرمەنـد دەبیـن لێی،بـەڵام بـە هـەردوو لایەنەکـەوە پێویسـتە ئەویـش هەبێـت، بـەڵام بـەو ڕێـژە زۆرە نـا کـە شـوێنی درامـا کوردیـەکان بگرێتـەوە .

وەکـو هونەرمەندێکـی ئافـرەت ئـەو لەمپەرانـە چیـن کەدێنـە سـەر ڕێـت؟

هەمـوو خانمێـک لـە هونـەر چەندیـن هـۆکاری جـۆر بـە جـۆر هەیـە کـە ئەبێتـە سـەختی بـۆی ،بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە بـە ئازایانـە بـە بەهێـزی بەسـەر یـەک بـە یەکـی ئـەم سـەختییانەدا سـەر بکەوێـت سـوپاس بـۆ یەزدانـی مـەزن مـن هەتـا ئـەم کاتـەی خـۆم سـەختییەکانم تێپەڕاندووە بـۆ لەمـەو بـەدواش بـە هەمـان شـێوە ئەبـم.

هەتاکەی ئامادەی کاری هونەری بکەیت؟

هەتـا ئەوکاتـەی کـە بـە ڕۆحـم گۆرانـی ئەچـڕم و بـە هێـزم نوانـدن ئەکـەم.

دوا پڕۆژەت چیەوخەون بەچیەوە دەبینیت؟

پـڕۆژەی مـن لـە ئێسـتادا کورتـە فیلمێکـە لـە نووسـینی کاك (ئاکـۆ ڕەش) و دەرهێنانـی مامۆسـتا (هـاوڕێ قـادر ڕەشـید) ە و فیلمێکـی سـینەمایی لـە نووسـینی کاك (ئاکـۆ ڕەش) و دەرهێنانـی (ئاسـۆ جەمـال موختار)ە.ئەمانەوچەندیـن کاری دیکـە، خوایـار بێـت لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا ، ئەگـەر تەمـەن ڕێگابـات خەونەکانـم یـەک بـە یەکیـان دێنـە دی ، بـەڵام خـەون نەشـوترێت ، باشـترو جوانـترە ، سـوپاس بـۆ خـوای گـەورە، چەندیـن خـەون و ئاواتیشـم بەدیهاتـووە.



سلێمانی .. کورتە فیلمی بڕیاری هەڵە بەرهەمدێت

ئاکۆ ڕەش: ئەوەی جێی داخە پاڵپشتی ناکرێین و سپۆنسەر نییە بۆ کارەکانمان ئەگەر سپۆنسەر هەبێت بۆ کارە هونەرییەکانمان، سینەماو درامای کورد زۆر دەچێتە پێشەوە

خەبات: بەرهەم شێخ عزەدین

ئەکتەر و نووسەری درامایی (ئاکۆ ڕەش) دەربارەی دواپین کاری خۆی کە کورتە فیلمێکە بەناونیشانی (بڕیاری هەڵە) بۆ خەبات گوتی: کورتە فیلمی بڕیاری هەڵە، باس لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە لە زۆرینەیاندا کچان دەبنەقوربانی بەدەستی کەسوکاری خۆیانەوە.

دەشڵێت: کورتە فیلمەکە لە نووسین و سیناریۆی (ئاکۆ ڕەش) و دەرهێنانی (هاوڕێ قادر ڕەشید)ـە، پشتیوان بەخوا هەموو کارەکان ئامادەیەو ئامادەیەو ئەگەر سپۆنسەرمان هەبێت دوو ڕۆژ تۆماری ئەکەین، بەڕێوەبەرایەتی تۆندوتیژی دژ بە ژنان یەکێکە لە سپۆنسەرەکانمان.

ئەو ئەکتەرە زیاتر گوتیشی: جگە لەم کارە، دوو فیلمی سینەماییم ئامادەیە بۆ تۆمارکردنبەناونیشانی Tina Tiamo....٤٠٦ .i. L ، هەوەهاش درامایەکم لە ئامادەکاریدایە بە ناونیشانی (چەتەکان)، دوو کورتە فیلمی دیکەشم لەم چەند ڕۆژە تۆمار دەکرێت، بەناوی(ئازارەکانی من)، کە ئەم دووانە بۆ فیستیڤاڵە.

ئاکۆ ڕەش لەدووایین قسەکانیدا گوتی: ئێمەی هونەرمەندان دەتوانین خزمەتی زیاتر بکەین، بەڵام ئەوەی جێی داخە پاڵپشتی ناکرێین و سپۆنسەر نییە بۆ کارەکانمان، ئەگەر پشتیوانی و سپۆنسەر هەبێت بۆ کارە هونەرییەکانمان سینەماو درامای کورد زۆر دەچێتە پێشەوە.

